ئامادەكردنی: كارزان خدر

# دیداری نووسەران

ئامادەكردنی: كارزان خدر

خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی
چوارچرا

زنجیرە
(٥٣١)

ناونیشان: سلێمانی سەرەتای شەقامی
مەولەوی- فەرعی سەعید تەها کۆیی
07701575067-07501128388

Emil: chrachra85@yahoo.com
http://www.facebook.com/chwarchra.chapxanai?ref=tn_tnmn

# دیداری نووسەران

ئامادەکردنی: کارزان خدر

چاپی یەکەم: ٢٠١٨

**ناسنامەی کتێب**

ناوی کتێب: دیداری نووسەران

ئامادەکردنی: کارزان خدر

دیزاینی ناوەوە: کارزان خدر

بابەت: چاوپێکەوتن

نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم

شوێنی چاپ: چوارچرا

ساڵی چاپ: ٢٠١٨

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان، ژمارە سپاردنی (        ) ساڵی ٢٠١٨ی پێ دراوە.

# پێڕست

پێشەکی........................................................................٧
سیامەند شاسواری......................................٩
حەمەکەریم عارف............................................٤٣
عەبدوڵڵا حەسەن زادە.....................................٧٣
لەتیف هەڵمەت.........................................٨٣
جەوهەر مەحموود داراغا..................................١٠٥
حەمەی مەلاکەریم.............................................١٢١

## پێشەکی

دونیای ئەدەب، دونیایەکی تەواو جیاوازە. وەك باخچەیەك وایە، پڕ بێ لە میوەی جیاواز و دەست بۆ هەر کامێکیان ببەی، تام و بۆنی تایبەت بە خۆی دەدات. هەر یەکە و لەززەتی خۆی هەیە. ناودارانی ئەدەبیش، وەك ئەو میوانە وان. هەر یەکەیان دونیایەکی تەواو جیاوازیان هەیە. بەڵام هەموویان لە یەك خاڵدا یەکدەگرنەوە، ئەویش خزمەتکردنە بە ئەدەب. ئەوانەی دەچنە ناو ئەدەبیاتەوە، هەست بە ئاسوودەیی دەکەن تێیدا و خۆیان وەك پاڵەوانی چیرۆکەکان دێتە پێشچاو. منیش وەك ئەویندارانی ئەدەب، هەستێکی چکۆلە لە خۆمدا دەبینم و وا هەست دەکەم بە بۆنەکەشی ئاسوودە دەبم. هەر بۆیە لە هەر شوێنێك بۆنی ئەدیبێکم کردبێ، ئەگەر بە چنگەخشکێش بووبێ، خۆم گەیاندۆتێ و شتێکم لێ پچڕیوە. جا ئەوەی کە بۆخۆم لێم پچڕیون، حەزیشم کرد خەڵکی دیکەش لێی سوودمەند بێ و قازانجێکیش بەوان بگات. ئەگەر واش نەبێ، هیوادارم حەزێکی ئەدەبی بۆ خوێنەر دروست بکات و بیخاتە ناو دونیای ئەدەبەوە.

بۆ ئەم مەبەستە ٦ کەسیاتیم دواندووە، کە پێم وایە هەر یەکە و تاموبۆنی خۆی دەدات. هەرچەندە لەوانەیە هەندێ پرسیار هاوبەش بن لە نێوانیاندا کە لێم کردوون، بەڵام ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ نزیکیی بوارەکەیان. بۆیە ئەگەر

پرسیارێك لە نێویاندا هاوبەش بوو، ئەوا ویستوومە ڕای ئەوان وەرگرم و زانیومە کە ڕایان جیاواز دەبێ. هەندێك لەو دیدارانە سەرەتا چاوپێکەوتن بوون، کە لەگەڵ هاوڕێی نووسەرم" زامدار ئەحمەد" سەردانمان کردوون و دواتر بە پرسیار بۆم ناردوون و وڵامیان داومەتەوە. هەندێکیشیان لە گۆڤار و ڕۆژنامە بڵاوبوونەتەوە و هەندێکیش لە هیچ جێگەیەك. حەزم کرد ئەوەش بڵێم: دەسکاریی ڕێنووسی هیچ یەکێکیانم نەکردووە و وەك خۆیان دامناوەتەوە و تەنانەت پیتێکیشم لە هیچیان نەبڕیوە. تەنیا ژیاننامەی "سیامەند شاسواریی نەبێ. کە زۆر بوو و پرسم پێ کردووە و پوختەم کردۆتەوە ئەوجار دامناوە.


لە کۆتاییدا دەڵێم: لە هەر کەموکوڕییەك بمبوورن و هەر ڕەخنە و پێشنیارێکتان هەبوو، ملم کەچە.

پاییزی ٢٠١٧

ك.خ

**سیامەند شاسواری:**

**ژیـان کـورت نییـە و کـورتیش ناکرێتـەوە، مـرۆڤ چاولەبـەر و هەزار ساڵیش بژی هێشتا پێی کەمە.**



**بە ناوی خوای بەتەنێ**

**زۆر جـــار زۆر خـــوێنەر هەیە پرســـیاری لەلا گەڵاڵە دەبـــن. هەنــدێکیان وڵامەکانیــان وەردەگــرن و هەنــدێکیش هەر بە پرسـیاری دەمێنـنەوە لەکنیـان. بە تـایبەت ئەو خـوێنەرانە کە عاشـقی کتێبێـک دەبـن یـاخوود عاشـقی نووسـەرێک دەبـن. هەشمانە عاشقی وەرگێڕێک دەبێ. جا ئەو کەسـە هەوڵ دەدا، هەرچۆنێـک بـێ لەو حەزەی خـۆی نزیـک بێـتەوە، کە بـۆ ئەو**

**شتانەی هەیە. منیش وەك یەكێك لە عاشقانی خوێندنـدەوە و نووسین، هەوڵم داوە ئەو پرسیارانەی كە لەكن خۆشـم پەیـدا بوون وڵامەكانیان وەرگرم. بۆیە بۆ ئەم مەبەستە وتـووێژێكم لەگەڵ نووسـەر و وەرگێـڕ سـیامەند شاسـواری سـازكردووە. هەندی پرسیار لەسەر وەرگێڕن و لەسەر ئەزموونی وەرگێـڕان. چ جۆرە وەرگێڕانێك باشە و چ جۆرە وەرگێڕانێك سـەركەوتووە؟ ئەوانە و چەند پرسیارێكی دیكە لەم وتووێژەدا بخوێننەوە.**

- **ژیانی خۆت بە كورتی و چەند بەرهەمت چاپ كردووە؟**
- ژیان كـورت نییـە و كـورتیش ناكرێتـەوە، مرۆڤ چاولەبـەر و هەزار ساڵیش بژی هێشتا پێی كەمە و... جاری وا هـەبووە شـەو و ڕۆژێك ساڵێكی پێچـووە و كـاژێرێكم بـە حـەوت سـاڵان تێپەڕانـدووە؛ ئەوانـەی ژیانیـان لا كورتە فەرامۆشكارن ئەگینا تەمەن ئەوەندە درێـژە كە پێت وایە وەرجاوەندە و كۆتایی نییە و تا ئەو ساتەی دوا هەناسـە هەڵئەكێشی هەر پلانی بۆ دائەنێیت ، هەرچەنـد ئەوەشـیان وتـوە و تۆش ئەیزانی ئەوسا كە خەریكی پلان دانـانی بـۆ ژیانـت، ژیـان لـە بەستەری بە كەند ولەنـدیدا ڕێ ئـەكا و ژیـان ئەوەیـە... بـەڵام وەك ژیاننامە ئەتوانم بڵێم:
- سیامەند مامیر شاسواری (١٩٥٧/٠١/٠٥) كوڕی میرزا سـمایل و حەیبە خانم لە شاری سەقزی كوردستان لـە بنەماڵەیـەكی ڕۆشـنبیر و تێكۆشـەر لەدایك بووە.

١٩٨٠بەرپرسـی چـاپكردنی گۆڤـاری (كـۆمەڵە)ی ئۆرگـانی كـۆمەڵەی ڕەنجدەرانی كوردستان و یەكێك لە نووسەرانی گۆڤارەكە دەبێت.

٢٠٠٩ سێ ڕۆمانی فارسی لە بەرهەمی بوزورگی عەلەوی، شکوهی میرزادەگی و مەنسووری هومافەڕ، سێ نووسەری ئێرانی وەکوو تەواوکەری یەکدی بە ناوی ((سیانەی جەگەن)) بڵاودەکاتەوە.

٢٠١٢ وەرگێڕانی ڕۆمانی ١٠ بەرگیی کەلیدەر لەگەڵ فەرهەنگۆکێکی تایبەت لە لایەن دەزگای چاپ و پەخشی سەردەمەوە بە ١١پەرتووک چاپ و بڵاودەکرێتەوە.

٢٠١٢ دوو پەرتووکی شاعیر شێرکۆ بێکەس بە ناوی ئێستا کچێك نیشتمانمە و ڕەنگدان، لەسەر داوای خودی شاعیر دەکاتە فارسی و لە لایەن دەزگای چاپ و پەخشی سەردەمەوە چاپ و بڵاودەکرێتەوە.

٢٠١٣ سێ پەرتووکی تری شاعیر شێرکۆ بێکەس بە ناوی ئەسپێك لە پەڕەی گوڵالە و کورسی و ملوانکە دەکات بە فارسی، کە دوانیان لە لایەن دەزگای چاپ و پەخشی سەردەمەوە چاپ و بڵاودەکرێنەوە و سێیەمیش ناوەندی گەلاوێژ دەیگرێتە ئەستۆ.

٢٠١٤ ڕۆمانی سوور و ڕەش نووسینی ستانداڵ لە ئینگلیزییەوە دەکات بە کوردی و لەلایەن ناوەندی ڕۆشنبیریی ئەندێشە چاپ و بڵاودەکرێتەوە.

٢٠١٤ دەستدەکات بە وەرگیڕانی گەورەترین ڕۆمانی جیهان بە ناوی" گەڕان بۆ کاتی لەدەستچوو" نووسینی مارسێل پرووست؛ تا مانگی دەی ٢٠١٤ بەرگی یەکەم و دووەم تەواو دەکات بە ناوی ڕێگەی بەرەو سوان ٧٢٩لاپەڕە و لە سێبەری کچانی نەورەسدا ٨٨٣ لاپەڕە و ئێستا خەریکی وەرگیڕانی بەرگی سێیەمە.

- **یەکەم کتێب چی بوو کە خوێندتەوە؟**
- لە بیرم نییە، چونکە زۆر لە منالّییەوە خوێندنەوە لە مالّی ئێمە باو بوو. بەلاّم لە بەر ئەوەی بۆمان هەبوو فارسی بخوێنینەوە، ئەبێ بلّێم کە یەکەم پەرتووك کە بە ڕاستی لام گرنگ بوو و زۆر کاری کردە سەرم و هەرگیز لەبیرم ناچێتەوە و هەندێ شوێنیم چەندین جار خوێندۆتەوە (پخمە) یان (گێلەپیاو)ی عەزیز نەسین بوو کە پێنجی سەرەتایی خوێندمەوە و بە قەد چەند گەز بالاّم پێکرد. بەلاّم ئەوەی لەو گرنگتر بوو، کوردی خوێندنەوە بوو کە لە مالّەوە نەئەلوا!

لە شارەکەی یادگاری دیاکۆی مادی، لە سەقزی جاقلی سەنگەری ئەفسەرانی هیوا و شێرە پیاوانی فەیزلاّبەگی، لە سەر پلیکانەکانی نێوان بازاڕی خوارەوە و بازاڕی تاژەوانچی، تۆزێ لە سەروو چەمی سەرگیراوی ولّیخانەوە، لە تەنشیت گەرماوەکەی حاجی شازدەخانم کە پاشان کرا بە زۆرخانە، دووکانێکی بچکۆلانەی باریك و درێژ هەبوو کە وەکوو کوولەکەی خەسرەوخانی سەرشیو وابوو، هەزاران پەرتووك هەر بە پانی لە سەر یەك هەلّچنرابوون و مەلا ڕەشی خاوەنی پەرتووکەکان بە ئاستەم لە ناو پرتووکەکاندا خۆیای ئەکرد. باوکم واتە میرزا سمایلی بەقالّباشی، لە مەیدانی گەنم لە کاروانسەرای سەیفلّلاخان لە چواری بەیانییەوە تا هەشت و نۆ بە قەپانە گەورەکان باری ئەکێشا و لەو قەرەبالّخیەدا کە هاواری ئەکرد: "حەوت پووت و نۆ سییە" یان "هەشت پووت و سێ سییە" ئەو گۆڕەپانە دەنگی ئەدایەوە! کەم کەس هەبوو لەناو بازار باوکم نەناسێ، چ جایە مەلا ڕەشی کە پەرتووکی "قاچاخ" و "رادیۆی نەوەدی" لە لا بوو!

بەوەم زانیبوو!

ڕادیۆی نەوەد بە من نەئەفرۆشرا و ئەش ئەکرڕدرا. جا رادیۆی نەوەد خۆی چی بوو؟ لە بەر سینەمای ناوبازاڕ لە ئاپۆرەکەی بەر سینەماوە کە خەڵکی شۆڕ ئەبوونەوە بۆ ناو بازاڕ، کاکە حەمەی قەنەف رادیۆیەکی بچکۆلانەی گرتبوو بە دەستیەوە، تا لای شانی هەڵهێنابوو و لە بەردەم کۆمەڵێك رادیۆ کە دانرابوو و لە ناو قەرەباڵخیەکەدا ئەهات و ئەچوو و بە دەنگی بەرز ئەیوت: " نەوەد، نەوەد، نەوەد، نەوەد، نەوەد..." و خەڵکیش بە بێ ئەوەی بپرسن ئەو رادیۆیە باشە، خراپە، مارکەکەی چییە؟ گرانە، هەرزانە؟ ئەیانکڕی. بۆ؟ لەبەر ئەوەی لەو سەردەمەدا ژنراڵ تەیمووری بەختیار کە سەرەتا ساواکی دامەزراند بۆ شا و پاشان شا لێی ترسا و ناچار بوو هەڵێ بۆ عیراق، رادیۆیەکی دانابوو لە سەر شەپۆلی کورتی نەوەد میتر کە بەیانی تا ئێوارە جنێوی بە بنەماڵەی ڕەزا قەزاق ئەدا. رادیۆکانی ئێران هەر هەمووی تا شەپۆلی ٤٩ یان ٦٠ مەتری هەبوو و، رادیۆی نەوەد بە قاچاخی لە عیراقە ئەهات؛ کە خەڵکی داخ لە دڵی کورد گوێیان لێ ئەگرت و هەناویان فێنك ئەبوویەوە.

بەڵێ، چووم بۆ لای مەلا ڕەشی و داوای پەرتووکی کوردیم لێکرد. کۆمەڵێك پەرتووکی بۆ هێنام هەر هەمووی بۆ حوجرە و فەقی ئەشیا. وتم مامۆستا لەمانە نا. پەرتووکی شیعر و چیرۆکم ئەوێ. چەند دانەیەکی پیشام دام چیم ئەکرد ناوەکانیشم بۆ ساخ نەئەبوویەوە. خۆیشم کەوتمە گەڕان و چەند دانەیەکم هێنا و نازانم چۆن بوو یەکیانم هەڵبژارد و وتم ئەمەم ئەوێ. مەلا ڕەشی کە پیاوێکی رووخۆش و قسەخۆشیش بوو دای لە قاقای پێکەنین و وتی: "کوڕەکەی سمایل ئەتەوێ شار بەدەرم بکەی؟! جا خۆ ئەگەر

سمایل بزانێ منیش وەکوو کوڕەکەی قالآو لە شار دەر ئەکا؟" کە ئەوەش خۆی چیرۆکێکە.

ئەو پەرتووکەی هەڵم بژاردبوو دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی بوو! بۆ و چۆن نازانم! مەلا ڕەشی چی کرد و کۆشا وتم هەر ئەمەم ئەوێ و نایشی دەمەوە.

بۆ ئەوەی کەس نەزانێ ئەو پەرتووکەم کڕیوە حەفتەی پێنج قەرانم ئەدا بە مەلا رەشی تا پارەکەی تەواو بوو. خۆم و بە تاقی تەنها و بە سەدان کاژێر بە شیعرەکانی شیخ رەزا خۆم فێری کوردی خوێندنەوە کرد. کە بووم بە پۆلی حەوت وەها ناوبانگم دەرکردبوو و بە شەو گەنجانی پۆلی یانزە و دوانزە لە گۆڕەپانەکەی کەریم ئاوا، سەرووی ماڵی حاجی فەیزڵڵای دارایی، بیست و سی لێم کۆ ئەبوونەوە و منیش شیعری شێخ ڕەزام لەبەر بۆ ئەخوێندنەوە. ئینجا چۆنیشم ئەخوێندەوە، (مورڕشیدێك) بووم بۆ خۆم! مورڕشید لە قاوەخانەی عەلی پاشایی شەوانی رەمەزان چیرۆکی ئەوت و ئەیوت: "کە گوزی حەوسەد مەنی کێشا بە تەوقی سەریدا کلاوخوود و خوود و نیو خوود هەتا ئەژنۆ یانزە میتر لە عەرز چەقی!"

جا وەرە دروستی بکە. گورزی حەوسەد مەنی ئەکاتە دوو هەزار و سەد کیلۆ و کابراش تا ئەژنۆی یانزە مەترە! ئەو شیعرانەش من ئەمخوێندەوە کە هێشتا ڕێسا و ڕێنووسی کوردییەکە فێر نەببووم لەگەڵ هینەکەی مورڕشید زۆر لێك دوور نەبوون، بەلام هەر نەبێ ئەوەی من ئەمزانی ئەوaنیتر بە هەموویان دوو دێڕیان نەئەزانی.

- **لە کەیەوە هەستت کرد، کە دەبێ بنووسی یان تەرجەمە بکەی؟**
- خاڵۆی من بە ناوی حەمەساڵەی فەریوەر لە ڕۆژنامەنووس و فەرهەنگییە بە توانا دیارەکانی شاری سەقز و ڕەنگە یەکەمیش بوو، هاوڕێی (محمد مسعود) سەرنووسەری (مرد امروز) و لە ڕۆژنامە نووسە گەورەکانی ئێران بوو، کە وەك دایکم یادی بەخێر ئەگێڕایەوە، لە بەر ئەوەی نەیان وێرا بە ئاشکرا بیکوژن، دەرمانخواردیان کرد و لەناویان برد. کە هەمیشە دادەم و من و کۆچەری برامی دائەنا و لەکاتێکدا ئامۆژگاریی ئەکردین بە (یا ڕەب پایز تۆ بەخێر بێی چونکە ئەمڕۆ باومە)ی مامۆستا قانع بە سۆزێکی یەکجار بەسۆوە ئەوت و خاڵۆمی ئەلاواندەوە. دایکم لە کچانی دیموکراتی سەردەمی پێشەوا بوو و بەردەوام بە من و کۆچەری برامی ئەوت ئەبێ جێگەی خاڵۆتان بگرنەوە. ئەیوت کاتێك کە (سیفەڵلا خانی سەیفەدین خانی موزەفەروسەڵتەنە) کە فەرمانداری سەقز بوو، کاری بە خاڵۆتان هەبوایە ئەبوا ئەو بچێ بۆ لای خاڵۆتان، نەك خاڵۆ بچێ بۆ لای ئەو. من و مامۆستا کۆچەری برام هەموو ساڵ بە یەکەم دەرئەچووین و ناو و وێنەمان لە ڕۆژنامە چاپ ئەکرا، لە بیرمە کاتێك لە شەشی سەرتایی بە یەکەم دەرچووم لە جیاتی ئەوەی وەك منالی تر پاسکیل و لەو شتانەم بۆ بکڕن، **تایپ ڕایتەری براڕدەریان** بۆ کڕیم کە یەکەم ماڵ بوو لە سەقزدا هەیان بێ بە گەورە و منالیانەوە! ژووری گەورەی ماڵمان لایەکی پەرتووکخانە بوو و دۆلابێکیش لە دیوارەکەدا بوو کە پەرتووکی تایبەتی تێدا بوو و دەرگاکەی قفڵ کرابوو و بۆمان نەبوو دەستیان بۆ ببەین. فارسی خوێندنەوە لە ماڵمان باو بوو و چی پەرتووکی تازە بهاتایەت لە

پەرتووکفرۆشی محەمەدییەوە ئەنێردرا بۆ ماڵی ئێمە. ئەوەی شیاوی خوێندنەوە بوایەت ئەخوێنرایەوە و ئەوەی بۆ راگرتن بشیایەت رائەگیرا و ئەویتری ئەنێردرایەوە بۆ پەرتووکفرۆشی. ئەو پەرتووکانەی ناو جامخانەکە کوردی بوون و بە پێچەوانەی دایکم، باوکم حەزی نەئەکرد بە گەنجی بکەوینە ناو سیاسەتەوە. هەڵبەت ئەوە نەبوو باوکم بترسێ، چونکە خۆی پێشمەرگەی سەردەمی پێشەوا بوو، بەڵام ئەو ئەیوت کورد پێویستی بە حەماڵ نییە کورد لێزان و شارازەو سەرکردەی ئەوێ، کەسانێکی ئەوێ بکەونە پێشەوە و رێگای سەرکەوتن بزانن.. ئەگەر راست ئەکەن سەرەتا ببن بە شت، پاشان بێن و سەرکرادیەتی نەتەوەکەمان بکەن. ئەگەر بێت و لە ئێستەوە دەستپێبکەن ئەگیرن و لە خوێندن و فێربوون بێبەش ئەبن و ئەبن بەو هیچ نەزانەی بەکاری کورد نایەت! ئەو پەرتووکە کوردییانە و ئەو یادەوەرییانەی دایکم لە مەهاباد و پێشەوا و کۆماری ئەگێڕایەوە کەڵکەڵەی ئەوەی تێدا ورووژاندبووم کوردی خوێندنەوە لە هەموو شتێك بە گرنگتر بزانم هەوڵ بدەم کوردی فێر ببم!

باوکم لەو کوردانە بوو، پێیان وابوو پان ئێرانیستەکان واتە فاشیستە ئێرانییەکان هۆکارێکی باشن سوودیان لێوەربگیرێ بۆ بڵاوکردنەوەی شیعر و وێژە و تەنانەت کوردایەتیش. حێزبی پان ئێرانیست، حیزبی مەزنخوازی ئێرانییە و بڕوای بە ئێرانی مادی هەیە، بۆیە باوکم وەکوو ئەندامی حیزبی پان ئێرانیست و نوێنەری گۆڤاری (خووشە) و رۆژنامەی (خاك و خوون) بوو لە شاری سەقز کە زۆر لە شاعیر و نووسەرە کوردەکان وەکوو سوارە و چاوە و ئەمانە شیعر و بابەتی کوردییان تێدا بڵاو ئەکردەوە و تەنانەت پەیڕەو و

پڕۆگرامی پارتی دیموکراتی کوردستانیان بڵاو کردبوویەوە کە سەرەڕای هەموو کەموکوڕییەکانی بۆ ئەو کوردەی هەموو شتی لێ قەدەغە کرابوو وەکوو زانکۆیەك وابوو. ئەمانە و سەدان هۆکاری تری لەمبابەتە وای لێکردبووم نەك هەر بڕوام بە کوردایەتی هەبوو پێم وابێ زیاد لە پێویست بڕوام بە خۆم کردبوو و هەمیشە خۆم بە نووسەر و بە خاوەنی ئەرکێك ئەزانی کە بەشی گەورەی لە ڕێگەی نووسین و ویێژەوە ئەنجام ئەدرێ. پۆلی هەشت بووم شیعرم لە رادیۆ مەهاباد و کرماشانەوە ئەخوێنرایەوە و هەمان ساڵیش مرۆڤێکی خێرخوا کە بە نهێنی لە رادیۆوە هاتبوو، لەگەڵ باوکم هاتنەوە بۆ ماڵەوە و کابرا تێیگەیاندم ئەو چەند شیعرەی یەکەم قەیناکا چونکە وەك شیعری دڵداری بوون، بەڵام ئەگەر لەم شیعرانەی ئێستە (واتە شیعری کوردایەتی) بنێرم دەسبەجێ ئەگیرێم و نابێ ئیتر لەو شیعرانە بنێرم! کورتیەکەی، ئەگەر نووسینەکەم دارێژان و سمیناری پۆلی فێرگە بووبێ، یان نووسین بۆ خەڵکێکی زۆر وەتەی خۆم ئەناسم خۆم بە نووسەر و خاوەن راسپاردە زانیوە.

- **چەند زمان دەزانی؟**
- کوردی باشم، فارسی خراپ نیم، نورویژی، سەرەتای

نەوەدەکان سێ ساڵ لە زانکۆ زانست کامپیوترەم خوێند بە نورویژی، ٢٠٠٧ دیپلۆمی مایکرۆسافتم وەرگرت بە نورویژی خوێندم، ساڵی ٢٠٠٨ دزاین و نەخشەکێشی ئوتوکادم تەواوکرد کە ٣٣ نامیلکەیە هەر بە نورویژی خوێندوومە. ئینگلیسی ئەزانم و هەر لە منالییەوە، ئەو پێنج ساڵەش لە کانادا بووم ئەدەبیاتی ئینگلیسی و

هونەری وەرگێڕانم بە ئینگلیسی خوێند. عەرەبی ئەزانم، ژنەکەم مەغربییە و ٢٥ ساڵە هاتوچۆی ئەو وڵاتە ئەکەم، ماڵێك و بنەیەکی ژیانمان لە کازابلانکایە.

- **لە چەند زمانەوە تەرجەمە دەکەی؟**
- لە ئینگلیسی و فارسییەوە.
- **جگە لە کوردی بە چ زمانێکی دیکە دەنووسی؟**
- بە ئینگلیسی هەندێ وتارم بڵاو کردۆتەوە، بە نورویژی و فارسیش هەمە.
- **چۆن بوو بڕیارت دا کەلیدەر تەرجەمە بکەی؟**
- نەبێ بە خۆهەڵکێشان وەتەی هەم پێشمەرگە بووم. بڕوانە (ئیسیکلۆپیدیای یەکێتی نیشتمانی کوردستان و هەروەها پێشەکی **کۆمەڵە** کە ناوەندی ستراتژیکی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بڵاوی کردۆتەوە). وەتەی هەم یەك بڕوام هەبووە و لە پەروەردەی دایکمەوە پێم گەیشتووە کە کوردستانم بە یەکپارچە زانیوە و هەموو کوردێك لە هەر کوێی ئەم جیهانە بووبێت لە خۆم بە ئازیزترزانیوە، کەلیدەر داستانی پارچەیەکی جگەری ونجڕکراوی کوردستان بوو، جگەرگۆشەیەکی تەرەکراوی سەدەکان بوو، سەدان ساڵ دوور بوون لە خاك و لە نیشتمان نەتوانیوە بیان توێنێتەوە و ئاسیمیلەیان بکات، خووی نەگۆڕاوە و هێشتاش یاخییە و دادگەرە و دژی ستەم و بێدادە و لەوە ناپرنگێتەوە دڵی پڕ لە عەشقی کوردانەی بکا بە قەڵغانی داد و داکۆکی لە مافی خۆی. کەلیدەر لەو ئارەزووانە بوو کە بە (خۆزگە یەکێك بیکا بە کوردی) نەئەهاتە دی، بۆیە هەمانساڵی بڵاوبوونەوەی دەستم دایە و لە ١٩٩٣ بەرگی یەکەمم تەواو کرد بەڵام ڕۆیشتنم بۆ کانادا پەکی خست و وەرگێڕانەکەش

فەوتا. بەڵام ئەو خولیایە هەر لە سەرمدا بوو، هەتا جارێکی تر و لە دوای ١١ ساڵ دەستم پێکردەوە و تا تەواوکردن لێی نەوەستام.

- **کەلیدەر یەکێکە لە شاکارەکانی مەحموودی دەوڵەت ئابادی، لە نزیکەوە بە خزمەتی گەیشتووی؟ ئەگەر نا بۆچی؟**

- نەخێر، من دەوڵەت ئابادیم نەبینیوە. ئەو لە ئێرانە و من سەردەمی شا لە زیندان بووم و پاش هەڵاتنی ئەویش پێشمەرگە بووم لە شاخ و لە هەندەران و رێگەی ئێرانم نەبووە؛ کە مەبەستم ئەوەیە من (لەگەڵ هاورێیانی رێکخراوی کوردستانی ئازاد) وەك بڕیارمان داوە هەرگیز نەچینە بن دەسەڵاتی هیچ داگیرکەرێك و لەو کەوشەنەدا نەژین کە داگیر خۆیان سەپاندووە، یەك دوو جارێکیش کە دەوڵەت ئابادی هاتووە بۆ ئوروپا من لە کوردستان یان لە ئەمریکا بووم و نەمزانیوە.

- **سەردانی دەوڵەت ئابادت کردووە؟ ئەگەر نا بۆچی؟**

- نەخێر دەوڵەت ئابادیشم نەبینیوە، چونکە رێگەی ئێرانم نەبووە و لە ١٩٧٥ـەوە کە مێرمنداڵێك بووم و هێشتا لە ١٨ ساڵ کەمتر بووم، لە لایەن ساواکەوە گیرام تا شا رووخا، پاشان ٨ مانگان ئەرکێکی زۆر قورسی دانانی بنکەی بووژانەوەی فەرهەنگی کورد و کڕین و هێنانی چاپخانەی ئۆفسێت بۆ شاری سەقز کە گەورەترین چاپخانە بوو هاتبێتە کوردستان، ئەو پەرتووکەی بۆ نووسینی کوردی لە زیندانی شای هەڵاتوو نووسیبووم، لە هەمان ماوەدا چەند دە هەزار دانەمان لێ چاپ کرد و گەیاندمە فێرگەکانی رۆژهەڵات بۆ خوێندنی کوردی، لەو ماوەیەدا خەوی تەواویشم نەبوو چ بگا بە گەشت و گەڕان. کە شارەکان گیرا، بووم بە پێشمەرگەی یەکێتی هەر نۆکان و خڕی ناوزەنگی زەڵێ و جووتیاران و ئالان و سەفرە

زەروون و دۆڵی جافەتی و قەندیل و نازنین و خەتێ و سێڕوان و دۆڵی جافەتی هەتا بومبارانی شیمیایی بادینان لە دۆڵی زێوە کە ناوچەی ئازاد کراو نەما و چووم بۆ ئورووپا.

- **ماوەی چەند بە تەرجەمەی کەلیدەرەوە بووی؟**

- پانزە مانگی رەبەق و بەردەوام خەریکی بووم و لەوە زیاتریش کاتی پیاچوونەوەی برد، ئەمانەش جگە خوشکی ئازیزم شنۆ خان کە لە نورویژ پیاچوویەوە، هاوڕێی خۆشەویستم بەڕێز شاعیری خوشەویستی کورد کاك حەسەنی شافێعی لە کانادا پیاچوویەوە و، هەروەها هاوڕێی بەڕێزی رۆژانی پێشمەرگایەتی کاك حەمە رەشی فاڕووق کە خۆی خەلاتی باشترین وەرگیڕی وەرگرتووە لە لایەن سەردەمە پیاچوویەوە. هاوڕێی دڵسۆزم کاك سەرکەوت فایەقیش ئەرکی تایپ کردنەکەی لە ئەستۆ گرت.

- **ڕای جەنابت سەبارەت بە وەرگێڕانی کتێبێك، کە چەند وەرگێڕێك تەرجەمەیان کردبێ چییە؟**

- ئەگەر بزووتنەوەی وەرگێڕان بەهێز بێ و چەندایەتییەکی زۆر بە چۆنایەتییەکی بالاوە خەریکی کاری وەرگێڕان بن قەیناکا؛

ئەگەر وەرگێڕی دووم هێنەکەی وەرگێڕی یەکەم نەدزێ و بڕێ بیگۆڕێ و بلێ ئەمە وەرگێڕانی دووەمە، قەیناکا؛

ئەگەر رەخنەگران (کە نیمانن) وەرگێڕانێکیان بەدڵ نەبوو و بە تێکڕا یان بە زۆری دەنگ، ڕایان وابوو وەرگێڕانێکی بێ متمانەیە، جا یان وەرگێڕی یەکەم نەشارەزا یان ناڕاستگۆیە، ئەوە قەیناکا...

پەرتووکی مێشەکەرانە کە لەم سالانەدا دەرچووە، من بە ناوی خەرەنگێز لە ١٩٨١دا کردبووم بە کوردی، بەلام لێم بەجێما و پاش سالانێکی زۆر هاوڕێیەکی دڵسۆز بۆی هێنام بۆ ئورووپا، بەلام چاپم

نەکرد، چونکە لەبری ئەوەی بەوەدا بچمەوە کارێکی تر ئەکەم، ئەوە جارێ هەیە با من بەرهەمێکی تر بنێرمە ناو نامەخانەی کوردییەوە. ئەگەر کاتی ئەوەم هەبوو مێشەکەرانە بخوێنمەوە و بەدڵم نەبێ رەنگە منیش بڵاوی بکەمەوە.

- **ئایا دەکرێ بڵێین وەرگێڕان ڕێسای تایبەت با خۆی هە ن؟ ئەگەر) بەڵێ(، ئەو ڕێسایانە چین؟**

- ئەکرێ. ئەکرێ و هەشیەتی. بەڵام وەك هەموو جارێك کە ئەڵێن وەرگێڕان هونەرە؛ ئەبێ ئەوە بزانین ئەگەر کەسێك هونەرەکەی نەبوو، بەهرەکەی نەبوو، چەندەش رێساکانی بزانێ دیسانەوە نابێ بە هونەرمەندی ئەو گۆڕەپانە، ناب بەو هونەرمەندە کە رەنگە لە بواری تردا بتوانێ. یەکێك کە دەنگی خۆش نییە چەندە رێسای مووزیك بزانێ ناب بە گۆرانیبێژ. دیارە هەموو ئەوانەی کە باسی وەرگێڕان ئەکەن چەند خاڵێك وەك رێسا دەسنیشان ئەکەن کە من خۆم لەگەڵ زۆربەیان نیم. ئەڵێن تا ئەتوانن وشەی ناسراو بەکار بهێنن. بەڵام من لام وایە کاتێك کە زمانەکەم مەترسی تواندنەوەی لە سەرە من هەوڵ ئەدەم ئەو وشە کوردییانەی پاڵی پێوە نراوە بۆ دواوە، لە قوژبنی حەشاردراویاندا بهێنمەوە دەرەوە و بیانخەمەوە ناو رستە و نووسینی کوردییەوە. ئەگەر وەرگێڕان بۆ ئەوە نەبێ لەگەڵ هێنانی وێژە و کولتووری دەرەکی بۆ ناو زمانی کوردی کوردییەکەش بە پاقژی بنووسێ ئەوە کەڵکی چییە؟ کاتێك کە وەرئەگێڕم بۆ کوردی ئەبێ پێش هەموو شت ئەوە بزانم کە زمانی کوردی ئەبێ لە لام گرنگ بێ، ئەبێ بزانم زمانی کوردی گرنگە بۆیە ئەو بەرهەمە ئەکەم بە کوردی. ئەبێ بزانم بەر لە هەموو شتێ بەرپرسم بەرامبەر بە زمانی

کوردی.

ئەوتری وشەی بێگانە بەکار نەهێنین کە من پێم وایە لە زۆر جێگادا نەك هەر نابەجێ نییە رەنگە پێویستیشە. دەیان وشەی وەکوو رادیۆ و تلەڤزیۆن و مەکینە و ساتەلایت و... بە ڕاستی پێویست بە وەرگێڕان ناکەن. دەیان وشەی فەلسەفی و ئەفسانەیی و زانستی کە لە سەتا نەودی زمانەکان بە یەك شێوە ئەوترێ و لە ریشەی کۆنی لاتینی و یۆنانییەوە وەرگیراوە بە ڕاستی پێویستیان بە وەرگێڕان نییە، مەگەر ئەوەی ئەو وشانە بۆ خۆیان لە زمانەکەماندا هەبن.

ئەڵێن وشە پێشنیاز مەکە چونکە وشەدانان کاری ئاکادیمیایە، لە سەردەمی بەعس "کۆڕی زانیاری کورد" هەبوو ئێستە لە سایەی فەرمانرەوایی کوردە بە داخەوە وەك نەبوو وایە. چونکە ئەگەر هەیە بۆ تلوێزنەکان بە قسەی ناکەن؟ یان با بڵێن تەنانەت هەموو "یەکێتی نووسەرانی کورد" ماڵپەرێکی نییە کە تەنها بە دە دولار پێك ئەهێنرێ!

لە ۱۱۹۱ەوە با فەرهەنگێگ بڵاو بکرایەتەوە. جگە لەوانەی کە تاکە کەکسی دڵسۆزی کوردپەرەست کردوویانە، کوا فەرهەنگی کۆڕی زانیاری!

سەبارەت بەم پرسیارە ئەوەتا سەدان کۆرس و وتار و پەرتووك و ڤیدیۆ هەیە و ئەمکارە ئەگەر هونەرە، پرۆسەیە؛ رەوتێکە پەیوەندی بە دەیان لایەنی کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆژی و خۆشی و ناخۆشی ژیانەوە هەیە. جار هەیە بە ئاسانی دەست ئەدا و جار خۆی نادا بە دەستەوە، نە لەم تێئەگەی و نە ئەتوانی ئەو بنووسی. ئەبێ بۆ ماوەیەك هەر لەبیری بکەی.

گرنگ ئەوەیە ئەو ئەركە گرنگە، بە ئەرك و، بە گرنگ بزانین. من هەر ئەوەندە ئەڵێم شێواز و مەبەستی نووسەرەكە لەبەر چاو بگرین و هەوڵبدەین لە مەبەستەكەی تێبگەین و ئەوەی ئەینووسین، لەگەڵ ڕەچاوكردنی ئەو لایەنانە، با كوردی بێ.

- **چ كاتێك وەرگێڕ خیانەت لە وەرگێڕاندا دەكات؟**
- ئەوسا كە دەرەقەت نایەت، كەچی پەلپی گرتووە ئیللان و بیللان وەرگێڕە و ئەبێ خۆی لەو بوارەدا بسەپێنێ! چونكە كاری لەوە ئاسانتری پێ شك نایەت. دەست ئەداتە نووسین هەو دەرناچێ. شیعر بلاو ئەكاتەوە بە چەندی ناگرن... ئەڵێ خۆ هەر نەبێ نووسەرەكە ناوێكی هەیە... جا لە بری ئەوەی خۆی پێبگەیەنێ، پێ پەڵكە ئەكا و كۆڵیش نادا؛

ئەوسا كە ڕوانگەی ئایدیۆلۆژیكی خۆی زاڵ ئەكا و وەرگێڕان و بابەتی لا گرنگ نییە بەڵكوو پڕۆپاگەندە بۆ بیروباوەڕی خۆی لە هەموو بابەتی وەرگێڕان و نووسیندا بەكار ئەهێنێ؛

ئەوسا كە بەهرەی وەرگێڕانی نییە و دارتاشە و ئەیەوێ ئاسنگەری بكات. جگە لە شارەزایی تكنیكی و ئاكادمیك بۆ وەرگێڕان، بەهرەمەندی خۆڕسك و سروشتی لەو دیاردە گرنگانەیە كە وەرگێڕان دەوڵەمەند و جوان و بەهێز ئەكا و هەمان بەهرەی سروشی لە بواری كاركردنی فراواندا ئەوەندەی تریش ئەخەملێ و پێش ئەكەوێ.

ئەگەر بە دوخمانیش دانەنرێ، بەڵام بەكارهێنانی زاراوەی ناوچەیی و بەرتەسك كردنەوەی وەرگێڕان لە كەوشەنی زاراوەیەكدا و بە گرنگ نەگرتنی زمانی یەكگرتووی كوردی كارێكی نەباشە و ئەگەر وەرگێڕی بەتواناش بن لە درێژخایەندا زیان لە زمانی یەكگرتوو

ئەدەن.

- **جەنابت چ جۆرە وەرگێڕانێك دەكەی؟ شێوازەكەی؟**
- من لە روانگەی بەرژەوەندی كوردەوە سەیری دنیا ئەكەم.

ئەوەی ئەیكەم ئەبێ قازانجی كوردی تێدا بێ، جا بە هەر شێوە و لە هەر رێگەیەكەوە بێ. ژنەی ئاڵمانی كە نوێنەری دەوڵەت ئابادییە و لیسانسی بڵاوكردنەوەی كەلیدەرم لەو كڕیوە، لێی پرسیم بۆچی (كولۆنێل)ی دەوڵەت ئابادی ناكەی بە كوردی؟ هەر ئەم وەڵامەم دایەوە. وتم چونكە هیچی بۆ كورد تێدا نییە! من پێشتر سێ رۆمانی فارسیم لە سێ نووسەری گەورەی ئێرانی (بزورگی عەلەوی، شكووهـ میرزادە، مەنسوور هومافەڕ) دەربارەی (شا و ساواك و بزووتنەوەی رووناكبیری و راپەڕین و ساواما و ڕژیمی سێدارە) بە ناوی سیانەی جەگەن بڵاو كردۆتەوە، واتە من بەشی خۆم لەو بوارەدا راپەڕاندووە و هەركەس ئەو سێ رۆمانە بخوێنێتەوە مێژووی سیاسی ئێران هەر لە سەرەتای شا و ساواك و ئەشكەنجە هەتا ئەمڕۆ لە قاڵبێكی شیرینی وێژەییدا لە لای خۆی وێنا ئەكا. ئەو بابەتەی لە بەرژەوەندی كوردی ئەزانم، هەوڵ ئەدەم زۆر باش تێی بگەم و زۆر سوورم لە سەر ئەوەی ناوەرۆكی دەقە سەرەكییەكە ون نەكات. (هەژدەی برووم‌ێری لویی بۆناپارت) و (ئیزم و ئیست و جۆری بەكارهێنانی لە زمانی كوردیدا) و (قەیرانی وزە و دابەزینی نرخی پەترۆڵ) یەكیان پەرتووكی سیاسی و دووەمیان رێزمانی و ئەویتریان بابەتی ئابوورییە، بەڵام لام جیاواز نەبوون و كردوومن... (هەرچەند ئەو دووانەی دوایی خۆم نووسیومن و وەرگێڕان نین). زۆر جار هەبووە دەقێكم چەندین رۆژ لەگەڵ ئینگلیزی و نوروێژی و عەرەبی و فارسییەكەی بەراورد كردووە بۆ ئەوەی دڵم سوكنایی بێت

و ئەرخایەن ببم لە واتای مەبەست لام نەداوە.

وەکوو شێواز، هەرچەند بە داخەوە مرۆڤ هەزاران لاپەڕە ئەگەیەنێتە دەستی خوێنەر، کەچی کەس هەڵناسێ تەنها دوو لاپەڕە باسی بکا کە ببێ بە ئامۆژگارییەك بۆ وەرگێڕ. بەڵام من هەست ئەکەم شێوازی خۆم هەیە، شێوازم ئەناسرێتەوە. من خۆم حەزم لە نووسینی پەخشانە و پەخشان نووسم و ئەم لایەنە لە وەرگێڕانەکەشمدا ڕەنگی داوەتەوە.

لە بەکارهێنانی وشەی تازە و وشەی نامۆ ناترسم، حەزم لە وشەی بێگانە نییە ئەگەر ناچار نەبم. زۆرم پێناخۆشە هەتا ئێستەش کەسانێك هەن ئەڵێن (تەرجەمە)! (باکوور) ئەنووسن بەڵام (باشوور)یان پێ کوردی نییە و وشەی جنوب بەکار ئەهێنن! ئەوەتا هەزاران ساڵە شارباژێڕمان هەیە کە شارمان شارە و باژێڕمان شارە و نەك هەر شار بەڵکوو شاری شارانمان هەبووە و هەیە، کەچی ئەوەتا هەتا ئێستا تلەفێزیۆنەکانمان کە بەرپرسی بڵاوکردەوە و تەشەنە پێدانی وشە و وێژەی پیرۆزی کوردین، وشەی (قضاء!) بەکار ئەهێنن.

هەرچەند هەندێ لە شیعرەکانی خەیام لە ناو کەلیدەر پێشتر کراوە بە کوردی و هەیە، بەڵام لە بەر ئەوەی هەموویانم دەست نەکەوت، خۆم هەر هەموویانم کردەوە بە کوردی، بە شیعری مەولاناشەوە:

گۆی منیت و تلت ئەدەم بە زەبری بای گۆچانەکەم
لە دەەت بە ڕاکەڕاکە دێم هەرچەند بۆ خۆم تلت ئەدەم

- **هەندێ جار دەڵێن وەرگێڕان ڕۆح بە بەری کتێبدا دە کات، چی دەڵێی لەو بارەیەوە؟ ئایا پێت وانییە هەندی جاریش وەرگێڕ ڕۆح لە کتێبەکە دەستێنێ؟ دەتوانی بۆ هەردووکی**

## نموونەمان پێ بڵێی؟

- هەرچەند زۆر نموونەم لە لا بوون لەوانەی کە دەقەکەیان مرانـدبوو بەڵام لەم ئێستەی کوێستانی بەرپەرەکانی ملیلە و حوسەیمای مەغریبی سەر زەریای سپی ناوەڕاست دەستم بەو یاداشتانە ناگات. هەر وەها نموونەی جوانیشم زۆر هەڵگرتبوو...

نالێم گیانی کراوە بە بەردا، یان ئەڕوا بەرێدا، بەڵام ئەمە کۆپلەیەکە لە وەرگێڕانی تازەم:

ڕێك شەوی پێشتر داوای لە باوکم و دایکم کردبوو ئەو شەوە بۆ نانی شێوان بمنێرن بۆ ماڵی ئەو. بە منی وتبوو: "وەرە تەنهایی ئەم دۆستە پیرەت بڕەوێنەوە. وەك چەپکە گوڵێك کە گەشتیارێك لە وڵاتێکەوە بۆمان ئەنێرێ کە ئیتر ناگەڕێینەوە بۆی. بالا لە دوورەوە دەستەکانی مێرمنداڵیت، بۆنی گوڵانی ئەو بەهارانەی ساڵەهایە تێمپەڕاندووە، هەڵمژمەوە. بە گوڵی هەمیشە بەهارەوە وەرە و بە گیاشیلاو و گوڵاڵە و بە گوڵی نازنازەوە کە لە پەرتووکەکانی باڵزاكدا نیشانگەری وەرزی خۆشەویستییە. بە گوڵی ڕۆژی زیندووبوونەوە، گوڵە ئەستێرە و بە گوڵە خەزیمۆکەوە وەرە کاتێك کە دوا دەنکە بەفری بەر لە جەژنی ڕابوونەوەی عیسا هێشتا نەتواوەتەوە و، باخچەی ماڵی پوورە گەورە بۆن خۆش ئەکا. بە پەڕەی هەورێشمی شلێرەی بەشکۆوە وەرە کە شیاوی سلێمانە و بە گوڵاڵەگەزیزەی ڕەنگاڵەوە، کە سرووەی هێشتا فێنکی دوا هەناسەی سەهۆڵبەندان لەگەڵ خۆیدا ئەیهێنێ و دەبا یەکەم گوڵەباخی سووری ئورشەلیم بپشکوێ بۆ ئەو دوو پەپوولەی لە ئەمڕۆ بەیانییەوە لە دەریزانی دەرگاکەدا چاوەڕوانن." (گەڕان بۆ کاتی لە دەستچوو، بەرگی یەکەم، لاپەڕەی ٢١١)

- **کاریگەریی وەرگێڕان لەسەر نووسین چییە؟**
- بـە درێژایـی ژیـانی فەرهـەنگیی مـرۆڤ و بـە تایبـەت لـەم سـەردەم و چاخـەدا کـە خـولی گەشـەکردنی بەپەلـەی تکنیکـی پەیوەندییـە، هەمیشـە ئاڵوگۆڕ لـە نێوان ئـەم کەوشـەنە بـە ڕواڵـەت لایەنـدارە فەرهەنگیانـەدا هـەبووە. ئـەم کەوشـەنی دەسـتەندەکارییە هەمان وەرگێڕانی نێوان فەرهەنگەکان بـووە. وەرگێـڕان لـوانی ژیـانی نێوان فەرهەنگەکانە، ڕوانینە بۆ دنیای سـەمەری دەرەوە، وەرگێڕانیـان و کردنیانـە بـە هـی خـۆ، بـەدیهێنانی پەیوەنـدی و تێگەیشـتنی دوولایەنەیـە و لـە هـەمان کاتـدا هـەوڵی بـۆ پاراسـتنی نووسـین و فەرهـەنگی خۆییـە، لـە بەسـتەری کـارکردنی خۆیـدا ئەیخـەملێنێ و پێشی ئەخا.

بەڵام وا باشترە لە کاتێکدا کە ئەمە ئەکەین شتی باشتریش هەیە ئەتوانین بیکەین. من لام وایە بەمبارەیدا کـە مـرۆڤ خـۆی وەرگێـڕێ کـارێکی سـاناترە. واتـە کـەس بـە فێربـوونی زمـانێکی تـر، بـا بڵێـین کوردێـك ئینگلیـزی فێـر ببـێ، گەنجینـەی ملیۆنـەها پـەرتووك و بەرهەمی هونەری حەوتەوانە بە ڕووی خۆیدا ئەکاتـەوە. بـۆ نموونـە من لە مـەغرب ئـەژیم و لێـرە زمـانی فەڕانسـەیی و عـەرەبی زمـانی یەکەمە. ئەماژە بە هەر کەس ئەکەی هـەر لـە منـاڵ و گـەورەی جگـە لە نامەخانەی عەرەبی، خاوەنی ئەو هەمووە شـۆڕش و سووسـیالیزم و فەلسـەفە و وێـژە و فەلەگـەری و پاشـایەتی و کۆمـاری و شـانۆ و شـێوەکاری و بگـرە و بـەردە و هــەڵلا و فەرتەنـەی کۆمەڵگـەی فەڕانسەییە بە هەموو ئەو وەرگێڕانانەی هەزاران ساڵە بـۆ سـەر ئـەم زمانە کراوە و ئەکرێ! ئایە ڕێژەن هەیە لەمە بە پیتتر و دەوڵەمەنـدتر و نـاوازەتر لـەوە هەیـە بـە کـوردێکی ببەخشـن، بـەوەی کـە شـان بـە

شانی زمانی کوردی، **زمانی جیهانی ئەمرۆ کە ئینگلیزییە، بکرێ بە زمانی فەرمی و زمانی یەکەم لە کوردستاندا؟!**

بەڵام وەك ئەزانن ئەو کارە پێویستی بە دەسەڵات و بە تایبەت سەرکردەی لێوەشاوە هەیە کە هەست بەو گرنگی و بەو خاڵی وەرچەخانی مێژووییە بکات. من پێم وایە ئەگەر بە نزا و پاڕانەوە سەرکردەیەکی وەهامان دەستناکەوێ، باشتر وایە، هەر هەموومان باربۆ بکەین و پارەیەك بخەینە سەر و دانەیەك بکڕین!

- **لەو کتێبانەی کە تا ئێستا تەرجەمەت کردوون، پێت وانییە کەلیدەر شاکاری تەرجەمەکانت بێ؟**

- دێر بە دێری ئەوەی وەرمگێڕاوە هەر هەمووی لام ئازیزن، بەڵام ئەگەر بەشێکی بە شاکار دابنرێ ئەوە مایەی شانازیمە و مایەی ئەوەیە بەردەوام بم و کۆڵی لێنەدەم. کەلیدەر دنیایەکی زۆر ئاڵۆز و کەسایەتی زۆر ئاڵۆزی تێدایە کە نواندنەوەی ئەو هەموو دارەتە دەروونی و پەیوەندییە ئاڵۆزانە نەك هەر ئاسان نییە بەڵکوو بە ڕاستی پشوویەکی درێژی ئەوێ و لەبیرم ناچێ بە سەدان جار وتوومە: "بۆ کوێ ئەچی؟ هەر ساخت ئەکەمەوە و هەر تەواوت ئەکەم! تا کەی لێم یاخی ئەبی!" جاریش بوو باران بووە و رەهێڵە بووە و بە خوڕ باریوە و من ئاوم لێ چنراوە ئەو خۆشی نەکردۆتەوە... سەیری ئەم دەقە بکەی لە مەبەستم تێئەگەی:

بەیانی بوو. پاك و ناسك. زەلاڵ و لاوێنەر. سەرەتایەك بوو، نەك بەرەنجام. ڕای ئەکێشای. کێشەرێکی هەبوو. بانگی ئەکردی بۆ کارکردن، ئەگەر توانیبێتت شەکەتی پێشوو بە حەسانەوەیەکی شەوانە لە خۆ دوور بکەیتەوە. ڕۆژی لە بەر پێتدا ڕائەخست. خۆر پیرۆزی تۆ! خۆر پێستی وشکەلاتوو و ڕەقەڵە بەستووی زەوی -کە

سەرمای شەوانەی لە بارستایی خۆیدا هەڵمژیبوو- نەرم ئەکرد تا تۆ بتوانی گاکانت چەڵەمە و بەرتەنگە بکەیت. لە ماڵ بیانبەیتە دەرەوە. بچێتە سەر زەوی و نێر و مێ لە هەوجارِ توند بکەیت و هۆگر بەدەستەوە بگری و پێ لەسەر هێشە، کەڵپەی گاسن لە عەرز بچەقێنێ. خۆر، وشکیی شەوانەی شکاندوە و تۆ ئەتوانی قورسایی خۆت بدەیتە سەر هەوجارِ و گاسنەکەت تا ئاستی مووژەڵە لە سینەی زەوی رِۆ بکەی.

- **پێت وانییە ئەو پەیامەی کە ویستووتە بیگەیەنی لە وەرگێرِاندا، بە کەلیدەر گەیاندووتە؟**

- هیوادارم وا بووبێ و، هیوادارم توانیبێم پەیامی خۆم بگەیەنم. بەڵام با ئەوەش بڵێم ئێستە کە خەریکی وەرگێرِانی "گەرِان بۆ کاتی لەدەستچووم" واتە دوای ئەوەی لە پاش کەلیدەر، رێگەی ئاسان بۆ وازهێنان لە جگەرە، سێ رۆمانی سیانەی جەگەن و، سوور و رەشم وەرگێراوە و نزیکەی سێ هەزار لاپەرە لەم پەرتووکە تازەشم تەواو کردووە، ئەتوانم بە مسۆگەری بڵێم کە زۆر زیاتر فێری زمان بووم، چ کوردی و چ بێگانە، سەدان وشەی تازەم دۆزیوەتەوە، دەستەواژەی تازە و زاراوەی ناوازە هاتوون بە مێشکمدا و هەست ئەکەم کارکردن بۆم زۆر لەو کاتانە ئاسانتر و بەچێژترە کە دەستم پێکردبوویەوە... بۆیە بەردەوام ئەبم لە سەر نووسینی کوردی کە پێم وایە کوردی واتە ئەو زمانەی کە تەرِ و پاراوە، وەك گەزیزە ئاونگی بێگەردی ژیانەوەی ژیان و وەکوو نێرگز تەرِ و تووشی بەهاری لەگەڵ خۆی هێنابێ و لێزمەی شەستە و رەهێڵەی بتوانێ پەڵە بدا و هاورێ لەگەڵ ئەو رۆڵە کوردانەی لەو بواردەدا گۆپکەی بەهارانە ئەرِوێنن و خونچەی گوڵگەزی ئەپشکوێنن بە سەرەنجامی

شیانستی نەتەوەی سەرفراز و سەرفرازیی شیاوی نەتەوەی شیانست بگەین.

- **ئەگەر هەندێ لەسەر کەلیدەر بدوێی بۆمان...؟**
- کەلیدەر رۆمانێکی مێژوویی سیاسی کۆمەڵایەتییە کە پەیوەندی ژێرخان و سەرخانی خولێکی پەڕینەوەی کۆمەڵایەتی لە دەرەبەگایەتی دوای قاجارییەکان و حوکمی مەشرووتە بۆ سەرمایەداری وابەستەی سەردەمی حەمەڕەزا شا و شۆڕشی سپی، بە جەنگی ناوخۆ و خەباتی چەپی پرۆسۆڤیەت و کۆماری کوردستان و ئازەربایجان بە شێوازی ریالیزمی رەخنەیی پیشان ئەدا، لەگەڵ ئەماژە بە گۆڕانی سیستەمی ئیمپراتۆری رووسی بە سۆڤیەتی لنینی و سەرهەڵدانی پەیوەندی سەرمایەداری و پەیدا بوونی کارگە و رێگەوبانی خێرا و ئوتۆمۆبیل و لۆری و خەباتی جووتیاران کە، ئەمانە هەر هەمووی لە بەستەری ژیانی قارەمانێکدا ئەهێنێتە ئاراوە و باسی ئەکا کە لە رۆژەڤی راستەقینەی خۆیدا ژیاوە و ئەو رووداوانە لە کۆمەڵگەی دەوروبەری ئەودا روو ئەدا. لە تایبەتمەندییەکانی کەلیدەر توانای نووسەرە لە هەموو بوارەکانی ژیانی نهێنی و ئاشکرای ئەو خولە مێژوویییەدا، رێکخراوی نهێنی چەپ، ئەفسەرانی چەپی ناو سپا و ئەندامانی رێکخراو وەك فەربەخش و ستار، جاش و راوێژکاری پێشتر یاخی، کوێخای سەر بە پادگان، سیخوڕی لومپەنی گوندەکان، دەستەی تێڵابەدەست و چەقۆکێشی شارەکان، دەرەبەگی بەرژەوەند تێکەڵ لەگەڵ سەرمایەدار و بازرگانی شاری، لە لایەکی ترەوە پەیوەندی کۆمەڵایەتی نێوان چین و توێژەکانی شار و گوند لە چوارچێوەی بنەماڵەی ئالاجاقی گەورە دەرەبەگ و تازە سەرمایەداری شاری و

جـەلیلی کـوڕی، حـاجی سـوڵتانخوردی خورسـوفی و ئایـدیۆلۆژی پراگماتیستی خـۆی و زاواکـانی، بـابقولی بونـدار و ژن و منداڵـەکانی، عـەلی ئەکبـەری حـاجی پەسـەند، حـاجی حسـێنی چوارگوێشـلی و سـۆفیگەری کوڕەکـەی، ماهـ دەروێـش و توانـەوە و رووخـانی کەسایەتی، لۆتی رووخـەك و دەستەکەی بە جەیرانیشـەوە، کـەلایی خـواداد و کوڕەکـانی کـە نموونـەی ئەوپـەڕی پەسـتی و رووخـانی کەسایەتی مرۆیین، لە بەرامبەر ئەوانەدا مووسا و پاڵـەوان بـەڵخی و عەلی خاکی نموونەی کوڕی کار و هەڵوێستن، لالۆ و خاڵۆی قـەدیر، لالۆ و چەپاوی شوان، ماڵی سەیدی تەلـەفوونچی، دۆم و سـۆزانی و زاخی دروێنـە و پاڵـە و داسـووچن و لـە سـەروو هەمووشـیانەوە ماڵی کەلمیشـی بـە وردی و وردبینیـەکی پسـپۆڕانە پیشـان ئـەدا. ئـەوەی پەرتووکەکە ئەخوێنێتەوە هەست ئەکا ماوەیـەکی بـاش لـەو ناوچـە و لەناو ئەو خەڵکە و ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتیـەدا ژیاوە و گوڵمحەمەد ئەبێ بە هـاوڕێی سـاڵانی. گوڵمحەمـەدی کەلمیشـی و خـان ئـاپۆ و بەگمحەمەد و سـەبرخان کـە ژیـانی سـالار و سـەروەریان لـە پێنـاوی مـافی خۆیـان و بەرەنگاربوونـەوەی بێـدادا بـەخت کـرد لـە ڕێگـەی کەلیدەری مەحموودی دەوڵەت ئابادییەوە بوون بـە داسـتانی نـەمریی کوردی تەرەکراوی لە نەتەوە و نیشتمان دابڕاو و بـوون بـە پرشـنگی هەمیشـە زینـدووی سـەردەمێکی دیـاریکراوی کۆمەڵایـەتی و مـانی هەتاهەتایی.

- **پێت وایە شیعر تەرجەمە دەکرێ؟**

چەن ئاستەمە دار بە داری دارستانێك هەمووی بگری
تۆش نەتوانی فرمێسکی تاقە گەڵایەك چییە بسڕی!
یان ئەمە:

ئەوەی لە دەرگا ئەدا بە شەوی نووتەك،
بۆ كوشتنی چرا هاتووە.
ئاوەز وەها فەرمان ئەدا كە رووناكی لە هەوێشخان بشارینەوە!

بە چ زمانێك و بە چ شێوەیەك ئەو دوو دێڕانە بنووسی، ئەو واتا بەهێزە بەكاكڵەی لە ناوەرۆكیاندایە لەگەڵ خۆیان ئەگوێزنەوە بۆ ئەو زمانەش و مرۆڤ ئەهەژێنن و...

بۆیە پێم وایە شیعر زۆر چاك وەرئەگێڕدرێ و پێویستە وەربگێڕدرێ! ئەگەر وەك هەندێ پێیان وایە كێش و سەروا وەك زمانی یەكەم نەهاتەوە ئەوە هەو نییە، من پێم وا نییەو و لە وەرگێڕانی شیعردا گرنگ ناوەرۆكە، ئەگەر ئاواز و كێش و سەرواش لە دەقەكە نزیكتر بوو ئەوە باشتر، نەشبوو خەم نییە.

شیعری (هەڵۆ)ی ئەلكساندر پووشكین، "**هەژار**" كردبووی بە كوردی. پاش ئەو، "**سوارە**"ش هەمان شیعر ئەكا بە كوردی. وەك (نظم)ی عەرەبی هینەكەی هەژار لەوەی سوارە (منظوم)ترە. بەڵام خودی هەژار ئەوەندە وەرگێڕانەكەی سوارەی لە هینەكەی خۆی پێ جوانتر و بە ناوەرۆكتر ئەبێ، وتوویەتی: "ئەگەر بمزانیبا سوارە دەیڵێ، من نەم دەگوت!"

وەك نموونە بە سەدان شیعری جوانی وەرگێڕدراومان هەیە و، خەرمانی بەرێژەن!

شیعر لە بابەتەكانی تری وێژە نەك هەر كەمتر نییە بگرە زیاتریش بێ و بگرە ملیۆنەها لاپەڕە و پەرتووكی شیعری تاقەكانی پەرتووكخانەكانی جیهانی ڕازاندبێتەوە، جا لەبەر ئەوەی گوایە شیعر وەرگێڕانی دژوارە و ڕەنگە كێش و سەروای وەك خۆی نەیەتەوە نابێ خۆمان و نەتەوەكەمانی لێ بێوەری بكەین، گرنگ پەیام و ناوەرۆك و

مەبەستی ئەو شاکارانەیە.

- **چ وەرگێڕانێك بە سەرکەوتوو دادەنێیت؟**
- من کە کاری خۆمم کردووە بە وەرگێڕان، چی ئەخوێنمەوە ئەگەر راستیش بێ، دیسانەوە هەر ئەخوێنمەوە و ئەڵێم ئەگەر ئەوە وا بوایە، ئەگەر ئەوە وا نەبوایە! جا نە تێی ئەگەم نە ئەزانم باشە یان خراپە. کەچی هەشە وەها لەگەڵ خۆی بردوومی هەر نەمزانیوە وەرگێڕانیش بێ. وەرگێڕان ئەگەر رستەکانی کورت و چەمکە پشوودرێژەکانی بە ڕەوانی داڕێژابێ و ناوەرۆکەکەی لە مەبەستی نووسەرەکە دەرنەچووبێ و هەروەها ئەوەندە وشەی عەرەبی تێدا نەبێ کە خوێنەر توورە بکا ئەوە زۆر باشە.
- **دیارە وەرگێڕان کۆمەڵێك گیر و گرفت و دژواری هەن، دەڵێی چی لەو باریەوە؟ تا ئێستا توشیان بوی؟**
- بەڵێ وایە گرفتم هەیە و بە هەزاران جار تووشیان بووم و هەموو رۆژێکیش پاتە ئەبێتەوە، ئەگەر گیروگرفتی تکنیکی و هونەری و زمانی و وشەڕۆنان و... مەبەستت بێ، بەڵام هەموو جارێکیش بووەتە هۆی ئەوەی شتێك و جاری وا هەبووە چەندین شت لە بەرەنجامی ململانێ لەگەڵ ئەو دژوارییەدا فێر ببم. ئەگەریش مەبەستت ئەوەش بێ کە وەرگێری کورد ماف خوراوە، ئەبێ لە گیرفانی خۆی بخوا و هیچی دەست ناکەوێ و بە رۆژی رۆشنا و لەبەر چاوی خۆی لێی ئەدزن؟ چارەی ئەوە کاتێکە کە دەسەڵاتی کوردی و وەشانی کوردی لەوە تێبگا ئەو کەسەی راژەی وێژەی کوردی ئەکا بە ئەندازەی ئەوانەی دیواخانیان هەیە پێویستیان بەوە هەیە مافیان بدرێتێ... یان با بڵێین چارەی ئەو کاتە ئەکرێ کە ویژدان لە ئەژنۆ سەرکەوێ. بەڵام تا لە خوار

چۆکەوە بێ چاوەڕوانی پەرجوو مەبە.

- **پێشنیارت بۆ وەرگێڕە سەرەتاییەکان چییە؟ کە سەرە تایانە لە کاری وەرگێڕاندا؟**
- بڕوا بە خۆ بن. متمانەیان بەوە هەبێ زمانی کوردی لە هیچ زمانێك کەمتر نییە ئەگەر هەوڵ بدەن خۆیان فێری کوردی بکەن. وەرگێڕان بە کارێکی ئاسان نەزانن کە ئاسان نییە و ئەرکە و بەرپرسراوییە، لە هەموو گرنگتر ئەبێ هەوڵ بدەن بە کوردی بنووسن! بە کوردی نووسین ئەوەیە، لەبن کاریگەری زمانێکی ناکوردیدا نەبن کە بە وشەی کوردی و بە داڕێژانی زمانێکی تر بنووسن. داڕشتن ئەبێ بە کوردی بێ، بیرکردەوە ئەبێ بە کوردی بێ. هەوڵ بدەن لە ڕێسای وەرگێڕان تێبگەن، وەك هونەر سەیری بکەن و ئەوە بزانن جگە لە شارەزایی باش و پسپۆڕ لە دوو زمان، بوونی بەهرە و خولیا لەو کەسەدا زور گرنگە. هەوڵ بدەن زمانێکی ئوروپایی فێر ببن کە زۆر گرنگە. زۆر بخوێنێتەوە و لە خۆپێگەیاندن دانەبڕن.
- **ئەو نووسەرانەی کە زۆر گرنگیی تایبەتیان هەیە لە کن تۆ، کامانەن؟**
- وەك رۆمان نووس بەختیار عەلی، حەمەی موکری، حسێن عارف، شێرزاد حەسەن، رەوف بێگەرد و هی تریش هەن... مەسعوود محەمەد فیلسووفێکی فەلسەفەنووس و، د. عێزەدین مستەفا ڕەسووڵ ڕازی دووری شاکارە... و ئەگەر بێت و بەردەوام بم ئەو لیستەیە زۆر درێژە...
- **وەرگێڕ هەن کە تۆ پێیان سەرسام بی؟ کامانەن؟**
- شوکر مستەفا لە لای من نموونەی وەرگێڕێکی توانا و

ناوازە بوو.

- **زۆر بە زمانێکی کوردیی پەتی تەرجەمە دەکەی، پێت وانییە ئەمە کەمێك سەخت بێ بۆ خوێنەری کورد؟**

ئەی کە وا نییە!

- کوردی پەتی کامەیە؟ کوردی یان کوردییە یان نییە. ئەگەر پەتی نییە ئەو خەوشی تێدایە و ئەبێ لە بێژنگ بدرێ کە خەوش و خاڵی نەمێنێ و ببێ بە کوردی. واتە ئەوەی وشەی (تەرجەمە) بەکار ئەهێنێ و پێی وایە ئەو وشە لە زمانی کوردی‌دا نییە، ئەوە ئەبێ سەرەتا خۆی (تەرجەمە) بکات. منداڵی کورد ئەگەر لە منداڵییەوە فێری کوردی کرا کوردی پەتی و ناپەتی ناناسێ و ئەوەی فێری بووە کوردییە و کێشەی ئەم تۆرمەی ئێمە ئەوەیە کە تووشی نەخۆشینی ئۆبلۆمۆڤیسمە و بڕوای بە خۆی نییە. بڕوای بە خۆی نییە بۆیە ناوێری کوردی بە کوردی بنووسێ، بۆیە ئەبێ سەرەتا بڕوا و متمانە لە خۆیدا بەدی بهێنێ ئەوسا ئەوێرێ کوردی بە کوردی بنووسێ. وەتەی هەبووم مارکسیست بووم بەڵام هەمیشە بە نەتەوەیی ناوبراوم. کە نەك هەر پێم ناخۆش نییە شانازیی پێوە ئەکەم. من خۆم ناسیوە و لە بەرژەوەندی کوردەوە سەیری دنیا ئەکەم، هەر شتێك بەرژەوەندی کوردی تێدا نەبێ هەڵەیە، نەك هەر لای من هەڵە بێ، بەڵکوو ئەوە لە گەوهەری خۆیدا هەڵەیە. ئەگەر بڕوام بەوە هەبوو کورد شیاوی هەموو جۆرە بەختەوەریی و ڕێژەنێکی ژیانە هەر لە وڵات و دەسەڵات و زمانەوە هەتا خۆشترین خۆشییەکانی ژیان... ئینجا ئەتوانم بڕوام بەوەش هەبێ داکۆکی لە مافی مرۆڤایەتی بکەم و ژیانی بەهرەمەند و بەکاکڵم بۆ هەموو ئینسان بوێ.

منـاڵی کـوردی ئورووپـایـی زۆر باشـتر لـە منـاڵی کوردسـتان فێـری کوردی ئەبێ و وشـەی پیرۆزی کوردی بەکار ئەهێنـی.

من کە سـەرەتا فێـری ئـەوە بـووم بڵـێم (شـایەنـی نییـە!) دوای ئـەوە بوو کە زینـدانـی شـامان رووخانـد و هاتمـە دەرەوە، تـا سـاڵێکیش بـە شـەرمەوە ئەموت و ئەم دی خەڵکەکەش بە سـەیرەوە تـێم ئـەڕوانن!

بەڵام مناڵی کوردی ئورووپـایـی وەك لـە منـاڵییـەوە فێـر کـراوە زۆر لای ئاساییە بڵێ شایەنـی نییە! هەرچەنـد منـاڵی کوردسـتان کـەمتر ئـەو متمانەیەی پێ ئەدرێ چونکە ئەوانەی فێریان ئەکەن خۆیان متمانـە بەخۆ نین.

لـە سـلێمانـی، لـە ئـاومیوە فرۆشـییەك، بـە منـاڵێکم وت: "بچکـۆل پەرداخێك ئاوی کیویم پێ بدە."

وتـی: "مامە حاجی مەوسمـی نییە!"

وتم: "بچکۆل ئەو عەرەبییە جوانە لە بەغا فیربووی؟"

وتـی: "مامە حاجی قط نەچوومەتە بەغدا!"

واتە ئەو مناڵەی لەو دووکانـە کـار ئـەکات لـە گەورەکـەی ئەبیسـێ و فێر ئەبێ کە بڵێ: مەوسمـی نییە! ئەگینا ئەوێك کە نەچووەتە بەغا، ئەگەر لە ماڵەوەیان بیان وتایەت وەرزی نییە، ئەویش وا فێر ئەبوو.

ئەگەر خوێنەری کورد ئەیەوێ کوردی بخوێنێتـەوە کـوردی ئەوەیـە و ئەبێ فێری ببێ و بیخوێنێتەوە! من لەم نورویژ و سویدەی کە هـەم دەیان کـەس ئەناسم هێشتا نازانێ ناوی خۆی بە کـوردی بنووسـێ، کەچـی وەها فێری سویدی و نورویژی بووە، گاڵتە بەوانە ئەکا لێرە لە دایك بوو ئەڵێ نورویژی نازانن یان سویدی نازانن!

یەکـەم زۆر بـە داخـەوەم ئـەوەی پرسـیار ئـەکا نـاڵێ چـی سـەختە و چۆنە کە بە سـەختی هاتۆتـە بـەرچاو؟! بـۆ نموونـەیـەکت نەهێنایـەوە

لەوەی کە لات سەخت بووە یان لای ئەو خوێنەر کوردە سەخت بوو کە تۆ باسی ئەکەی؟

ئەو بەرەی منداڵ و تازەلاو و نەوهاڵی ئێستە کە لە فێرگە فێری کوردی ئەبن، کێشەیەکی بە ناوی (کوردی سەخت)ی نییە و نایبێ کە ئەو کوردییە سەخت بێ یان نەرم بێ. بەڵام ئەوەی بە نیوە و نیوەچڵی کوردی ئەزانێ ئەبێ خۆی لەگەڵ کوردی ماندوو بکات و خۆی فێر بکات. لەگەڵ چەند برادەرێك لە باکووری نورویژ پێکەوە کارمان ئەکرد و لە ماڵێکدا ئەژیان. یەکێك لە برادەران بە تەلەفونی لەگەڵ برازایەکی ١٦ ساڵانی لە سلێمانی قسەی کردبوو. پاش تەلەفوونەکە هات بۆ لای من و لە کاتێکدا جۆرێك دارەتی حەپەسان بە روخسارییەوە دیار بوو و وەك لە شتێکیش شادمان بێ وتی:

-ئەرێ کاك سیامەند!

وتم: -بەڵێ!

وتی: -ئەزانی ئەو کوردییەی کە تۆ قسەی پێ ئەکەی ڕاستە؟

وتم: -دیارە ڕاستە، مەگەر تۆ پێت وا نەبوو؟

وتی: -کورە من پێم وا بوو هەر ئێرانییەکان بەو جۆرە قسە ئەکەن کەچی ئەوە خۆ ئەو برازایەی منیش بەو زمانەی تۆ قسە ئەکا! هەرچی دورگە و پەرتووك و بەڵێندەر و هۆرم و چووزانم ئەمانەی دا بە تەنگەمدا. هەموو شتێکیشم لێ ئەپرسییەوە کەچی هەر بەزۆر تێیگەیشتم!...

هەتا ئێستەش هەزاران شارەزای ئاکادمیك و بلیمەت دێن و شکسپیر تاوتوێ ئەکەن و شتی لێ فێر ئەبن و فیلم و شانۆ و کۆمێدی و تراژێدی لێ ساز ئەکەن و هەرگیز ناڵێن (سەختە)

بەڵکوو ئەڵێن هێسن و ئیکسیری زیاتر فێربوونە. ئایە ئەگەر بێین و زمانەکەمان لەگەڵ وشەی عەرەبی و ئەفغانی و تورکی و... هەڵشێلین و بیکەین بە هەویرێك کە کەس نەیناسێتەوە ئەوە باشە و ئەوسا کوردییەکەمان ئاسان ئەبێ و پەتی نابێ؟

- **بۆچی ڕۆمانت هەڵبژاردووە و کار لەسەر ڕۆمان دەکەی زیاتر؟**

- ڕەنگە بە پێداویستیم زانیبێ. ڕومانێکی باش ئەتوانێ دنیایەکی تر بگوێزێتەوە بۆ ناو کەش و کەوشەنی کوردی. خوێنەری ڕۆمان زیاترە تا نووسینی زانستی و سیاسی. هەرچەند سەردەمێك کە پڕشانازیی ترین سەردەمی ژیانمە و پێشمەرگە بووم و لە شاخ بووم، زیاتر بابەتی ڕامیاری و پێویست بە سیایەتی ڕۆژم ئەنووسی و وەرم ئەگێڕا. وەك نووسین دەربارەی ڕێکخستن و ئابووری و خەباتی گەلان و بزووتنەوەی نەتەوایەتی و کرێکاری و زمانەوانی و... وەرگێڕانیش وەك مارکس و ئێنگلس و لنین و نگۆین جیاپ و... هەروەها لە بواری وێژەیی و لە گۆڤاری نووسەری کوردستان دەربارەی ڕەخنە و وێژە ئەمنووسی... بەڵام پاشتر کە تای تەرازووی سیاسەتم لاسەنگ کرد، قورساییەکەیم خستە سەر وێژە بە گشتی، ئەگەرچی زیاتر لەگەڵ ڕۆمان خەریکم بەڵام لە هەموو بوارەکانی تریشدا کار ئەکەم بۆ نموونە: گۆڤاری نووسەری کوردستان کە بەردەوام تیامدا نووسیوە، سەرنووسەری گۆڤاری شەبەنگ، ئورگانی فێدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکان بووم لە نورویژ. کە لە کەمپیوتەر ئەزانم و خیراترین تەختە کلیلی کوردیم دارشتووە و لە سەر ئینترنێت دامناوە ( Fast Keybord Kurdish)، وتاری روونکردنەوەشم بۆ نووسیە کە بە وتاری

زانستی دائەنرێ. ئەو وتارە هەروەها لە گۆڤاری زانستی سەردەم چاپکراوە. ئینجا من پێنج دیوانی شێرکۆ بێکەسم وەرگێڕاوە بۆ زمانی فارسی کە خۆی لە دەیان هەزار دێڕ ئەدا. لە بواری رەخنەدا وتارم بڵاو کردۆتەوە وەك وتاری (ئوبلۆمۆڤیزم) لە گۆڤاری سەردەم و... و رازی ڕیزکردنی شەشپاڵووی... و دەیان شتی تریش لە کۆن و نزیكدا...

- **ئەگەر جارێکی دیکە لەدایك ببیەوە، حەز دەکەی ببیەوە بە چی؟**
- پێشمەرگەی نووسەر نەك وەرگێڕ!
- **بەرهەمی تازە چیت لەبەر دەست دایە؟**
- وەك ئەماژەم پێکرد گەورەترین رۆمانی جیهان واتە گەڕان بۆ کاتی لەدەستچوو کە حەوت بەرگە و نزیکەی حەوت هەزار لاپەڕە دەرئەچێ. بەرگی یەك و دوو تەواو بوو و بەرگی سێ لە تەوابووندایە... دوای ئەویش ئەچمە سەر رۆمانەکەی خۆم...

رۆمانێکی تر هەیە بە ناوی (کوورشی مەزن)، بە فەڕانسەیی نووسراوە کە زۆر حەز ئەکەم بکرێ بە کوردی. هەندێ لایەن ئەمەیان بە گەورترین رۆمانی جیهان دائەنێن کە دەهەزار لاپەڕەیە و لەبەر ئەوە لام گرنگە چونکە پێش ئەوە نووسراوە کە داروەستەی رەزاخان بتوانن مێژووی کورد بدزن و بیشێوێنن و، وەك زۆر بە کورتی لە فەرهەنگۆکی کەلیدەردا ئەماژەم پێداوە هەخامەنشی دروستکراوی بنەماڵەی رەزاخانە و هەمان درێژەی ئیمپراتۆری مادە و، کوورش و داریوش مادن نەك شتی تر... فارس ئەگەر هەش بووە وەك بەشێکی ئیمپراتۆری ماد بووە. خۆزگە یەکێك پەیدا ئەبوو و، ئەو رۆمانەی لە **زمانی فەڕانسە و لە ڕووی چاپی یەکەمەوە ئەکرد**

**بە کوردی**، کە بە خزمەتێکی زۆر زۆر مەزن ئەژمێردرێ!


- **چی بەو کەسایەتیانە دەڵێی؟ هەژار، مەسعوود محەمەد، خوسرۆ جاف، بەختیار عەلی، د.مارف خەزنەدار، عەبدوڵڵە حەسەن زادە، عەزیز گەردی؟**
- هەژار: هەیە بە شایەری دەرباری بارزانی زانیوە و هەیە بە لوتکەی وێژەی کوردی بەڵام من پێم وایە چاوپۆشی لە ساتیری حیزبی بە فەرهەنگ و وەرگێڕان خزمەتی وێژەی کوردی کردووە.
- مەسعوود محەمەد: هەتا ئێستە، هیچ کوردێك بە کوردی چەمکی فەلسەفی بە روونی و تۆکمەیی و بەهێزی مەسعوود محەمەد نەنووسیوە.
- خوسرەو جاف: هەوڵی داوە و بە خزمەت دائەنرێ.
- بەختیار عەلی: لە شانازییەکانی کوردە. ئەگەر تا ئێستا ئەمان وت هەمانبووە، ئێستە ئەتوانین بڵێین هەمانە و یەکێك لەو ناوازانە بەختیار عەلی‌یە.
- د. مارف خەزنەدار: توانا و فرە بەرهەم بوو. بەرهەمەکانی کە لە زۆربەی بوارەکاندایە جێگەی رێزن، سەبارەت بە (نالی)یەکەیشی جا من بە دڵم بێ یان نا.
- عەبدوڵڵای حەسەن زادە: کوردی زانێکی لێهاتووە. راژەی وێژەی کوردی کردووە بە وەرگێڕان، هەرچەند زمانەکەی تۆزێ ناوچەییە، بەڵام بەهێزە.
- عەزیز گەردی: وەرگێڕانی فرە و جوانی پێشکەش کردووە، توانا و هەڵکەوتووە.
- **دوا وتەت بۆ ژیان چییە؟**
- ئەوەی لە پێناوی دواڕۆژێکی گەش و ژیانی خۆشگوزەرانی

ئایندەدا تێئەکۆشێ، جا بە هەرشێوەیەکی، هەر لە پیرۆزترین تەشکیەوە کە پێشمەرگە بێ تا هەموو جۆرەکانی تری زانا و سکۆلار و نووسەر و هونەرمەند، بڕوایان بە دیالکتیکی بەردەوامی ژیان هەیە و بەشدارن لە رەوتی پێشخستنی کۆمەڵایەتیدا. ئەوین زنجیرەییەکی ناکۆتای لێبوردنە و ژیان بە بێ ئەوین ئەشکەنجەیەکی بەردەوامی بێ سەرەنجامە؛ ئەوینم ئەو بڕوایە کە واتا بە ژیانم ئەبەخشێ و، ئەوینی نیشتمانم تێکۆشانی بێوچانە بۆ پێشخستنی ئەو زێدەی خۆم لە بوونی دیالکتیکی داهاتووی‌دا و لە بوونی بەردەوام و سەرفرازی نەوەی ئایندەی‌دا ئەبینم.

سەرنج: ئەم وتووێژە لە ١٦-٢-٢٠١٥ سازکراوە، کە دواتر بەشێکی لە ژمارە (١)ی گۆڤاری باران بڵاوبۆتەوە

## حەمەکەریم عارف:

بەهـرە کە سـەری کـرد، کە قـافی هـات، بە هەر شـێوەیەك بـووە، دەربـیـچەیەك دەدۆزرێـتەوە و گوزارشـت لە خـۆی دەکـات، عەینـی ئەسپی ڕەسەن دەبێ خۆی بنوێنێت.



**کەمـن ئەو کەسـانەی لە کتێبخـانەی کوردیـدا جـێ پەنجەیـان دیارە, لە نێو ئەو کەمینانەشدا, کەمن ئەوانەی خۆیان پەلکێشی هەموو بوارێـك دەکەن. وەك: مێـژوو، شـیعر، ڕۆمـان، فەرهەنـگ، زمان، شانۆ، چیرۆك و هتـد. زۆر جـار نەبـوونی ئەزمـوون, یـان نەزانینـی زمان, یاخوود نەبوونی بەهـرە لەو بـوارانەدا, مـرۆڤ لە ئاستیدا دەستەوسـتان دەبـێ و تەنهـا یەك بـوار دەگرێـت. بەڵام حەمەکـریم عـارف یەکـێکە لەو ئەدیبـانەی کە زۆریـنەی ئەو بوارانەی گرتووە و خومەتیـان پـێ دەکـات. بـۆ ئەم مەبەسـتە بە گرنگمـان زانـی هەڤپەیڤینێکـی لەگەڵ سـاز بکەیـن. کە ئەمەی خوارەوە دەقەیەکەیەتی.**

**١-: دەکرێ حەمەکەریم عارف وەك چ بانگ بکەین؟شاعیر،نووسەر،وەرگێر، یان چی؟**

- بەندە ئەو کارانەی کە کردوومن، بە شێوەیەکی گشتی لە چوارچێوەی کاری ئەدەبی دەرناچن و کاری پاچڤەش زیاتر حەز و شەوقە کە بە مومارەسە گەشە و نەشە دەکات و پوختە دەبێت، پاچڤە لە خودی خۆیدا، چالاکییەکی زمانەوانی-ئەدەبییە، بە بێ توانا و بەهرەی زمانەوانی- ئەدەبی کەس نابێت بە وەرگێڕی باش و بە توانا، واتە وەرگێڕ پێویستە لە بنەڕەتدا حەز و خولیای نووسین و قەڵەمڕانی هەبێت، دەنا نابێت بە وەرگێڕی باش، بە کورتییەکەی شەوق و زەوقی ئەدەبی بۆ وەرگێڕ یەجگار پێویستە و بە کورتییەکەی وەرگێڕ دەبێ خاوەن قەڵەم و ئینشای باش بێت.

**٢-: مامۆستا لە کەیەوە هەستتکرد کە دەبێ بنووسیت یان وەرگێڕان بکەیت؟**

- زۆر جار ئەو کارە ڕۆشنبیریانە، خۆبەخۆ و لەناکاودا بەرۆکت دەگرن و کاتێ بە خۆ دەزانن بەرەو قووڵاییت دەبەن و خووی پێوە دەگریت.. بەندە لە نیوەی دووەمی ساڵانی هەفتاکانی سەدەی ڕابردووەوە بەرەبەرە خولیای نووسین و ئەدەبیاتم کەوتووەتە سەر و زیاتر خوێندنەوە، بە تایبەتی خوێندنەوە بە زمانی عەرەبی شەوق و زەوقی نووسینی لەلام تەقاندەوە و هەستم بە هەژاری کتێبخانەی کوردی کرد و بە جۆرە ترس و شەرمێکی عاشقانەی نۆلاوێکەوە چاوبڕکێیەکم لەگەڵ نووسیندا دەکرد و بەرە بەرە خووم بەو دنیایەوە گرت و ئەو قەناعەتەم لا دروست بوو، کە کتیبخانەی کوردی تەنیا بە نووسینی خۆماڵی، شیعر و چیرۆك، کە مخابن لە ئاستێکی ئەوتۆدا نەبوو بە زوویی کتێبخانەی کوردی دەوڵەمەند بکات، بۆیە

لە نیـوەی دووەمـی هەشـتایەکانەوە، ئەو بیـرۆکەیەم لا چـێ بـوو کە وەرگێـڕان، هەم هـۆیەکە بـۆ دەوڵەمەنـد کردنـی زمـان و هەم ڕێگـا ئەپسـتمۆلۆجییەکانمان بـۆ قەدبـڕ دەکـات ودەکەویـنە دانوسـانێکی ئەرێنـی دەگەڵ کەلتـوور و شارسـتانییەتی میلەتـانی دیـکەدا و لەم ڕێگەیەوە هەم زمانەکەمان زووتر دەوڵەمەنـد دەبێـت و هەم کۆمەڵێـك سەرمەشقمان دەکەوێتە بەردەست، کە تەماح بمانگرێت و لە وار و کـایە جیاوازەکـانی ئەپسـتمۆلۆجیادا چـاوی لێـبکەین و بـیکەین بە هەوێنـی ڕێنسانسـی ڕۆشـنبیری خۆمـان، بـۆیە لە نیـوەی دووەمـی هەشـتایەکانی سـەدەی ڕابـردووەوە، بەدەم ژیـانی پێشـمەرگایەتییەوە، کەم وزۆر لە واری پاچڤەدا کەوتمە خۆ جەڕباندن.

**٣-: یەکەم بەرهەمی چاپکراوت چی بوو؟**

- یەکەم بەرهەمـــی چـــاپکراوم، کـــۆچیرۆکێکی مـــتەوازیعە، بە ناونیشـــانی ( تیـــرۆژ- ١٩٧٩) کە لە ڕاسـتیدا، کـۆمەڵە سـکێچێکی چیرۆکڤـانی ئەدەبیـــیە، بەڵام لەو کـــارەدا لاســـایی کەرەوەی کەس نەبووم.

**٤-: زیاتر لە ١٥٠ بەرهەمت هەیە، لەمەڕ بابەتەکانی، مێژوو، شـیعر، ڕۆمـان، فەرهەنـگ، زمـان، شـانۆ، چیـرۆك و...هتـد چـی وایکردووە دەست بۆ هەموو ئەو بابەتانە بەریت؟**

- هەمەجۆری بابەتەکان، زیـاتر دەگەڕێتەوە بـۆ هەژاری کتێبخـانەی کوردی، کە بەندە بە بۆچوونی ناچیزی خۆم، بە گوێرەی پێداویسـتی کتێبخـانەی کـوردی بابەتەکـان هەڵـدەبژێرم و لە لایەکـی دیـکەوە جەڕباندنـی توانـای زمـانەوانی خـۆمە.. ئەمە جگـە لەوەی کە تێکـڕای ئەو بابەتانە، لە چوارچێوە گشتییەکەی ئەدەب دەرنەچوون.

**٥-: هیچ بەرهەمێکی خۆت هەیە بە دیاریکراوی جیای بکەیەوە لەوانی دیکە و،زۆرت خۆشبوێ؟**

-: بەرهەم لەلای نووسەر وەکو منداڵە بۆ دایك و باوك، هەر هەموویان لە دڵی نووسەردا شیرینن، بەڵام کۆچی سوورم زۆر لا خۆشەویستە چونکە زۆریان لەسەر ئەزیەت دام.. ئەم کورتە ڕۆمانە لە ساڵی ١٩٨٦ دا نووسراوە، لە ساڵی ١٩٨٧ دا یەکەمجار بە فارسی بڵاو بووەوە، پاشان دوای ئەنفالەکان و پاشەکشە بۆ ئێران، لە گوندی کاولان، لە دەزگای ڕاگەیاندنی حزبی سۆسیالستی کوردستان، چاپخانەی شەهید سەیدا ساڵح یوسفی، لە گوندی کاولان بە چل پەنجا نووسخەیەك لە ساڵی ١٩٨٨ دا بە کوردی چاپ و بڵاوکرایەوەو دواتر کرا بە عەرەبیش.. ئیدی هەندێك لە هەڵۆکانی سەرکردایەتی!! (ی.ن.ك) زۆر پێی قەڵس بوون، وەکو ئەوەی من و کۆچی سوور، هۆکاری ئەو هەرەس و شکستە سیاسیی و عەسکەرییە نەنگینەی ئەوان بین، فرمانیان داو کۆیان کردەوە و لە قاسمە ڕەشی مەرزی سەردەشتدا سووتاندیان و هەر بەوەندەوە نەوەستان، فەرمانی کوشتنی بەندەشیان دا، من یەکەم کەسم کە شۆڕش!! کتێبیان سووتاندم، هەڵبەتە کە بەندە پێشمەرگە بووم، هیچ وابەستەگییەکی حیزبیم نەبوو، تەنیا لەبەر ئەوە پێشمەرگە بووم کە قەناعەتم وایە ڕۆڵەی میللەتی مەزڵووم و بندەست مەحکوومە بە پێشمەرگایەتی و حەقی ئەوەشی نییە منەت بەسەر کەسدا بکات،وەکو بەندە قەت ئەمەم نەکردووە. حەزدەکەم ئەوەش بڵێم کە بە هیچ جۆرێ، کەم وزۆر لە پێشمەرگایەتی سوودمەند نەبووم و بگرە بەربەرەکانی زۆریش کراوم و ناهەقی زۆریشم دەرهەق کراوە، ئێستاش بێ منەت لە هەر

کەس و گرووپ و لایەن و حزبێك، بە شانازییەوە پێشمەرگانە دەژیم.. بەڵێ کۆچی سوور کۆکرایەوە و سووتێنرا، یەکەم کەسم کە شۆڕش!! کتێبم بسووتێنێت.. دەپرسیت بۆ فرمانی کوشتنی بەندە درا؟ کۆچی سوور هی ئەوە بوو تۆی لەسەر بکوژرێیت؟ هەڵبەتە من ئەندامی یەکێتی نیشتمانی نەبووم، وابەستەگی حیزبیم نەبوو،ڕاستە کەم و زۆر هاوفکری ئەوان نەبووم، بەڵام خۆ هاونیشتمان و هاوسەنگەریان بووم، کوردێك بووم بێ غەل و غەش، وەکو نووسەر بە نۆڕین و دیدی ڕەخنەگرانەوە دەمڕوانییە دیاردە و ڕووداوەکان... هۆی ئەو بڕیارەش زاڵی گیانی دیکتاتۆریەت و قەبووڵ نەکردنی بەرانبەر بوو لای هەڵۆکانی سەرکردایەتی (ی.ن.ك)، کە کەم و زۆر باوەڕیان بە ڕەخنە و ڕای پێچەوانە نەبوو، مەسەلەی کوشتن: بەندە پێمووایە لە دنیادا هیچ شتێك ئەوە ناهێنێت خوێنی ئینسانێکی لەسەر بێتە ڕشتن.

**٦-: بۆچی تا ئیستا هیچ بەرهەمێکی مەحموودی دەوڵەت ئابادیت وەرنەگێڕاوە؟**

- سەبارەت بە مەحمودی دەوڵەت ئابادی، گومان لەبەرزی پێگەی ئەدەبی ئەو ئەدیبە گەورەیە نییە، بەندە یەك لە باری خۆم شیفتەی قەڵەمی ناوازە و بە برِشتی ئەوم، لێ مخابن دەرفەتی ئەوەم بۆ نەڕەخساوە یەکێك لە شاکارەکانی ئەو پاچڤە بکەم، زۆرم پێخۆشە ئەگەر یەکێك لە پاچڤەوانە باشەکانمان ئەو کارە بکات.

**٨-: بۆچی (بوف کور)ت وەرنەگێڕاوە تا ئیستا؟ لە کاتێکدا کتێبێکت لەسەر سادقی هیدایەت هەیە.چەند کەسێك (بوف کورا) یان وەرگێڕاوە بەناوەکانی (کوندە پەپووی کوێر و شابووی کوێرا) ئەگەر تۆ وەرتگێڕابا بە چ ناوێك وەرتدەگێرا و**

**بۆچی؟**

٨- سەبارەت بە ( بوف کور) ئەمە یەکەم ڕۆمانی هونەریی ئەدەبی فارسییە. لە ساڵی ١٩٣٦ دا بۆ یەکەمجار بە تیراژی زۆر کەم و بە فۆتۆ کۆپی، لە هندستان ڕاکێشراوە و بڵاوبووەتەوە، (بوە کۆرە) گرنگترین کاری هیدایەت و یەکەمین ڕۆمانی فارسییە و شۆرەت و نێوبانگی سنووری ناوچەیی و نەتەوەیی بڕیوە، لە ڕۆمانی بوە کوێردا واقیع و خەیاڵ تەواو ئاوێتەی یەکترن و لە دوو بەشدا هاتوونەتە دەربڕین و لە ڕاستیدا هەردوو بەشەکە تەواوکەری یەکترن و لەیەکەیەکی یەکپارچەیی هونەریدا دزێوی دنیای مۆدێرن و جوانی ڕابردووی لەدەستچوو دەگێڕنەوە، زمان لەم ڕۆمانەدا هەندێجار یەکجار شاعیرانە و جوانە، هەندێجار بە ڕادەیەك دێتە خوارێ کە کێماسی ڕێزمانیشی تێدەکەوێ . ئەم ڕۆمانە زۆر جار لە لایەن ئەدەبناسانەوە بە بەرهەمەکانی کافکا و ئیدگار ئالان پۆ و دوستۆیفسکی بەراورد دەکرێت و دەشوبهێنرێت، بە کوورتییەکەی لەو چرە ڕۆمانانەیە کە بە ئاسانی خۆی بە دەستەوە نادات و بە ئاسانی پێشوازی لە وەرگێڕ ناکات و بە کورتییەکەی یەکێکە لەو چرە بەرهەمە ڕاز و ڕەمز ئامێز و هەستیارانەی، کە دەکرێ بوترێت پاچڤە کردنی، وەکو نەشتەرگەرییەکی نامسۆگەرە.. کە هەموو دکتۆرێك ناچێتە ژێر باری ئەو مەسئولییەتە، بەندە کتێبێکم لەبارەی هیدایەتەوە هەیە بە ناونیشانی ( مەرگی نووسەر، هیدایەت وەك نموونە) لەوێدا هێندەی توانام بەسەریدا شکاوە، باسم کردووە، ئەگەر من وەرمگێڕابا ناوم دەنا ( بوە کوێرە) چونکە لە کوردەواریدا وای پێ دەڵێن ودەقاودەق ئەو جۆرە کوندەیە کە هیدایەت مەبەستییەتی و، چونکە لەوانی دی کوردی ترە بە گوێی

خوێنەریش ئاشنا تر و خۆشترە.

**٩-: گەمـژەی دوستۆیڤسـکی تـۆ بە دوو بەرگ وەرتگێـڕاوە و شێرزاد هەینیش بە ناوی گێلە لە دوو توێی بەرگێکدا پاچڤەی کردووە ، فەرقی چییە لە گەڵ ئەوەی تۆ؟**

٩- کاتێ وەرگێڕ بابەتێك، بەرهەمێك بۆ وەرگێڕان هەڵدەبژێرێت، ئەگەر زمانی ئەسڵی دەقەکە بزانێ، زۆر باشە، دەنا دەبێت بگەڕێت بە دووی باشترین و بە ئیحتوبارترین دەقی وەرگێڕدراودا و کاری لەسەر بکات، بەندە ڕێزم بۆ برای ئازیزم کاکە شێرزاد هەینی هەیە و هەرگیز نامەوێت لە پایەی کارەکەی ئەو کەم بکەمەوە یان خوا نەخواستە بیشکێنم، بەڵام سەبارەت بە گەمژە، بەندە دەقەکەی ( د. سامی دروبی) م کردووە بە بنەمای کارەکەم، ئەویش دوو بەرگە و ( ١١٣٦) لاپەڕەیە و تا ئێستا یەکێکە لە پاچڤە پڕ ئیحتوبارەکانی کتێبخانەی عەرەبی، هەڵبەتە هەر بەوەندەوە نەوەستاوم و دێڕ بە دێڕ و پەڕەگراف بە پەڕە گراف دەگەڵ پاچڤە فارسییەکەی ( منوچهر بیگدلی خمسە) دا کە ئەویش ( ١٠٠٢) هەزار و دوو لاپەڕەیە، بەراوردم کردووە، فەرقی ئەم دوو پاچڤە کوردییە چییە؟ داوەری ئەمە لای خوێنەرە.

**١٠-: لە توحفەنمـای ئەدەبیـاتی جیهـانی کە ٢٢شـاکاری ئەدەبیی کلاسیکی جیهانی لە خۆ دەگرێت و جەنابت وەرتگێڕاوە، برایانی کارامازۆف بە شاکاری دۆستۆیفسکی دادەنێت. ڕەخنەگرانیش بیروبۆچوونی جیاوازیان هەیە. هەندێك دەلێن: نەخێر تاوان و سزا شاکاریەتی، هەندێك دەڵێن گەمژە، هەندێکی دیکە دەڵێن: برایانی کارامازۆف، تۆ وەکو خۆت کامیانت پێ شاکاری دۆستۆیفسکییە؟**

١٠- زۆربەی بەرهەمەکانی دۆستۆیفسکی شاکارن، چونکە ئەو داهێنەرە گەورەیە، توانیویەتی ساتە زندووە مرۆڤانییە تیژ تیپەڕەکان ڕاوبکات و بە ڕادەیەك بیانهونەرێنێت، کە زەمان و سەردەمی خۆ ببەزێنن و دەنگدانەوە و ڕەنگدانەوەیان لە زەمەنانی دیکەش هەبێت، بۆیە بەرهەمەکانی دۆسۆیفسکی بوون بە سەرچاوەی قوتابخانە دەروونیەکان و یەکێکی وەکو نیتشە دەڵێت: دۆستۆیفسکی یەکەم کەسە لە بواری سایکۆلۆژیدا شتێکی فێر کردووم، دەبێ ئەوەش بگوترێت کە دۆستۆیفسکی زیاتر سەروساختی دەگەڵ دەروونی خەڵکانی نەخۆشدا هەبووە و هونەریانە مامەڵەی لەتەکدا کردوون.. ئیدی سەبارەت بە شاکار و کام بەرهەمی شاکارە، عەرزم کردیت زۆربەی بەرهەمەکانی شاکارن و هەر کەسە بە گوێرەی فام و تێگەیشتن و زەوق و سەلیقەی خۆی، یەکێك لە بەرهەمەکانی بە شاکار دەزانێ و ناهەقی نییە، چونکە هەر بەرهەمێکی دەگری و دەخوێنییەوە، بە ڕادەیەك لە ڕووی هونەری و دەروونییەوە تێرت دەکات، کە بە شاکاری بزانیت، بەڵام سەبارەت بە گەمژە، ئەوەندەی لەم ڕۆمانەدا کاری لەسەر فکر کردووە، یان کاری فکریی کردووە، لە هیچ ڕۆمانێکی دیکەیدا نەیکردووە.

**١١-: ئەلبێر کامۆ، جگە لە ڕۆمان شانۆشی نووسیوە، بە ڕای تۆ نووسەر دەبێ خۆی دیاریبکات لە بوارێکدا بنووسێت، یان ئاساییە لە چەند بوارێکدا کار بکات؟**

١١- بەهرە کە سەری کرد، کە قافی هات، بە هەر شێوەیەك بووە، دەربیچەیەك دەدۆزرێتەوە و گوزارشت لە خۆی دەکات، عەینی ئەسپی ڕەسەن دەبێ خۆی بنوێنێت، ئەلبێر کامۆ یەکێك بوو لە هونەرمەندە بەهرەمەند وفرە بەهرەکان و لە بوارە جیاوازەکانی

ئەدەبدا قەڵەمڕانی کردووە، بەهرە جڵەوناکرێت و گرینگ ئەوەیە خۆی بنوێنێ، ئیدی تاك مەیدانی یان فرە مەیدانی گرینگ نییە، هەموو ڕێگاکان دەچنەوە بۆ مەملەکەتی داهێنان، ئیدی هەر داهێنەرێك دەبێت قەدری توانا و بەهرەی خۆی بگرێت و...

**١٢-: هەست ناکەیت دۆستۆیڤسکیش وەك هەر نووسەرێکی دیکە بەرهەمی کرچوکاڵی هەبێت؟ ئەگەر هەیەتی کامەیانە؟**

١٢- دۆستۆیفسکی لە سەرەتاوە لە کاریگەریی گۆگۆڵ و پوشکین و بەلزاك، چارلز دیکنز، شەکەسپیر، فیکتۆر هۆگۆ، گۆتە، هوفمان و تەنانەت پاسکاڵیش بەدەر نەبووە، هەڵبەتە ئەمە بە عەیب نایەتە ژماردن، بەڵکو بە پێچەوانەوە نیشانەی ئەوەیە کە پەیگیرێکی جدی ئەدەبیات بووە و سەرانسەری ئەدەبیاتی دنیاش لە کاریگەری یەکدی بەدەر نەبووە و تەنانەت هەوەڵین ئەدەبیاتی نووسراو، لە کاریگەری ئەدەبیاتی فۆلکلۆری بەدەر نەبووە.. گرینگ ئەوەیە چۆن شوێنەواری ئەو کاریگەرییە لەبەرهەمەکەی خۆتدا هەرس دەکەیت و نەفەسی خۆتی پێ دەبەخشیت و شێوازی خۆت دەدۆزیتەوە .. دۆستۆیفسکی زوو خودی هونەری خۆی دۆزیوەتەوە، هەرچەندە بە خۆی دەڵێت : هەمووومان لە ژێر پاڵتۆکەی گۆگۆڵەوە دەرهاتووین، بەڵام، بیلینسکی ڕەخنەگری لەزەبری وەخت دەڵێت: هەرچەندە دۆستۆیفسکی زۆر قەرزاری گۆگۆڵە، بەڵام نابێ بە لاسایی کەرەوەی ئەو بزانرێت، بەندە پێموایە دۆستۆیفسکی زۆر لە چیرۆکە کورتەکانی خۆی.. وێڕای پڕ بەرهەمی دۆستۆیفسکی، ژمارەیان کەمە.. ڕازی نەبووە، چونکە هەندێك لە نێوەرۆك و تێمەی ئەو کورتە چیرۆکانە، بە شێوەیەکی تێروتەسەلتر لە ڕۆمانەکانیدا دووبارە کراونەتەوەو خوێندنەوەیەکی هونەری قووڵتریان بۆ کراوە، بەڵام

وێــڕای هەمــوو شــتێك دۆستۆیفســکی هەر هەڵـۆ بەرزەفـڕەکەی ئاسمانی ئەدەبیاتی دنیایە و ئەدیبی هەموو سەردەمەکانە.

**١٣-: بـا بێیــنە ســەر فەرهەنــگ، هەمووـمــان دەزانــین ئامادەکردنی فەرهەنگ کارێکی قورسە، چ جای ئەوەی بە تەنێ بـی، ئەوە هەر قورستریشـە. دەمەوێ بـزانم مـاوەی چەنـد بە ئامـادەکردنی فەرهەنگـی گۆڤەنـد و زنـارەوە بـووی و کێشـەو گیرو گرفتەکانی چی بوون و چەند وشە لە خۆ دەگرێت؟ وەکو بیسـتوومە فەرهەنگی(دانشـگاه کردسـتان) هـی ماجـد مەردۆخ ڕۆحانی سوودی لەو فەرهەنگەی بە ڕێزیشت وەرگرتووە.**

١٣- کاری ئەدەبی لە بنەڕەتدا مامەڵەکردنە لەگەڵ زماندا، پێموابێـت نــابێ بە زێــدەڕۆیی کە بگــوترێ ئەدەب، دەقــی ئەدەبــی دەکــاتە بەرهەمهێنانی هونەریانەی زمان، بەندە زیاتر لە ڕێگـای کـاری پاچڤە و وەرگێڕانەوە پەیـم بە پێویسـتی و زەروورەتـی فەرهەنـگ بـرد، دیـارە کاری فەرهەنگنووسی، کارێکی ئێجگار قورسە و هەوڵـی فەرهـادانەی دەوێت، بە لام لە پێداویستییە هەرە پێویستەکانی ژیانی ڕۆشـنبیری و ئەپســتمولۆژی هەر میللەتێکە...نــزیکەی چــوار دانە ســاڵ بەدەم سەرقاڵی ژیانەوە، بە پچڕ پچڕی کـارم تێـدا کـردووە و کێشـەی هەرە گەورەش لە تایـپ کردنەکەیـدا بـوو، چـونکە سـێ جـۆرە ڕێنووسـی فارسی، کوردی، لاتینی تێدایە و هەمـوو تایپیسـتێك خـۆی لە قەرەی نەدەدا.. پــارەی تــایپەکەیم لە دەمــی مــاڵ و منــداڵ گرتــووەتەوە، ناوەکەیشــیم بە نــاوی هەردوو کــچە ئــازیزەکەمەوە نــاو نــاوە و پێشکەشی خاتوو سەرگوڵی دایکیانم کـردووە، پتـر لە پەنجا هەزار وشـەی کـوردی لە خـۆ گرتـووە و بەڵـێ مامۆسـتا ماجیـد مەردۆخ، لە فەرهەنـگەکەی خۆیانـدا سـوودیان لێوەرگرتـووە و لە سـەرچاوەکاندا

ئاماژەیان پێکردووە و ئەمانەتداری خۆیان نواندووە، گۆڤەند و زنار تا ئێستا دوو چەلان چاپ بووە و لە سایتیکی فارسیدا دانراوە و بە (پی دی ئێف)، لە سایتی بەرهەمەکانی بەندەشدا دانراوە.. لە ئەنجامدا حەز دەکەم ئەوە بڵێم فەرهەنگی گۆڤەند و زنار ئەو کارەیە کە توانیومە بیکەم، نەك ئەوەی کە خۆزیام پاراو بکات، ئەڵبەتە بە پێویستی دەزانم لێرەدا پڕ بە دڵ سوپاسی هاوڕێم ئەدیبی پایەبەرز مامۆستا (جەلال زەنگابادی) بکەم، کە هاندەرێکی دڵسۆز و هاوکارێکی باشم بووە.. وێنە و نموونەیان هەر زۆر بێت.

**١٤-:جگە لە فەرهەنگ بەرهەمێکیشت لە سەر زمان و دەستووری فارسی هەیە، ئەی بۆ هیچ شتێکت لە سەر زمانی عەرەبی نییە. لە کاتێکدا بە هەردووك زمان وەرگێڕان دەکەی؟**

١٤- ئەو کتێبە کورتەیەکە دەربارەی زمان و دەستووری فارسی بۆ ئارەزوومەندانی فێربوونی فارسی، هیچ پێت سەیر نەبێت گەر بڵێم هەرگیز بیرم لەوە نەکردبووەوە کە ڕۆژێك لە ڕۆژان دەست بدەمە دانان و ئامادە کردنی کتێبێکی لەم بابەتە، چونکە بەشبەحاڵی خۆم چوونە بنجوبناوانی زمان بە کارێکی قورس دەزانم وئەو ماوەیەشم نەبوو کە کارەکەم نەخت و پوخت و بە دڵی خۆم بێت، بۆیە وەختایەك ڕێکخراوی خێرخوازی (کۆمەڵەی هیوای عێراقی) لە ١١/٢/ ١٩٩٥ دا دەورەیەکی فێرکردنی زمانیان لە شاری سلێمانیدا کردەوە و فارسی یەکێك بوو لەو زمانانەی کە لە بەرنامەکەیاندا بوو، ڕوویان لە من نا کە زمانی فارسییەکە بڵێمەوە، زۆر پرس و ڕام لە گەڵ خۆمدا کرد، دوودڵ بووم لەوەی بچمە ژێر ئەو بارە قوورسە یان نا! کە چووم دەرەقەت دێم یان نا! بڕیاردان قورسە! زمانیش زەحمەتە

لە ماوەی چل سەعاتدا بگوترێتەوە، چونکە بۆ فێربوونی هەر زمانێك بەلای کەمەوە دەبێ سێ قۆناغ لەبەرچاو بگیرێت، فێربوونی دەنگەکان ( فۆنیم) فێربوونی لایەنی مورفولوجی زمان کە بریتییە لە لێکۆڵینەوەی وشە لە دەرێی ڕستەدا و ئەوجا فێربوونی لایەنی سینتاکسی زمان کە بریتییە لە مامەڵەکردن لەتەك وشەدا، لەناو ڕستەدا و بە جۆرێکی هاوپەیوەند لەگەڵ وشەکانی تری ناو ڕستەدا.

بە هەر حاڵ، بە نە بەدڵییەوە کارەکەم وەئەستۆ گرت و شانم دایە بەری و ئەوجا ما بیر لەوە بکەمەوە چۆن ئەم چل سەعاتە بە فێڕۆ نەدەم و ئەوپەڕی سوود بە فێرخوازان بگەیەنم، هەرچی سەرم هێنا و سەرم برد چل سەعات بەشی ئەو سێ قۆناغە ناکات کە من بەتەمای بووم، بۆیە هەستام هەردوو قۆناغی دەنگەکان و مورفولوجیم بە شێوەیەکی چڕوپڕ لێکدا و هەر بۆ خوێی چێشت ئاوڕم لە لایەنی سینتاکسی دایەوە و دوای چل سەعات کارکردن و خوێندنەوەی چەندین سەرچاوە بۆ ئەم مەبەستە، ئەم کتێبە هاتە بەرهەم، کە تەنیا هەوڵی ئەوەم داوە فێرخوازان بخەمە سەر ڕاستە ڕێگەی فێربوون و هەنگاوی پاشترم وەئەستۆی خۆیان خستووە..

سەبارەت بە زمانی عەرەبی هەرچەندە چەندین وتارم بە عەرەبی بڵاوبوونەتەوە و کتێبێکم بە عەرەبی بە ناونیشانی (وقفات فی رحاب الپقافە الکوردیە) چاپ و بڵاوبووەتەوە و ئەدیبی هێژا و عەرەبی زانی زۆر بە توانا مامۆستا ( جەلال زەنگابادی) پێشەکی بۆ نووسیوە، بەڵام نە ئەو هەلەم بۆ ڕەخساوە و نە بیرم لە شتی وا کردووەتەوە بە عەرەبی کارێکی لەو بابەتە ئەنجام بدەم و هەڵبەتە خەڵکانی زۆر لە من لە پێشتر هەن بۆ ئەو کارە.

**١٥-: ئەگەر بێینە سەر شیعر،لەمەڕ شیعر و شاعیراندا چەند بەرهەمێکت هەیە، زۆر بە کام شاعیری کورد سەرسامی؟ ئەی بۆ خۆت شیعرت نەنوویوە تا ئیستا؟ ئەگەر نووسیوتە بۆ بڵاوت نەکردۆتەوە؟**

١٥- بەندە کتێبێکم هەیە بە ناوی ( دەربارەی هۆزان و هۆزانڤانی) کە بریتییە لە باسێك وچەند گفتوگۆیەکی شیعری، باسەکە هی ڕەزا بەراهەنییە و گفتووگۆکان دەگەڵ شاعیران ( روبرت فرۆست، ت. ئیلیوت، ئەزرا پاوەند و سەید محەمەد تاهیری هاشمی)دان، دەگەڵ کتێبێکی دیکەدا بە ناونیشانی ( شیعر کوژی) کە لە نووسینی بەندەیە، کە بە مەزەندەی خۆم برێك بابەتی هەستیاری لە خۆ گرتووە، لە شاعیرە کۆنەکان بە ئەحمەدی خانی، بە مەلای جزیری، بە مەولەوی، بە مەحوی، بە پیرەمێرد، بە گۆران، لەوانی دی سەرسام ترم، بەندە تەنیا یەك شیعرم نووسیوە بە ناوی ( هەڵبەستێکی هەتیو کەوتوو) کە لە ژمارەی ( ١٧٠) ڕۆژنامەی هاوکاری، لە بەرواری ٨/٦/ ١٩٧٣ بڵاوبووەتەوە و ئیدی ببڕای ببڕ نەچوومەوە بەلای شیعردا.

**١٦-: شیعر لە لای تۆ چی دەگەیەنێ؟**

١٦- جۆرە سرووتێکە خۆی موراد و موریدی خۆیەتی، بەتایبەتی شیعری تازە، کە بونیادێکی سەیر و نائاسایی هەیە، هەڵبەتە سەیر و نائاسایی بە مانا ئیستاتیکییەکەی، بۆ نموونە زیاتر خەیاڵ و خەون و خەوبینی بەسەریدا زاڵە، جۆرێك لە گۆنگی و ئاڵۆزی فیلیڤانی وئەفسوونی زمانەوانی پێوە دیارە کە ئەمە جۆرە مۆرك و شەقڵێکی ئەفسووناوی پێبەخشیوە و لە هەر دەربڕینێکی باو و سواوی دوورخستووەتەوە.خۆی لە هەر گوتارێکی شیعری ڕاستەوخۆ

پاراستووە..یانی خەیاڵی داهێنەرانە زاڵە و پەنا دەباتە بەر بەکارهێنانی وزەی سازڤانی زمان و ئەوەندەی لە خەمی شیعرییەت و هونەریەتی شیعردایە، لە خەمی گوتاری شیعریدا نییە، زیاتر بەلای دابڕاندا دایدەکێشێت و لە هەوڵی ئەوەدایە دەقی شیعر بکات بە جۆرە موومارەسەیەکی هونەریانەی جوانپەرستی و پاکبوونەوەی ڕۆحی، یانی خوێنەری جدی و تیژسەرنج وەختایەك دەقێکی ڕەسەنی شیعری ئازاد دەخوێنێتەوە، خۆی لەناو ئەزموونێکی هونەری جەنجاڵی پڕ لە ڕەمز و ڕازی ئەوتۆدا دەبینێتەوە کە هەست بە غوربەتێکی میتافیزیکی دەکات و قاییلە ئەگەر بە لەزەتێك یان سووکە لەزەتێکی ئیستاتیکییەوە بێتە دەرێ. دیارە ئەم گۆنگی و ئاڵۆزییە فیلیڤانیە دەکاتە کارێك کە شاعیر و دەقی شیعری نەکەونە داوی گوتارەوانی و ڕاپۆرتکاری ڕاستەوخۆوە، یان ختووکەدانی سۆزی جەماوەر، یان بانگەواز و ئامۆژگاری سواوی ئەخلاقییەوە. دیارە جیهانبینی ئەم جۆرە شیعرە سنووری شتە دیار و هەستپێکراوەکان دەبەزێنێ و ئوتمۆسفێر و هاماجی غەریب و نامۆ و بێسنووری خۆی بەرهەمدێنێ و ئەمەش وا دەخوازێ کە شاعیر پەنا وەبەر زمانێکی تازە ببات، تا دەگەڵ ئەو جیهانبینییەدا تێکبکاتەوە کە بە زمانی تقلیدی سواو نایەتە دەرك کردن، وشە و پەیڤ، جێگەی دەنگ و نۆتەی مۆسیقا دەگرنەوە، یانی شیعر لەم حالەتەدا دەبێت بە جۆرە سۆزە و زەمزەمەیەکی سازڤانی. زیاتر گوزارشت لە ئەزموونێکی ئیستاتیکی ڕەهای میتافیکری مەند و مەنگی هاوتەرازی بێدەنگییەکی ئەفسووناوی دەکات....

**١٧-: شێرزاد حەسەن دەڵێ: شیعری ئیستا وەك مەتبەخی لێهاتووە، هەمووی هەر باسی سووتان و برژان و کولانە، تۆ دەڵێی**

**چی لەوبارەیەوە؟پێتوایە شاعیرانی ئیستا بە کەڵکی ئەوە دێن پێیان بگوترێ شاعیر؟ ئەگەر هەبن کێن ئەو شاعیرانە؟**

١٧- من لەگەڵ ئەوەدا نیم رێگەی وتن لە مامۆستا (شێرزاد حەسەن) و هەر کەسێکی دی ببێتە گرتن.. شیعریش لە کاریگەریی وباندۆری کۆمەلایەتیی و رۆشنبیری و سیاسی سەردەمی خۆی بەدەر نابێت، گرینگ ئەوەیە شاخ و باڵێکی هونەری ئەوتۆی لێ بنرێ، کە بە ناسنامەی خۆماڵییەوە لە دەرگای جیهانییەت بدات و بێ منەت هونەریەتی خۆی رابگەیەنێت، لە شیعری تازەدا زەمەنی باتین دەبێت بە پەناگای شیعر،دەقی شیعر بە دنیایەك رەمز و لەگەزان بارگاوی دەبێت و وزەیەکی ریتمەوانی ئەوتۆ پەیدا دەکات کە لە باری کاریگەرییەوە لە فیکر کاریگەرتر و کاراترە، زۆر جار شیعری تازە لەمەوە سەردەکێشێت بۆ شیعری خالیسەی ئەبستراکت و ئیدی تێگەیشتنی شیعر لە باشترین حاڵەتیدا لە رووی دەروونییەوە مەیسەر دەبێت. جا چونکە زمان توانای ئەوەی نییە چەمك ومانایان بە وردی بنوێنێ و عەکس بکاتەوە، ئیدی پەیوەندی نێوان شیعر و خوێنەر لەوە دەردەچێ کە پەیوەندی تێگەیشتن بێت، بەڵکو دەبێ بە جۆرە ئیحا و سەرۆیەکی ئەفسووناوی . لەم حاڵەتەدا شیعر دەبێت بە شتێکی شەخسی و نایەتە وەسفکردن و دیاریکردن. کەسێك بەخۆی راستەوخۆ پەی پێ نەبات و زەوقی لێ وەرنەگرێت، کەس ناتوانێ بۆی باس بکات،یان بۆی بگێرێتەوە. ئیدی شیعر شیعرە و تەواو، خۆی هونەریەتی خۆی بەرهەم دەهێنێت و قەوارەیەکی خەونئاسای خەیاڵاوی، سیحر ئامێز پەیدا دەکات. جا لێرەدا شاعیر دەبێت بە خەڵوەتنشینی، خەڵوەتخانەی شیعر و پەنا وەبەر زمانێکی گۆنگ و ئالۆزیفیلیڤانی (

ابداعی) سەختفامی ئەوتۆ دەبات کە ئەوەی ئەهلی شیعر نەبێ، خاوەنی هۆشمەندییەکی هونەریی ڕەخشان نەبێت، بە ئاسانی تێی ناگات، چونکە شاعیر زیاتر کاریگەریی ئەفسووناوی و نەباوکردنی باوەکان و ڕیشاژۆکردنی ئەزموونە باتینییەکان وتەقاندنەوەی وزە پەنهانەکانی وشەی مەبەستە تا بابەت.بۆیە خوێنەر کە شیعرێکی تازە دەخوێنێتەوە، وا هەست دەکات حایرو سەرسام، سەراسیمەو سەرگەردان، بە نێو چڕە دارستانێکی پڕ ڕەمزو ڕازی بە سام و هەیبەتدا دەڕوات و لەناکاوا سیمورغێکی ئەفسانەیی لە وەسف نەهاتگ دێت، باڵی بۆ ڕادەخات. دەیبات بۆ حەوێقی ئاسمان و لەوێ بەدەم زەمزەمەی ئەزموونێکی ئیستاتیکی سیحراویەوە بێدار دەبێتەوەو ئۆخژنێکی نادیار بە ڕوحیا دەگەڕێت و بەو دەقەوە ئەفسوون دەبیێت. واتا ئەرکی شیعر، شیعری تازە لەوە دەردەچێت، گوێزانەوەو گەیاندنی مانایەك یان زنجیرە مانایەك بێت، بەڵکو دەبێت بە داهێنان و ئەفراندنی قەوارەیەکی سازڤانی زندووی سەربەخۆ ومامەڵە دەگەڵ ئەو ڕەگەزە ڕیتمەوانی و نەواییانەدا دەکات کە لە زماندا پەنهانە.

ئیدی شاعیر سیحربازانە لە پرۆسەی شیعرییەکەیدا، مامەڵە لەتەك ڕیتم و ئاواز و تۆناندا دەکات، بیر لوە ناکاتەوە واقیع کۆپی بکاتەوە، بەڵکوو هونەریانە دەیگۆڕێت، دەیەوێ واقیع لە واقیعیەتی خۆی ڕزگار بکات و ڕووناکیەکی سیعریی ئەوتۆی پێ بدات کە واقیعیەتەکەیت لێ بسڕێتەوە. مەبەستی شیعری تازە زیاتر ئەوەیە بگاتە نادیار، بگاتە ئاستی دیتنی ئەوەی نایەتە دیتن، بیستنی ئەوەی نایەتە بیستن، گوتنی ئەوەی نایەتە گوتن. گرتنی ئەوەی نایەتە گرتن، بۆنکردنی ئەوەی نایەتە بۆنکردن، فەتحی نادیارەکان،

دابڕانی خودی شیعری لە خودی شەهنی دەروونی... یانی بگاتە شیعریەتێکی فیلیڤانی ئیجابەخش، نەك ئاسانی فام. یانی بێمنەت لە جەماوەر و وەرگر. داخراوی و گۆنگی شیعرەکە، وەرگرناچار بکات گوێی لێ بگرێت و هەرجارەی ڕاڤە و شرۆڤەیەکی تازەی بۆ بکات. بە نەباوی و غەریبی خۆی وەرگرانی دژەباو و بێزار لە باویەك بە لای خۆیدا ڕابکێشێت... هەڵبەتە پێتڤیە ئەوەش بگوترێ کە هەر وشەڕیزکردنێکی بێ سەر و بەر، هەرچەنە بازییەکی نا شیعری، هەر کۆمەڵە ڕستەیەکی تێکشکێنراوی ناو باو، هەر بانگەوازێکی ئیباحیەتی خوازی سێکسی، ناکاتە شیعری تازە، هەر هەوڵێکی دەسکردی نارەسەن بە ناوی داهێنانەوە، بەمەبەستی گوایە پێشەنگایەتیەوە ناکات شیعری تازە، شیعری تازە، پێویستە زادەی زەرورەتیهونەری قۆناغ و سەردەمی خۆی بێ نەك لاسایی کردنەوەی کوێرانە و چاولێکەری و مۆدبازی، هەر هەوڵێکی لەو بابەتە بە مردوویی لەدایك دەبێت... بەهەرحاڵ هەوڵی شیعری لە هەرێمی کوردستاندا زۆرە، هەموو هەوڵێکیش حەلاڵە، کام لەم هەولانە دەگاتە لوتکەی هونەریەت، گەتحی مەحاڵ دەکات، ڕۆژگاری حوکم دەدات.. هەندێك لەو هەوڵە شیعریانەی پێم خۆشن، ئەوەی هەنووکە لەبیرم بن، هەوڵەکانی ئازیزان کاکە ئیدریس عەلی، ڕۆژ هەڵەبجەیی، کەژاڵ ئیبراهیم خدر، ناڵە عەبدولڕەحمان، تریفە دهۆکیە،، داوای بوردن لەوانی دی دەکەم کە ئێستا ناویانم لە خەیاڵدا نییە. بەهەرحاڵ شیعر دەستوپەنجە نەرمکردنە دەگەڵ مەحاڵدا. شیعر لە خەمی ڕیشاوکردنی شیعریەتی ژیاندایە، شیعریەت لە ژیان جیاببێتەوە، سیحری ژیان بەتاڵ دەبێتەوە.

**١٨-لە پێشەکی بێناسنامەکاندا چیرۆکێکی عەزیز نەسینت هێناوەتەوە کە باس لەوە دەکات نووسەر یان وەرگێڕ هەندێ کات نازانێ چی نووسیوە لە ڕابردوودا، بۆ خۆت وات بەسەر هاتووە نەتزانیبێ دێڕێك یان چیرۆکێك یان بابەتێ کە خۆت نووسیوتە، پیشانیان دابییەوە و نەتزانیبێ کە ئەوە هی تۆیە؟**

١٨- نەخێر تووشی حاڵەتی وا نەبووم.

**١٩-: بەشێکی بێناسنامەکان لەگەڵ بەشێك لە کتێبی گێلە پیاو، یەك دەگرێتەوەو هەمان ڕووداویان هەیە. ئەو کاتەی گێلە پیاو لە کارگەیەك کاری دەست دەکەوێ و ئیمزای وەسڵ ناکا، بۆیە دەردەکرێ. ئەو ڕووداوە لە بێناسنامەکانیشدا دووبارە بووەتەوە. پێت وایە نووسەر بە ئانقەست وایکردووە یان چی؟**

١٩- هەندێ جار نوسەر کە بەرهەمێك چاپ و بڵاودەکاتەوە، ئەوسا هەندیك کەلێن و کەموکوری بەرهەمەکەی خۆی بەدی دەکات، هەست دەکات ئەو خوێندنەوە هوونەرییەی بۆ نەکردووە کە حەزی ئەوی پاراوکردبێت و تینوێتی هونەریی ئەوی شکاندبێت، بۆ هەمان تێمە و ناوەڕۆك، بە خوێندنەوەیەکی هونەری پوختەترەوە، لە بەرهەمێکیٔ دیکەی خۆیدا دووپات دەکاتەوە، بۆیە دووبارەبوونەوەی یەك تێمە و ناوەڕۆك لە دوو بەرهەمی هەمان نووسەردا ئاساییە، دووبارەبوونەوەی گرتەیەك یان دیمەن و ( ) لەو دوو چیرۆکەی عەزیز نەسین دا، لە بێناسنامەکان و گێلە پیاودا ئاساییە.

**٢٠-: کتێبەکەی ئالبێر کامۆ ( نامۆ) چەند کەسێك وەریانگێڕاوە، زیاتر لە شەش کەس. چی بکرێت بۆ ئەوەی کتێبێك چەند کەسێك وەری نەگێڕن و ئەو کاتە بگەڕێتەوە**

**تا شاکاری دیکە وەرگێڕدرێ؟**

٢٠- سەبارەت بە ( نامۆ) ی ئالبێر کامۆ، بەندە یەکەم کەس بووم کە وەرمگێڕا، لە سالانی هەشتایەکانی سەدەی بیستەمدا، بەدەم پێشمەرگایەتییەوە وەرمگێڕاوە و تا ئێستا چوار جاران چاپ و بلاوبووەتەوە و تەتەڵە و نژار و پێداچوونەوەم بۆ کردووە... بە قەناعەتی بەندە باچڤەی دووبارە و سێ بارە، بەتایبەتی پاچڤەی دووبارەی ئەو بەرهەمانەی کە هەموو مەرجێکی پاچڤەی باشیان تێدایە، کارێکی باش نییە، پاچڤەی دووبارە و سێ بارە هەم وەختی وەرگێڕ و هەم وەختی دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەکە بە فیڕۆ دەدات، هەم پارەی تێچوونی چاپ و بلاوکردنەوەی کتێبەکەش بە فیڕۆ دەڕوات، ئەمە جگە لەوەی بازاڕی فرۆختی کتێبەکەش کز دەبێت، لە جیاتی ڕێژەی فرۆختی کتێبەکە بەسەر دوو یان سێ پاچڤەدا دابەش بێت، بۆ یەك پاچڤەی باش بێت زۆر باشترە، خوێنەریش تووشی سەرەگێژی نابێت، خۆ ئەگەر داواکاری لەسەر بوو لە بازاڕدا نەمانوو دەشێت هەمان پاچڤە، چاپی تازە بکرێتەوە، ئەگەر دەزگاکانی چاپ و بلاوکردنەوە، هاوئاهەنگییەك لە ناو خۆیاندا بکەن خۆ لە چاپ و بلاوکردنەوەی پاچڤەی دووبارە و سێ بارە ببوێرن،ئەوا هەم پارەی تێچوونی چاپەکەیان بۆ دەگەڕێتەوە و هەم کاتێکی زۆریش هەم بۆ ئەوان و هەم بۆ وەرگێڕەکە دەمێنێتەوە و ئەوکات و پارەی تێچوونە لە کتێب و بەرهەمێکی تردا خەرج دەکرێت و هەنگێ لە ڕووی چەندییەتییەوە خزمەتێکی زیاتر بە کتێبخانەی کوردی دەکرێت و..

**٢١-: بۆچی دەبێ ئەو نووسەرە ڕەشبینانە خوێنەرێکی زۆریان هەبێ،لە کاتێکا لە کۆتایی تەمەن خۆیان کوشتووە ؟ وەك**

**(سادق هیدایەت، کافکاو...هتد).**

٢١- ئیدی هەرکەسە و دید و بۆچوون و خوێندنەوەی تایبەتی خۆی بۆ ژیان هەیە، ڕەنگە ئەوەی ئێمە پێی دەڵێین ڕەشبینی، ئەوپەڕی واقیع بینی بێت، ئەگەر هەندێ ورد بڕوانی بۆت دردەکەوێت کە چ ژیانی فیزیکی و چ ژیانی هونەری هیدایەت کە زیاتر لە ( بوە کوێرە)دا بەرجەستەیە، قەڵایەکی ئێجگار سەختە و بە ئاسانی ڕێی پێ نابرێت.. ئەم چیرۆکە لە کاریگەری دەق و بۆچوونانی فەلسەفی ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژئاوایی بەدەر نییە، زۆر لە دنیای خەیامییەوە نزیکە، لە دنیای سارتەر و کافکاوە نزیکە، بۆیە هەر هەوڵێك بۆ لیکدانەوە و ڕاڤەی دەقی بوە کوێر بەدەر لە پرەنسیپی هەڤدەقی (ئینتەر تێکستواڵیتی) کارێکی بێهودەیە، لە دنیای خەیامیدا ئینسان سەرگەردانە، پەی بە ڕازی گەردوون نابات،گەمەی دەستی قەدەرە، لە مردن دەترسێت و باوەری بە گەرانەوە نییە، تەمەنی مرۆڤ کورتە و سەفەری مرۆڤ لە دنیادا، لەم سەرزەمینەدا زۆر کورتە و فریای هیچ ناکەویت. خەیام دەڵیت:

ئەوانەی کە نەهاتوونەتە دنیا
گەر بزانن ئێمە چ دەردێك
دەکێشین بە دەست دنیاوە
هەرگیز نایەنە دنیا.

ڕەنگدانەوە و دەنگدانەوەی ئەم بۆچوون و فەلسەفەیە بە زەقی لە بەرهەمی هیدایەتدا، بە تایبەتی لە بوە کویرەدا، کە دەشێت بە ئۆتۆبیوگرافییەکی چڕی هونەریی خۆی بزانرێت، زەق و دیارە، واتە مەرگ بەلای هیدایەتەوە، دوا شەپۆلی ژیانە، هیدایەت چاوی لە تەماحی دنیایی نەبووە، پێی وابوو تەماحی دنیایی بەشەر ناشرین

دەکات و ژیان خەون و خەیاڵێکی ڕەوتەنییە و مەرگ کە هات خەتێکی ڕاست و چەپ بەسەر هەموو بەهاکاندا دێنێ و کەڕەتی سفری دەکات، کەواتە دنیا داوێکە و تەواو، ئەوەتا دەڵێت" تەنیا مەرگ درۆ ناکات" یان " کە مەرگ هات هەموو وەهم و خەیاڵەکان دەسڕێتەوە . ئێمە ڕۆڵەی مردنین و هەر مەرگە ئێمە لە فریوەکانی ژیان دەخەلسێنێ " واتە لە هەنبەر هەقیقەتی ترسناکی مەرگدا، هەموو شتێك فریوە و بێتام، مەرگیش بۆ خۆی ترس و نیگەرانییەکی گەورەیە ئەوەتا لە بوە کوێرە و زۆر بەرهەمی دیکەیدا " ترسی مەرگ" بەرۆکی گوتیاری چیرۆکەکە بەرنادات، لە بەرهەمەکانی هیدایەتدا هەستی تەنیایی زۆر زاڵە، هەست دەکات بۆشاییەکی ترسناك لە نێوان ئەو و خەڵکیدا هەیە، دنیا بەلای ئەووەوە " ماڵێکی چۆڵ و خەمناکە" پێی سەیرە خەڵکی بێ خەم و خەیاڵ، بێ هیچ ترسێك لە سێبەری ترسناکی دێوی مەرگ دەخۆن و دەخەون و وەکو گەنە بە لاشەی دنیاوە چەسپیوون .

هیدایەت کە هەست دەکات بارە بەسەر ژیانەوە، نانخۆر و جێگرێکی زیادە بەسەر دنیاوە، هەست دەکات ئەم دنیایە بۆ " کۆمەڵێك خەڵکی بێحەیا، ڕوودار، سواڵکەر تەبیعەت وخوازەڵۆك، خۆفرۆش، قاچاخچی و چاو ودڵ برسی، بۆ خەڵکانێك کە پڕ بە پێستی دنیا خولقاون" دروستکراوە.. ئیدی بەو جۆرە هیدات، سادە ژیا و گۆنك و ئاڵۆز مرد.. بەندە نە هیدایەت و .. نە کافکا و.. بە ڕەشبین نازانم، بگرە زۆر واقیع بینن.. هەر بۆیەش خوێنەری ئەوان خوێنەری جدین...

**٢٢-: تەکنیکی نووسینی سادقی هیدایەت لە کافکا نزیکە و مەحمەوودی دەوڵەت ئابادی لە دۆستۆیفسکی نزیکە. ئەی**

**تەکنیکی ئەحمەد مەحموود لە چ نووسەرێك نزیکە بە ڕای تۆ؟**

٢٢- ئەحمەد مەحموود نزیکەی چل دانە ساڵ لە ناو زمان و بە زمانی فارسی قەڵەمڕانی کردووە و لە سەرەتاوە تا کۆتایی هەر نووسەرێکی ڕیالیست بووە، ناوی ( احمد اعگاءُ، )ـە لە ساڵی ١٩٣١ لە ئەهواز هاتووەتە دنیا، سەردەمانی منداڵی و لاوی لەوێندەر بەسەر بردووە، لە سەرەتای گەنجییەوە خووی داوەتە سیاسەت و چەندین جار گیرۆدەی زیندان و شاربەدەری بووە، ئیدی ژیان و گوزەرانی باشوور وسیاسەت پاشان بوون بە هەوێن و ئامیان و باگراوندی بەرهەمەکانی، ئەحمەد مەحموود پەیڤدار و گووتیار و گێڕەرەوەی ژیانی خەڵکی باشوورە، هەوەڵجار چیرۆکەکانی ئەحمەد مەحموود، لە بڵاڤۆکەکانی دەیەی سییەکانی سەدەی ڕابردوودا بڵاوبوونەوە، لە ساڵی ١٩٥٧ دا کۆمەڵە چیرۆکی مول ،دەریا هنوز ئارام است و لە ساڵی ١٩٦٢ دا سێهەمین کۆچیرۆکی بە ناونیشانی "بیهودگی" بڵاوکردووەتەوە، ئەحمەد مەحموود لەم سێ کۆ چیرۆکەدا هێشتا سێبەر و کاریگەری نووسەرانی ئەو ڕۆژگارەی بەسەرەوە دیارە، هێشتا نەبووە بە خودان دەنگ و ڕەنگی هونەریی خۆی، بەڵام لە کۆچیرۆکی چوارەمیدا ( زائیری زیر باران) جۆرە گۆڕانێك لە ژیانی هونەری ئەودا بەدی دەکرێت و شێوازی تایبەتی خۆی دەدۆزێتەوە و باندۆر و کاریگەری نووسەرانی دیکەی بەسەرەوە کەم دەبێتەوە.

هاوماڵەکان، کە لە نیوەی یەکەمی ساڵانی هەشتایەکانی سەدەی بیستەمدا، بەندە بەدەم ژیانی پێشمەرگایەتییەوە پاچڤەم کردووە و تا ئێستاش دووجار چاپ و بڵاوکراوەتەوە، یەکەمین ڕۆمانی ئەحمەد مەحمووده، ئەم ڕۆمانە دەنگدانەوەیەکی باشی هەبوو و شۆرەتێکی

ئەدەبی شایستەی بە ئەحمەد مەحموود بەخشی. سەڵماندی کە ئەو پیاوە ڕۆماننووسە نە گاڵتە... ئەم ڕۆمانە زیاتر هەڵقولاوی ئەزموونی زیندانی خۆیەتی، چونکە ئەحمەد مەحموود لە تەمەنی بیست ودووساڵیدا، بەهۆی چالاکی سیاسییەوە، بە تایبەتی لە ڕیزی حیزبی تودەدا زیندانی کراوە و پێشتریش سەروساختی دەگەڵ سیاسەتدا هەبووە و ئەم ئەزموونە واقیعییە، دەوڵەمەندییەکی هونەری زیاتری بە هاوماڵەکان بەخشیوە.. ڕۆمانی دووەمی ئەحمەد مەحموود (داستان یك شهر)ـە، کە خالیدی شاقارەمانی ( هاوماڵەکان) لێرەدا دووبارە دەبێتەوە، بەلام بەشێوەیەکی هونەری جیاوازتر... زۆر بەرهەمی دیکەشی هەن، لەوانە ( زمین سوخته، مدار صفر درجه ۳ بەرگە) هەروەها ڕۆمانی دووبەرگی ( درخت انجیر معابد) ... لە ساڵی ۲۰۰۰ دا لە تاران کۆچی دوایی کردووە، مەبەستم ئەمەیە کە مەحموود، بە درێژایی تەمەنی هونەری خۆی، ئەدیبێکی ڕیالیستی بووە و دەشێت بە ڕیالیستانی وەك گۆرکی و میخایل شۆلۆخۆف و... هتد بشوبهێنرێت، بەڵام بە ناسنامەی ئێرانی و واقیعییەتی ئێرانییەوە.

**۲۳-: ڕەخنەگران مەحموود دەولەت ئابادی بە دۆستۆیفسکی ئێران دادەنێن، تۆ لەو بارەیەوە دەڵێی چی؟**

۲۳- لە دنیادا هیچ کەسێك، کەسێکی دیکە نییە، هەرکەسە و خۆیەتی، لە واری ئەدەبی و ڕۆشنبیریدا، باندۆر و کاریگەریی، دیاردەیەکی یەجگار ئاساییە، چونکە هەر ئەدیبێك بگریت، بە پلەی یەکەم خوێنەرێکی جدییە وکاری ئەو خوێندنەوەیە، تەنانەت ئەو دەقەشی کە دەینووسێت، لە بنەڕەتدا خوێندنەوەیەکی هونەرییە بۆ دیاردەیەك، ڕووداوێك، حاڵەتێکی دەروونی یان بیرۆنی، بە کورتی

کاری ئەو دەکاتە هونەراندنی ساتە زیندووە مرۆڤانییە تیژتێپەڕ و کێوییەکان، ئەو ساتە زیندوانەی بە ئاسانی کەوی نابن و ناکرێن، بە نەمری دەسپیرێت، بۆیە هیچ ئەدیبێك، وەکو خوێنەری جدی لە باندۆر و کاریگەریی نووسەرانی دی، بەتایبەتی لە سەرەتاوە، بەدەر نابێت، ئیدی گرنگ ئەوەیە نەفەسی خۆی بە بەرهەمی خۆی ببەخشێت و لە ئەنجامدا خۆی بدۆزێتەوە، ڕەنگ و دەنگی خۆی، ناسنامەی خۆی پەیدا بکات، ڕەخنەگران بۆ هەڵسەنگاندنی بەرهەمی ئەم نووسەرانە، بە ناچاری پەنا وەبەر پرەنسیپی هەڤدەق (التناص) دەبەن.. جا مەحموودی دەوڵەت ئابادی ناسنامەیەکی هونەری کیشوەربڕی ئەوتۆی -هەڵبەتە بە تایبەتمەندی ئێرانییەوە- پێیە ڕوو بکاتە هەر مەملەکەتێکی هونەر، بە شانازییەوە پێشوازی دەکرێت، دنیایەکی هێندە ئاوا و ئاوەدانی داهێناوە، کە ڕێت تێی دەکەوێت سەراپای ڕۆحت لە لەزەتێکی ئیستاتیکی ئەفسووناویدا هەڵدەکێشرێت و پڕ بە ڕۆح هاوار دەکەیت، ئۆخەی... بەندە پێموایە دەوڵەت ئابادی زیاتر لە دنیای یەشار کەمال وستاندال وبالزاکەوە نزیکە، بەڵام بە تایبەتمەندی و ناسنامەی خۆیەوە.

٢٤-: **با خەیام باش بناسین، بە پێی ئەم ڕستەیە بێ،تا ئیستاش کورد وەك پێویست خەیامی نەناسیووە.کورد گوتەنی، تەنها شاعیر بووەو بەس، بەڵام لەو بەرهەمەی کە جەنابت وەرتگێڕاوە، هی جەلال زەنگابادی بە ناوی با خەیام باش بناسین، لەوێدا وەك: زانا، فەیلەسووف، گەردووناس، پزیشك، نووسەر و شاعیر هاتووەتە ئەژمار.؟ هەندێك دەڵێن: خەیام عەرەب بووە، هەروەها شاعیر و وەرگێڕ مەلا خەلیل مشەختی لە پێشەکی وەرگێڕانی چوارینەکانی خەیام بۆ سەر**

**کرمانجی سەروو دەڵێت: خەیام کورێکی نەیشاپووریە لە کوردەکانی خۆراسان.جگە لەوەی لە سەر ڕەچەڵەکی نەتەوەیی ڕای جیاوازو لاواز هەیە، بگرە لە شوێنی لە دایکبوونیشی گومان هەیە، کە لە بەڵخ لە دایك بووبێ، یان لە نەیشاپوور.دەکرێ لە زاری تۆوە خەیام بناسین؟**

٢٤- ٢٥: لە کوردەواریدا لێکۆڵینەوە دەربارەی خەیام و ژیانی خەیام و سەردەمی خەیام و بیرۆبۆچوون و بەهرە و توانا هەمە جۆرەکانی و کارە فەلسەفی و زانستی و هونەرییەکانی یەکجار کەمە و لە سنووری وتار و هەندێ پێشەکی کورت بۆ وەرگێڕانی هەندێ لە چوارینەکانی تێنەپەڕیوە، لێم نەبێ بە درۆ ( کورد و خەیام نە ناسین)ەکەی برای ئەدیب و هونەرمەند مامۆستا خوسرەو جاف لە ڕیزی پێشەوەی هەوڵە لێکۆڵینەوانیەکانی ئەم بوارەیە و دوای ئەو ئەم هەوڵەی ئەدیبی پایەبەرز مامۆستا جەلال زەنگابادی ( با خەیام باش بناسین) کە تێروتەسەلترین لێکۆڵینەوەیە لەم مەیدانەدا، کە بەندەش شانازی وەرگێڕانی ئەم بەرهەمە ناوازەیەم پێ بڕاوە و لەو ڕێگایەوە خۆم کردووە بە شەریکی ئەم بەرهەمە پوختەیە، بێگومان کورد وەکو پێویست خەیامی نەناسیوە، هەر هەموو سەرچاوە سەنگین و زەنگین و پڕ ئیحتوبارەکان ئەوە دووپات دەکەنەوە کە خەیام زانا، فەیلەسووف، گەردووناس، پزیشك و نووسەر و شاعیر بوە و لە هەموو ئەو بوارانەدا بەرهەمی لەپاش بەجێ ماوە و کورد تەنیا لە ڕووە شیعرییەکەوە سەرەتەقییەکی لەگەڵدا کردووە.. ئەویش پاش ئەوەی شیعری بۆ سەر زۆربەی زمانە زیندووەکانی جیهان پاچڤە کراوە، ئێمە لەو مەیدانەشدا، هەر قرەی کاروان بووین، خەیام لە مەیدانی چوارینەدا، بە ( سوولتانی شاعیرانی چوارینە)

هـاتووەتە ژمـاردن، مەگەر خەلکـانێکی زۆر کەمـی وەکـو دانتـی و شکسـپیر و سـیرڤانتس... هاوتـای بـکەنەوە،، سـەبارەت بە عەرەب بـوون، یـان کـورد بـوونی خەیام، هـیچ سـەرچاوەیەکی سـەنگینی پڕ ئیحتوبـاری بـاوەڕپێکراو ئەوەی سـاغ نەکـردووەتەوە، بەڵام گومـان لە ئیرانی بوونی نییە، خۆ نە باسکاری مەزن عەبدولحەمید سـەجادی لە ئینسایکلۆپیدیاکەی خۆیدا( شـاعیرانی کـوردی، فارسـی زمـان/ بە فارسی) نە دکتۆر سدیق بۆرەکەیی لە ( فەرهەنگی نـاودارانی کـورد/ سـێ بەرگە بە فارسـی)و نەبابـا مەردۆخـی رۆحـانی لە (مێـژووی نـاودارانی کورد/سـێ بەرگە بە فارسـی) نـاوی عـومەر خەیامیـان بە کورد نەبردووە.. سەبارەت بە لە دایکبوون و مردنەکەی، ڕای زۆربەی باسکاران و توێژەران بەلای ئەوەدا مایلە کە لەدایکبوون و مردنەکەی لە نیشـاپوور بـووە، کە لە سـەردەمە بەراییەکـانی ئیسـلامدا مەڵبەنـدێکی کەلتـووری فـرە گەورە بـووە.. بە هەرحـاڵ کەسـێك کە ئینتیمـای بـۆ قەلەم پەیـدا کـرد، لەوە دەردەچێـت بە تەنیـا بـۆ خـۆی بژی، تەنیا موڵکی یەك ناوچە و یەم میللەت بێت، بەڵکـو دەبێت بە مـوڵکی هەمـوو تیـرەی بەشـەر، تـێکەڵ بە ئێسـتا و ئاینـدە دەبێـت و دەبێت بە پەیڤدار و ویژدانـی بێـداری تیـرەی بەشـەر، ئەوەی گـرینگە دەقـی بەرهەمەکـانییەتی، زۆربەی بەرهەمەکـانی ئەم فەیلەسـووفە، بەتـایبەتی چوارینەکـانی، کە ڕەگـی هەرهەموویـان دەچێـتەوە سـەر فەلسـەفە، بە زمـانی فارسـی گەیـونەتە ئەم ڕۆژگـارە و زمـانیش ڕەگەنامەی هەر دەقێکە...

٢٦-: **باشترین وەرگێڕان کە بۆ چوارینەکانی خەیام کرابێ، بە ڕای تۆ کامەیانە؟ هەژار، سەلام، گۆران...هتد؟**

٢٦- کـوردیش هەوڵـی داوە چوارینەکـانی خەیـام پـاچڤە بکـات، جگە

لەو کەسانەی تۆ ناوت بردوون، خەڵکانی دیکەش هەوڵیان داوە، دیارە بەندە ڕێزم بۆ هەوڵی هەر یەکێکیان هەیە، هەموو هەوڵێک، بە تایبەتی ئەگەر دڵسۆزانە بێت حەڵاڵە و جێگای قەدرزانییە، هەڵبەتە هەر هەوڵێک جیاوازە لە هەوڵێکی دیکە، بەندە یەك لە باری خۆم هەوڵەکەی شادرەوان هەژاری موکریانیم، نەخازمە لە ڕووی فۆرمەوە لە هەوڵەکانی شێخ سەلام و گۆران پێ سەرکەوتووترە، بەڵام لە ڕووی نێوەرۆکەوە هەست دەکرێت لە هەندێ چوارینانـدا بە ڕادەیەك لە نێوەرۆکە خەیامییەکە دوورکەوتووەتەوە، کە پێدەچێت چوارینەی خودی هەژاربن و لەبەر هەر هۆیەك بێ بە ناوی خەیامەوە بڵاوی کردووەتەوە، یان دەکرێت بە پاچڤەیەکی ئازاد دابنرێت... بە هەرحاڵ ئەم کارەی مام هەژار هەرچۆنێك بێ و هەر چییەك بێت کە بە زمانی کوردی تۆمار بووە و بڵاوبووەتەوە، بووە بە بەشێك لە کەلەپوور و کەلتووری ئەدەبی کوردی و جێگەی قەدر زانییە.

**٢٧-: لە هەنبەر چیرۆکی منداڵانیش جێ پەنجەت دیارە، جگە لەو بەرهەمانەی وەرتگێڕاون، نووسینی خۆت هەیە چیرۆك، کە بۆ منداڵانت نووسیبێ؟**

٢٧- هەڵبەتە جیهانی منداڵ، وێڕای سادەیی و پاکی و بێگەردی، ئاڵۆزی و تایبەتمەندی خۆشی هەیە، دیاریشە منداڵ دەکاتە بەردی بناغەی ئایندە و هەر وەچە و نەوەیەك بە پێی سوونەتی ژیان و جەبرییەتی مێژوو دەبێ ئاڵاکەی دەستی ڕادەستی نەوەی پاش خۆی بکات، جا کە ئەمە سونەتی ژیان و یاسای مێژوو بێ، پێویستە کار بۆ ئەوە بکرێت منداڵان کە وەك نەوە و ئاڵاهەڵگری ئایندە بە ڕێکوپێکترین شێوە و شێواز پەروەردە بکرێن و بە جۆرێك ئامادە و تەیار بکرێن کە شایستەی ئەوە بن بە بێ ترس ئاڵای

ژیانیان پێ بسپێردرێت.

یەکێک لە ڕێگاکانی پەروەردەکردنی منداڵ، ڕاهێنانیەتی لەسەر خوێندنەوە، خوێندنەوە مەودای زانیاری منداڵ فراوان دەکات و گەلێک ڕاستی و زانیاری لەمەڕ خۆی و ئەو ژینگە و دونیایەی کە تیایدا دەژی پێ دەبەخشێت کە ڕەنگە بە ئەزموونی شەخسی یان بە ئاسانی پێی نەگات، واتە خوێندنەوەی جدی لەو ڕووەوە ڕێگاکانی بۆ قەدبڕ دەکات، ئەمە جگە لەوەی خوێندنەوە چاوی منداڵ دەکاتەوەو گیانی ڕەخنەگری وپرسیاری لا درووست دەکات و پێموایە ئەو منداڵانەی دەخوێننەوە و بە پێی بەرنامە موتاڵا دەکەن، لە قوتابخانەشدا لەو منداڵانەی کە ناخویننەوە وریاتر و زیتەڵەتر و چاوکراوەترن، هەڵبەتە منداڵی کورد، لە ڕووی ڕۆژنامە و گۆڤار و بڵاڤۆکی منداڵانەوە، لە چاو منداڵانی وڵاتانی پێشکەوتوودا هیچی وای بۆ نەکراوە.. دیارە ئەمە دیاردەیەکی زۆر خراپە و جگە لەوەی زادەی ئەو بارە سیاسییە دژوارەیە کە کوردی تێخراوە، نیشانەی ئەوەشە کە ئاستی هۆشیاری گەورە سەبارەت بە بایەخ و گرینگی منداڵ زۆر نزم و لاوازە.. جا بەندە لە بواری کاری ناچیزی کەلتووریی خۆمدا، منداڵم فەرامۆش نەکردووە و زۆر کارم لەو بوارەدا کردووە، یەکێک لەو کارانەم، کۆمەڵە چیرۆکی نووسینی خۆمە لە ژێر ناڤی ( کانییە قارەمان) کە یەکێک لەو چیرۆکانە ( ئاخ وەتەن!) کراوە بە عەرەبی و لە کتێبی عەرەبی پۆلی هەشتدا دەخوێنرێت.

**٢٨-: پەیوەندی کۆمەڵایەتیت زۆر لاوازە لە گەڵ نووسەر و وەرگێڕاندا، بۆ؟**

٢٨- بێگوومان هەر پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی باجی خۆی هەیە، یەکێک لەو باجانە نیفاق و ڕووبینی و ڕیابازی کۆمەڵایەتییە، کە

ئەمە باجیکی قورسە و بە هەموو کەسێك نادرێت، بۆیە بە درێژایی مێژوو خەڵکانی ڕاستگۆ و دڵسۆز و هەقپەروەر ، پەیوەندی کۆمەڵایەتیان لاواز بووە، باشترین نموونە سۆفییەکانن، ئەمە جگە لەوەی نووسین و خوێندنەوەش، شێوازیکە لە شێوازەکانی بەردەوامانـدنی پەیوەندی... پەیوەندی بەنـدە لە گەڵ نووسەر و وەرگێڕاندا لاواز نییە، بەڵکو لەگەڵ ( نۆسەران)دا لاوازە.. بە ڕاستی ئێمە لە سەردەمێکی حیزباوی هێندە بۆگەن و پڕ خیانەتدا دەژین، کە دەنگ بخەینە پاڵ دەنگی سارتەری فەیلەسووفی فەڕەنسی و بڵێین: " الاخرون هم الجحیم "

**٢٩-: ئەگەر جارێکی دیکە زندوو ببیەوە حەزدەکەی هەر وەك ئەدیبێك بناسرێیەوە یان حەز دەکەی ببی بە چی؟**

٢٩- جوانی وبەهای ئەدەب لەوەدایە کە کارێکی تا سەرمۆخ مرۆڤانییە.

**٣٠-: لە کۆتاییدا دەڵێم هەست ناکەیت وەك گۆگۆڵ ئاواتەکەت هاتۆتە دی وئەگەر بشمری ناوت بە زندوویی دەمێنێتەوە لە نێو ئەدەبیاتی کوردیدا؟**

٣٠- کەڵکەڵەی نەمری و جاویدانی یەکێکە لە خەون و خولیا مرۆڤانییە ئەزەلی و ئەبەدی و هەمیشەیی و ڕەسەنەکانی تیرەی بەشەر و هەوین و ئامیانی تێکڕای دەستکەوتە ژیاری و شارستانیەتەکانی تیرەی بەشەر بووە و ڕێگەی جۆراوجۆریش بۆ گەیشتن بە جاویدانی و نیمچە نەمری گیراوەتە بەر، یەکێك لەو ڕێگایانە هونەر بووە، بەشەر بە مەبەستی گێڕانەوەی خۆی جۆرەها ژانری هونەری داهێناوە.. دیارە هەر هەوڵێکی ڕەوا بۆ گەیشتن بە نەمری و هەرمان حەڵاڵە، بەڵام هەر ئامانجێك لە ڕێگایەکی ناڕەواوە

بیگەیتێ، ئامانجێکی بەتاڵ، نارەوا و حەرامە.

بەندە بۆ ئەوەی منەت بەسەر کەسدا بکەم، برێك کاری ناچیزم پێشکەش بە کتێبخانەی کوردی کردووە، مەمنوونی بەختی خۆم دەبم ئەگەر بە ئاسانی لێمی وەربگرێت، دەنا وەکو دەڵێن: ماڵی قەڵب سەر بە ساحێبییەتی...

ئەم وتوێژە لە ژمارە (٧١٧) و (٧١٨)ی ڕۆژنامەی هەواڵدا بڵاوبۆتەوە.

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە:**
**ئەمن هونەری وەرگێڕانم نە بەدەرس خوێندوە و نە لەکتێبدا خوێندوومەتەوە.**



**١- زۆرن ئەو کەسانەی، کە ((گێلەپیاو)) یەکەم بەرهەمی خوێندنەوەیان بووە، یان بە جۆرێکی دی، دەستپێکی چوونە ناو خوێندنەوەیان بووە، ئەی یەکەم کتێب، کە تۆ خوێندووتەوە چی بوو؟**

- ئاسان نیە دوای دەیان‌ساڵ دەقاودەق لەبیرت بێ یەکەم کتێب چبووە، بەڵام جگە لە کتێبی دەرسی ئەوەندەی لەبیرم بێ یەکەم کتێبی خوێندوومەتەوە ڕۆمانێکی فارسی بوو بەناوی "تحصیل-کردەها" (دەرس‌خوێندووەکان) لە نووسەرێك بەناوی "مشفق همدانی".

**٢- مامۆستا حەمەدۆك یەکێك بووە لەو کتێبانەی، کە لە نەوەدەکان دەستاودەستی کردووە بۆ خوێندنەوە، یان شەوانە لە شەوچەرەاندا خوێندراوەتەوە و چێژی تایبەتی هەبووە، پێت وایە ئێستا هەمان تام و چێژی خوێندنەوەی مابێ، بۆ ئەو کەسانەی کە یەکەم جاریانە دەیخوێننەوە؟**

- یەکەم بەرگی "حەمەدۆك" ساڵی ١٩٨٦ بڵاو بۆتەوە. دەگەڵ ئەوەی

پەیدابوونی کتێبی ئەلەکترۆنی تاڕادەیەك بازاڕی کتێب و کتێب-خوێندنەوەی کز کردوە وا تێدەگەم ئێستاش خوێنەری وشیار و بەزەوق هەروەك جاران چێژ لە خوێندنەوەی "حەمەدۆك" و هەموو بەرهەمێکی بەپێز وەردەگری. ئاشکرایە نە ئەودەم و نە ئێستا هەموو خوێنەران وەك یەك چێژیان لە خوێندنەوە وەرنەگرتوە و وەرناگرن.

**٣ـ هەر کە ناوی عەبدوڵڵا حەسەن زادە دێ، دوو لایەن لە زەینماندا بەرجەستە دەبن، لایەنێك لایەنی ئەدەبییە، و لایەنەکەی دیکە سیاسی. نووسیەناکانت سیاسین و وەرگێڕداوەکانیشت جگە لە ((کورد و کوردستان)) ئەدەبین. هەست ناکەی ئەگەر نووسینەکانیشت ئەدەبی بان، دەبووی بە نووسەرێکی جیهانی؟**

- ئەمن هەم نووسینی ئەدەبیم هەن و هەم وەرگێڕانی سیاسی. بەڵام چونکە پتر لە سەدی نەوەدی کارەکانم یان بێناون یان بەناوی خوازراوەوە بڵاو بوونەوە، خەڵك پێیان نازانێ. بۆ وەڵامی پرسیارەکەشت پێموایە چنووسینەکانیشم هەموو ئەدەبی بان و چ-وەرگێڕانەکانیشم هەموو سیاسی بان مۆجیزەیەکم نەدەکرد و کەم-وزۆر هەر ئەوە دەبووم کە ئێستا هەم.

**٤ـ لە کۆڕێکدا دەڵێی: زیاتر لە ٢ دیوانم شیعر نووسیوە. یان سووتاندوومن، یان هەڵمگرتوون و بڵاومنەکردوونەوە، بۆچی دەبێ بیانسووتێنی یان بڵاویان نەکەیەوە؟ پێت وایە کەڵکی ئەوەیان نەبووە پێیان بگوترێ شیعر؟**

- حەتمەن نەمگوتوە زیاتر لە دوو دیوانم شێعر نووسیوە چونکە دیوان دەتوانێ وەك نموونە ٨٠ لاپەڕیش بێ و دەتوانێ ٨٠٠

لاپەڕیش بێ. کەوایە ڕەنگە گوتبێتم پتر لە دووهەزار شێعرم گوتوە. وابزانم هەر لەو جۆرە کۆڕانەش‌دا گوتوومە لەبەرچی: دەمزانی شاعیری چاك نیم و پێشم خۆش نەبوو شاعیرێکی خەراپ بم.

**٥- هەست ناکەی خوێنەر زۆر کەم بووە؟**

- بەڵێ وای دەبینم کە خوێنەر بەگشتی کەم بووە و خوێنەری کتێب بەتایبەتی کەمتریش بووە. چونکە کامپیووتەر بەشێك لە وەختی کتێب‌خوێندنەوەی بۆخۆی بردوە.

**٦- زۆر جار ڕەخنەی ئەوە لە عەبدوڵڵای حەسەن زادە دەگیرێ کە ناوچەییان وەرگێڕان دەکات، تۆ لەو بارەیەوە دەڵێی چی؟**

- ئەمن بە شێوەزاری کرمانجیی خوارووی دەنووسم کە بەشی زۆرتری نووسینی کوردییش بەو شێوەزارەیە. بەڵام ئەگەر مەبەست بن‌زاراوە بێ، ئەوە لەسەر خۆم بەدروست نازانم. چونکە خەڵکی ناوچەی لەدایك‌بوون و پەروەردەبوونیشم (سەردەشت) هەر هێندی خەڵکی ناوچەکانی بانە و بۆکان و هەولێر و سلێمانی زمانی نووسینی من بە هی خۆیان دەزانن.

**٧- هەندێك پێیان وایە زمانی ئەدەب دەبێ لە زمانی قسەکردن جیا بێ و هەندێکیش دەڵێن: دەبێ یەك بێ. تۆ ڕات چییە؟**

- هەموو کەس نووسین و قسەکردنی بەڕادەیەك لێك‌جیاوازە. بەڵام پێم‌وایە نووسین هەرچەندی لە زمانی ئاخافتن نزیکتر بێ تێگەیشتن و چێژلێوەرگرتنی ئاسانترە.

**٨- ئایا وەرگێڕان یاسا و ڕێسای تایبەت بە خۆی هەنە؟ ئەگەر هەنە چین؟**

- ئەمن هونەری وەرگێڕانم نە بەدەرس خوێندوە و نە لەکتێبدا

خوێندوومەتەوە. کەوایە وەڵامی ئەو پرسیارەم لەلا نیە و ئەمە دەبێ ئەکادیمی‌یەکان وەڵامی بدەنەوە. ئەوەی بۆخۆم بۆ وەرگێڕانێکی سەرکەوتوو بەپێویستی بزانم هەر ئەوەیە کە وەرگێڕ هەردوو زمانەکە چەندی بکرێ باشتر بزانێ، بابەتێك وەرگێڕێ کە دەگەڵ زەوق و سەلیقەی بێتەوە یان شارەزایی باشی تێی‌دا هەبێ، چونکە هەمووکەس ناتوانێ هەموو بابەتێك وەرگێڕێ و تێشی‌دا سەرکەوتوو بێ. لەهەمووشی گرنگتر ئەوەیە وەرگێڕ خۆی لە وەرگێڕانی وشەبەوشە بپارێزێ.

**٩ـ چ جۆرە وەرگێڕانێك بە سەرکەوتوو دادەنێی؟**

- ئەو شتانەی لە وەڵامی پرسیاری پێشوودا باسم کردن بە مەرجی سەرکەوتنی وەرگێڕان دەزانم. ئەگەر بشمەوێ باس لە وەرگێڕانێکی سەرکەوتوو بکەم، دەڵێم وەرگێڕانێك سەرکەوتوویە کە خوێنەر ئەگەر پێشتر ناوی بەرهەمەکەی نەبیستبێ هەست نەکا کە ئەوە وەرگێڕانە.

**١٠ـ تا چەند لەگەڵ وەرگێڕانی شیعر دای؟**

- ڕەنگە باشتر بێ شێعر لەجیاتی وەرگێڕان شی بکرێتەوە تا جوانی و وردەکاری‌یەکانی بۆ خوێنەران دەربکەون. بەوحاڵە ئەگەر شاعیرێکی بەتوانا حەزی لێ‌بێ دەتوانێ نێوەرۆکی شێعر لە زمانێکەوە بگوازێتەوە بۆ زمانێکی دیکە و جوانی‌یەکانیشی بپارێزێ. بەڵام بەهەرحاڵ ئەمە کارێکی گرانە و بە هەمووکەس ناکرێ.

**١١ـ زۆرێك لە نووسەران و شارەزایان، شوکور مستەفا بە وەرگێڕێکی سەرکەوتوو دادەنێن، هۆکارەکەی بۆچی دەگەڕێنیەوە؟**

- شوکور مستەفا هەر وەرگێڕێکی گەورە نەبوو، بەڵکوو ئەدیب و

زمانزان و زمانەوانێکی گەورەش بوو. سێ زمانی کوردی و تورکی و عەرەبیی زۆرباش دەزانین و دەیتوانی لە هەرکامیانەوە بۆ هەرکامیان تەرجەمە بکا. فارسی‌یەکەی نەدەگەیشتە ئەو سێ زمانە، بەڵام بەباشی کاری پێ‌دەکرد. هەرئەوەی بۆخۆم بیزانم کاری بە دوو زمانی ڕووسی و ئینگلیزییش دەکرد. سروشتی‌یە کەسێك چەند زمان بە باشی بزانێ و هەرلەوکاتەدا هونەری وەرگێڕانیش بزانێ کارەکانی لەو بوارەدا سەرکەوتوو دەبن.

**١٢- چی وای کرد بەرهەمێکی ئانتۆنی ڕابێنز بکەیە کوردی؟ لە خۆشەویستی بۆ نووسەرەکە، یان بە گرنگ زانینی بابەتەکە؟**

- پێم‌وایە هەموو کەس، ئەگەر نووسەرێکی خۆش بوێ لە ڕێگای خوێندنەوەی بەرهەمەکانیەوە ئۆگری دەبێ. بۆمن مەسەلەکە لەوەش زیاترە. ڕاستویژانە پێی لێ‌دەنێم کە ئێستاش ئانتۆنی ڕابێنز ناناسم و چیی وام لە بارەیەوە نەخوێندۆتەوە. کەوایە ئەوە بەهێزی و بەپێزیی نووسینەکەی بوو کە پاڵی پێوە نام بیکەم بە کوردی. لەجێدا هەموو کارەکانی من لەو بوارەدا هەر وابوون. بابەتەکەم خوێندۆتەوە و بەدڵم بووە و ئەگەر تاقەتم پێی شکابێ کردوومەتە کوردی.

**١٣- زۆرێك لە شارەزایان و کوردیزانان دەڵێن: زانکۆ نەك هەر نەیتوانیوە خوێندکار فێرە زمانی کوردی بکات، بەڵکوو هەر لەبیریشی بردۆتەوە. تۆ لەو بارەیەوە دەڵێی چی؟**

- مەسەلە ئەوەیە کە مەبەستمان لە زمان چیە؟ ئەگەر باسی زمان وەك وشە و زاراوە و سەرمایەی زمان بکەین ئەم ڕایە (ئەو بەشەی کە دەڵێ زانکۆ نەی‌توانیوە خوێندکار فێری زمانی کوردی بکا)

بەڕاست دەزانم. چونکە لەوانەیە لە هەرسێ قۆناغەکەی خوێندندا دەوری پێنج هەزار وشە بۆ کاری دەرسخوێندنەکە بەس بکا، لەحاڵێکدا زمان (هەر زمانێك بگری) خاوەنی دەیان و سەدان هەزار وشە و زاراوە و پەند و مەتەڵ و...ـەیە کە دەبێ لە زانکۆی کۆمەڵ فێریان بین.

بەڵام ئەگەر مەبەستمان زانستی زمان بێ، شتەکە ڕاست بەپێچەوانەیە. جونکە ئەمە زانکۆ و پێش ئەویش قوتابخانەیە کە دەگەڵ ڕێنووس و ڕێزمان و "فنون و رموز"ی زمان ئاشنامان دەکەن.

**١٤ـ لە وتووێژێکدا دەڵێی: باشترین وشەی کوردی پەتی کە بتەوێ فێر بی، دەبێ لە زاری پیرێژن و پیرەپیاوانەوە فێر بی. چی وای کردووە ئەوان ئەو وشانە بزانن؟**

- کارکردن لە هەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیدا و پێوەندیی بەربەرینی چین و توێژەکانی کۆمەڵ لەگەڵ یەکتر و هەر لەوکاتەدا تێکەڵاونەبوون دەگەڵ گەلان و زمانەکانی بێگانە بۆ نەخوێندەواران لەلایەك دەبێتە هۆی کەڵەکەبوونی سەرمایەیەکی گەورەی زمانی لەلای ئەوان و لەلای دیکەش دەبێتە دەستەبەری ڕەسەنایەتی و بێخەوشیی زمانەکە.

**١٥ـ بۆچی زۆرینەی وتار و نووسینە سیاسییەکانت بە ناوی خوازراوەوەن؟**

- هەر نووسینە سیاسییەکانم نین کە بەناوی خوازراوەوەن، بەڵکوو پتر لە سەدی نەوەدی هەموو نووسینەکانم بێناو یان بە ناوی خوازراوەوە بڵاو بوونەوە. جا بریا هەر تاقەناوێکی خوازراویشم بەکار هێنابا، باوەر بکەن بۆخۆشم لەبیرم نەماون و ئەگەر وتارێکی کۆنی خۆم ببینم هەتا نەیخوێنمەوە نازانم هی منە.

بە هەرهـــۆیەك بـــووە ئێســـتاش حەز لە "گومنـــاوی" دەكەم و هەربۆیەش هەتا ناچار نەبووبم ناوی خۆم لەسەر كارەكانم دانەناوە. جا ئەگەر خێریكیان هەبێ با ببنە ملكی گەل و ئەگەر بێخێریش بوون با لەسەركەس نەبنە مالّ.

**١٦ــ ڕێژەیەكی بەرچاو كتێب ئێستا دەردەچێ، بە چاك و خراپییەوە. خوێنەر فریا ناكەوێ باشەكانیش بە تەواوی بخوێنێتەوە، قسەت چییە لەو بارەیەوە؟**

- لە هەموو حالێكدا زۆربوونی نووسەر و وەرگێڕ بە نیشانەی پەرەگرتنی خوێندەواری دەزانم و لەوبارەیەوە پێی خۆشحالم. بەلام لەناخەوە پێمخۆشە دەزگا پێوەندیدارەكان ڕێوشوێنێك بۆ بلاوبوونەوەی بابەتەكان دابنێن بۆئەوەی شتە باشەكان بلاو بنەوە و خەلكیش بە خوێندنەوەیان ڕابگا. بەباوەڕی من پێشگیری لە بلاوبوونەوەی بەرهەمی لاواز خزمەتێكە بە نووسەریش بۆئەوەی پتر خۆی ماندوو بكا و شتی بەپێزتر بنووسێ.

**١٧ــ بە ڕای تۆ نووسەر یان خوێنەر، دەبێ لایەنێكی ئەدەب بگرێ و خۆی بۆ ئەو تەرخان بكا، یان خۆی پەلكێشی هەموو لایەنەكان بكات؟**

- لەباسی وەرگێڕاندا گوتم وەرگێڕ هەق وایە كار لەسەر بابەتێك بكا كە زەوقی لەسەریەتی و تاقەتی پێی دەشكێ. بۆ نووسینیش هەروایە. هەر نووسەرێك بگری شارەزایی لەبوارێكدا پترە و باشتری پێدەوێرێ. كەس ناتوانێ لەهەموو بوارەكاندا سەركەوتوو بێ. دەلێن هەركەس "لە هەموو شتێك شتێك دەزانێ و لە شتێك هەموو شتێك دەزانێ".

**١٨_ چ کاتێك وەرگێڕ خیانەتی لە وەرگێڕانەکەیدا کردووە؟**

- باوەڕم پێبکە ئەمن حەز ناکەم بەئاسانی بۆ هیچ شتێك وشەی "خەیانەت" بەکار بێنم؟ کەوایە بابڵێین لەم حاڵەتانەدا وەرگێڕ غەدر لە بابەت و نووسەری بابەت دەکا کە شارەزایی باشی لە هەردووزمانەکە یان یەکێکاندا نیە، هونەری وەرگێڕان نازانێ، یان لە گوازتنەوەی نێوەرۆکی بابەت و مەبەستی نووسەردا ئەمانەت ڕەچاو ناکا.

**١٩_ تا چەند هەوڵ دراوە بۆ دانانی ڕێنووسێکی یەکگرتوو؟**

- ئەوەی لەبیرم بێ کاتی خۆی، کۆڕی زانیاریی کورد لە بەغدا سیمینارێکی بۆ ئەو مەبەستە گرت و ڕیزە ڕاسپاردەیەکی دەرکرد و دواتریش لە هەولێر ئەوڕاسپاردانە بە هێندێ دەسکاری‌یەوە بڵاو کرانەوە کە "خوا هەڵناگرێ" کەسیش (بەتەواوی) لەبەر چاوی نەگرتن. دوای ئەوانە بەش‌بەحاڵی خۆم ئاگام لە هیچ هەوڵێکی جیددی نیە و هەربۆیە دەبینین کە جاری وایە لە تاقە وتارێکی تاقە نووسەرێکیش‌دا ڕێنووسێکی یەکگرتوو ڕەچاو ناکرێ.

**٢٠_ هەست ناکەی ئەکادیمیای کوردی لەچاو کۆڕی زانیاریی کوردی ئەوکات، تەنها ناوێکە و بەس؟**

- لێرەش‌دا دەڵێم لە بەشینەوەی ئەوجۆرە ناوونازناوانەدا ئەمن پیاوێکی "سخی" نیم. بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستی‌یە کە کۆڕی زانیاریی کورد لەسێبەری حکوومەتی بەعسی‌دا کاری دەکرد و ئەکادیمیای کوردی دەزگایەکی حکوومەتی کوردی‌یە، هەقمان هەیە چاوەڕوانیی پترمان لێی‌هەبێ. جا ئێستا بەرپرسایەتیی ئەو کەمکاری یان کەموکوڕی‌یە لەسەر شانی چکەسێك و چدەزگایەکە؟ وەڵامەکەی لەلای من و تۆ نیە.

**٢١_ چی بکرێ بۆ ئەوەی کتێبێك دوو کەس وەرینەگێڕن؟ بۆ نموونە گێلەپیاوی عەزیز نەسین یەکێکی دیکەش تازە وەریگێڕاوە، لە کاتێکدا وەرگێرانەکەی تۆ چاپی یانزەیەمینیەتی.**

- بۆچی دەبێ کارێك بکەین کە کتێبێك دووکەس وەری‌نەگێڕن؟ بە باوەڕی من ئەوەش نیشانەی پەرەگرتنی خوێندەواری و تواناکانە و دەبێ پێشوازیی لێ بکەین. بۆخۆم لە زمانی دیکەش دیومە کە بەرهەمێك دووکەس و تەنانەت سێ کەسیش وەریان‌گێڕاوە.

ئێستا زۆر حەز دەکەم بزانم کێی دیکە "گێلەپیاو"ی وەرگێڕاوە و لەکوێ دەست دەکەوێ.

**٢٢_ مامۆستا بۆچی هەندێ وشەی فارسی لە وەرگیرانەکانتدا بەکاردێنی؟ لە کاتێکدا لە کوردیدا هەن. وەك ((کەوش، ئاشپەز، تەرجەمە، وشترمرغ، ئاشپەزخانە، ....))**

- هێندێ وشەی بێگانە یان هاوبەش لە زمانی کوردی‌دا هەن کە ئەوەندە بەکار هاتوون دەڵێی حەوت پشتیان کوردە و زۆر لە بەرامبەرەکانیان باوترن و خەڵکیش باشتریان تێ‌دەگا. بۆ وێنە قەڵەم-پێنووس، کتێب-تێنووس یان پەرتووك، سەعات-کاتژمێر یان دەمژمێر و دەیانی دیکە. ئەوانەی باسیشت کردوون لەوانەن. ڕەنگە هەزار جار ناوی "ئاشپەز"، تەنانەت "تەباخ"م لە زمانی خەڵك بیستبێ جارێکم "چێشتلێنەر" نەبیستوە. فەرهەنگیشم نەنووسیوە تا بچمەوە بنج‌وبناوانی وشەکان. بۆیە دەنووسم خوێنەر تێم‌بگا و پێم‌وایە ئاسانتریشم تێ‌گەیشتوە.

**٢٣_ کێن ئەو نووسەرانەی عەبدوڵڵای حەسەن زادە پێیان سەرسامە؟**

- ئەوانەی بەرهەمم لێ کردوونە کوردی لە هەر نەتەوەیەك بووبن بەقەولی تۆ پێیان سەرسام بووم، یان بڵێین خۆشمویستوون، ناشمەوێ هێندێك ناوی دیکە بڵێم تا وا لێك بدرێتەوە ئەوانی دیکەم خۆش ناوێن.

**٢٤- کتێبێك هەبووە کە بڵێی: ئەگەر تەمەن باقی با، وەرمدەگێڕا؟**

- تەمەن بەکەس نالێ چەندم ماوە. گوتووشیانە عومری درێژ شەرمی لەکەس نەکردوە. خۆ دەزانین مردنیش پێش هاتن پیاو نانێرێتە لای کەس بڵێ فڵانوەخت دێمە سەردانی. کەوایە نالێم ئەگەر تەمەن باقی با، بەڵکوو دەڵێم ئەگەر دەخۆمرا دیبا و حەوسەلەم هەبایە زۆر کتێبی دیکەم دەکردنە کوردی.

**٢٥- هیچ بەرهەمێکت لەبەردەستە؟**

- کارێکی ئەوتۆم بەدەستەوە نیە.

٢٦- **هەوڵتنەداوە ژیاننامەی خۆت بنووسیەوە؟**

- پێموایە کاری کەس لەسەر ژیاننامەی من پەکی نەکەوتوە و ژیانیشم هێندەی شتی سەیروسەمەرە تێدا نیە. بۆیە و لەبەر هێندێ هۆی دیکەش، تائێرە نەمنووسیوە و بەدووری دەزانم لەمەودواش خۆی لێدەم.

**٢٧- دوا وتەت بە گشتیی لەسەر ژیان چییە؟**

- ژیان شیرنە ئەگەر دوژمن بەکاری نامەردانە و بۆخۆشمان بە ترسی مردن لەخۆمانی تاڵ نەکەین. پاشان ژیان هەرچەند گرنگ بێ، لەو گرنگتر ئەوەیە بۆ دوای مردن چیی لێ بەجێ دەمێنێ؟

**لەتیف هەڵمەت:**

من ڕۆمانی ژنە جنۆکەکانم بۆ ئەوە نەنووسیوە تاکوو ببێتە سەرەتایەك بۆ گۆڕینی ڕۆمانی کوردی: بەڵکوو بۆ ئەوە بەم جۆرە نووووسیومە بلێم: من لە هەموو ڕۆماننووسە کوردەکان جیاوازم.



جار جار لە مەکتەب مامۆستا هەندێ شیعری پێ لەبەر دەکردین. یان لە سەرەوە شیعرەکە دەنووسرا ئەم شیعرە هەمووی بۆ لەبەرکردنە. کەمتر وا هەبوو ناوی شاعیرەکان لەبەر بکەین. زیاتر سەردێڕی شیعرەکەمان لەبەر دەکرد. ڕۆژێك لە مەکتەب (نازانم چ قۆناغێك بوو) مامۆستا گوتی: کێ ڕاپۆرتێکم بۆ ئامادە دەکات لەسەر یەکێك لەم شاعیرانە؟ لەتیف هەڵمەتیشی لە نێو دابوو. دەستم هەڵبڕی و گوتم: مامۆستا من ژیاننامەی لەتیف هەڵمەت ئامادە دەکەم، خۆ لە دیوانەکەیدا هەیە وایە؟ گوتی نەخێر. گوتم؛ بۆ؟ گوتی چونکە تا ئێستاش لە ژیاندا ماوە. بە خۆم نەبوو لەو کاتییەوە حەزم دەکرد لەسەر ژیانی بزانم و ژیاننامەکەی بخوێنمەوە. ئیدی ئەوکاتە نەمتوانی هیچی لەسەر ئامادە بکەم. ڕۆژان ڕۆیشتن و هاتن،

هاوڕێی نووسەرم زامدار ئەحمەد گوتی: دەڵێی چی سەردانێکی ئەم ئەدیبانە بکەین؟ جەمال عەبدول، لەتیف هەڵمەت، حەمەی مەلاکەریم، حەمەکەریم عارف.. گوتم جا کوا دەگەینە ئەوانە؟ وەڵا زۆرم حەز لێیە. بەس ئەوانە لە کوێ ببینینەوە؟ گوتی: تۆ ئیلاقەت نەبێ ڕۆژێك دانێ و با بچین. ئیدی ڕۆژێکمان دانا و دیدارەکانیش لەسەر ئەو. سەر لە بەیانییەکەی زوو ئەو ڕۆژە بەڕێکەوتین بۆ سلێمانی و سەردانی هەر چوار لەو ئەدیبانەمان کرد. یەکێك لەوان لەتیف هەڵمەت بوو. ڕۆمانەکەی و هەندێ کورتەچیرۆك و بەرهەمی دیکەی خۆی پێشکەش کردم. هەر کە هاتمەوە ڕۆمانەکەم خوێندەوە و زۆر سەرنجی ڕاکێشام. کورتەچیرۆکەکانی دیکەشم خوێندنەوە و گوتم: بۆچی ئەو پرسیارانەی کە هەمن، نەیانووسم و دواتر بۆی نەنێرم؟ ئیدی ئەو پرسیارانەم لەلا گەڵاڵە بوون. دواتر پەیوەندیم پێوە کرد و زۆریشی پێ خۆش بوو. پرسیارەکانم بۆ نووسین و بۆم بردن. زۆری بە دڵ بوون. ئەوە بوو ڕۆژێك ڕێم کەوتەوە سلێمانی و پەیوەندیم پێوە کردەوە گوتی: پرسیارەکانم تەواو کردوون.

**١ـ هەر کەسە و بە جۆرێك لە لەتیف هەڵمەت گەیشتووە، هەندێ جار کە ناوی لەتیف هەڵمەت دێ، هەندێك پێیان وایە کەسێکی بێ باوەڕە و دوورە لە دین، هەندێك پێیان وایە ئەوەندەی باسی خورافیات و ئەفسانە دەکا، بە تەواوی کەسێکی خەیاڵییە، هەر کەسە و ڕا و بۆچوونێکی هەیە و لە دوورەوە قسەیەك دەکات، دەمەوێ لە زاری خۆتەوە سەرەتای ژیان و منداڵی و تەواوی قۆناغەکانی ژیانت بزانین، تاوەکوو ئێستا؟ ئەگەر بکرێ کەمێك بە کورتی...**

-ئەگەر موسڵمانبوون ڕۆژوگرتن و نوێژکردن بێ، ئەوا منیش لە

هەرزەکارییەوە ئەو بەرنامە و پرۆگرامەم بۆ خۆم هەڵبژاردووە و لە ماڵێکی ئاینپەروەری تێکۆشەری ڕۆشنبیردا و لەناو کتێب و وشەی جواندا لەدایکبووم و، بە ڕێوڕەسم و دابونەریتێکی ئیسلامێتیی ڕاستەقینەی دوور لە جیاکاریی مەزهەبی و ڕەگەزپەرستی و تیرەگەری پەروەردەکراوم و باوکم (شێخ مەحموود شێخ مەحەمەد شیص حەسەن شێخ حوسێن)کەسنەزانی، ڕێبەرێکی ڕێبازی قادری بوو. لە هەمانکاتدا زانایکی ئاینیی بوو.

باوك و باپیرانم، کە ڕێبەرایەتیی ئەم ڕێبازە ئاینییە پیرۆزەزیان کردووە و هەزاران دز و چەتە و ڕێگر و خراپەکار و زۆرداریان تەوبە داوە و کەمەندکێشی خوداناسی و چاکەخوازییان کردوون. نە چاویان لە دارایی و سامان بووە و نە پێشبڕکێیان لەسەر وەدەستهێنان و مسۆگەرکردنی کورسیی ناوهۆڵی پەرلەمان و ئەنجومەنی وەزیران کردووە. بەڵکوو هەموو خۆشیی دونیایان خستۆتە لاوە و گەلێ ڕۆژ تەنها چەند خورمایەك و چەند دەنکە مێوژێکیان خواردووە، ئەویش هەر بۆ ئەوەی لە برسان نەمرن و تەنانەت شێخ مەحەمەدی باپیرم وازی لە هەموو زەویوزار و موڵکێکی خۆی هێناوە لە گوندی کەسنەزانی سەر بە شارۆچکەی قەرەداغ و چووە بۆ گەرمیان و لە ناوچەکانی هەردوو هۆزی گەورەی جاف و زەنگەنە تەکێداریی کردووە.

من لەو کەش و باردودۆخە ئاینییەدا لەدایکبووم و بە ئاوازی قورئانی پیرۆز و فەرمووده جوانەکان و شیعرەکانی حافز و سەعدی شیرازی و جەلالەدینی ڕۆمی و فەریدەدینی عەتار و ..هتد گۆشکرام.

بەڵام من شان بە شانی کتێبە ئیسلامییەکان لەسەرەتای

لاویـمەوە تـا ئێسـتاش ئینجیـل و تەورات و هەنـدێ کتێبـی ئـاینییە زەمینییەکان و بەرهەم و نووسین و شیعری شاعیران و ڕۆمانـنوسان و چیرۆکنووسـانی ئەوروپـای ڕۆژهەڵات و ڕۆژئـاوا و پاکسـتان و هیندستان و ئەمەریکای لاتین و وڵاتانی عەرەبی و ئێران و تـووران و دەیـان وڵاتـی دیـکە دەخـوێنمەوە. بە ئیمانـدار و بـێ ئیمـانەوە و سەیری گەلـێ فیلمی ئێرانی و فیلمی کاوبۆیی و چەتەگەریی ئەکەم و گەلـێ فیلمـی ڕووسـیش، کە باسـی کارەساتە مرۆییەکـان دەکـات، سەرنجم ڕادەکێشـێ.

بەڵام ناتوانی سەیری فیلمی عەرەبی بکەم، چونکە زۆربەیان نزم و بێکەڵکن و بە ڕای من دەبێ کەسی ئیماندار ڕۆشنبیر بـێ و هەمـوو جۆرە کتێبەکانی ئەدەب و هونەر و سەیاسەت بخـوێنێتەوە و لە پاڵ خوێنـدنەوەی – ئەلـتەبەری- ئەلموسـلیم- و بوخـاری و- ئەبـن هیشام وهتد. دەبێ وڵ دیورانـت- و شکسـپیر و – دۆنکیشـۆت و – هرمان ملفل و – گۆگـۆڵ و – بـۆدلێر و- کافکـا و – ئیتـاڵۆ کـاڵڤینـۆ و – پرخس و – مارکیز و- خوان ڕۆڵفۆ و – یەشار کەمال و- تاگوور و – محمـد ئیقبـال و – جەبـران خەلیـل جەبـران و – ئەدۆنـیس و – مەحموود دەروێش و – لەنـین و – مـارکس و – گـاردۆی و- سـارتەر و – کـامۆ و – دەیـان و سـەدان نووسـەری دیـکە لە ڕێگـای یەك دوو زمانەوە بخـوێنێتەوە و خـودای مەزن لە قورئـانی پیـرۆزدا، زۆر باسـی زانین و زانسـت و زانیـاران دەکـات و فەرمـوودەیەکی نەمریش هەیە کەموکـوڕیی و پێـداگریی لەسـەر ئەوە دەکـات، کە ئەگەر زانـین و زانست لە وڵاتـی چینیش بێ، با دوای بکەوین و فێری ببین. و من لە ڕوانگەی قورئانی پیـرۆز و فەرمـوودە نەمرەکـانەوە و گەیشـتوومەتە ئەو بـاوەڕە و بـڕوایەی کە خـوای مەزن موسـوڵمان و ئیمانـداری

ڕۆشنبیر و بەئاگا و زانیاری خۆشدەوێ، نەك موسڵمانگەلێكی نەفام و نەشارەزا و بیروبۆچوون تەسكی دیل و كۆیلەی ناو بیر و ڕوانینێكی داخراوی بێ دەرگا و بێ پەنجەرە.

من موسڵمانێكی پێشكەوتنخوازم و زۆر زۆر سوپاسی خوای مەزن دەكەم، كە بێبەشی نەكردم لە یاخیبوونەكەی حەزرەتی ئادەم و وای دروستكردم لە بوارەكانی نووسیندا ئەوەندە یاخی و نوێخواز بم، هەمیشە دژی هەموو شێواز و ڕێچكەوێژەییە باو و سوواوە و عەمارە پووچەكان بم. مانگ و ئەستێرە و هەتاو و ئاو و سووڕی زەوی و ڕۆژ و هەفتە و مانگ و ساڵ و سەدەهەمیشە و بەردەوام هەر نوێ دەبنەوە و هونەر و وێژە و (شیعر و ڕۆمان و مۆسیقا و شێوەكاری و گۆرانی..هتد) دەبێ هەمیشە نوێ ببنەوە.

سەیر ئەوەیە هەندێ لایەن و گرووپی ئیسلامی و زانای موسڵمانی بەڕێز، بە جۆرێك لە جۆرەكان خوێندنەوەی كتێبگەلێكی غەیرەز ئایینی حەرام دەكەن و لە هەمان كاتدا پارە و پوولی ڕێكلام و ڕێكلامكاری بۆ هەندێ خۆراك و داو و دەرمان و كاڵ ە كەرەستەی پێویستی ڕۆژانەی مرۆڤ حەڵاڵ دەكەن، كە زۆربەی ئەو شت و خۆراك و كەرەستەڕێكلام بۆ كراوانە، ئەو خەسڵەتە باشەیان تێدا نییە، كە لە ڕێكلامەكەدا ڕۆۆماڵ دەكرێ. لە كۆتاییدا دەڵێم: خوداناس و سۆفیی بەناوبانگ و نەمر- ئیبراهیم ئەدهەم- كە خودای دۆزییەوە ئیتر دەستبەرداری هەموو دەسەڵات و سامان و دارایییەكی خۆی بوو و لە گوێی ڕووباری دەجلەدا، كەپرێكی بۆ خۆی هەڵدا و دوای پلە و پایەی نەكەوت.

**٢ـ جەنابت زیاتر وەك شاعیر ناسراوی و هەر کە ناوی تۆ هات، هزریان بۆ شیعر دەچێ و بە شاعیر ناوت دێنن، بەڵام جگە لە شیعر، ڕۆمان و چیرۆکی منداڵانیشت هەیە، دەکرێ چ ناوێکت لێ بنرێ؟ ئاساییە ئەدیبێك لە چەند بوارێکدا کار بکات، یان تەنها خۆی بۆ بوارێك یەکلایی بکاتەوە؟**

-زۆر ئاساییە نووسەرێك لە چەند بوارێکی وێژەیی و هونەریدا کار بکات و لە زۆربەشیاندا سەرکەوتووبێت. هەر بۆ نموونە شاعیری ناسراوی عەرەب ئەدۆنیس (علی احمد سعید) لە بواری شیعر و لێکۆڵینەوەی جۆربەجۆردا کار دەکات و زۆربەی شیعر و توێژینەوەکانی شاکارن.

هەر لە عەرەبدا شاعیری ناسراو (فازیل ئەلعەزاوی) لە بواری شیعر و کورتەچیرۆك و ڕۆمان و توێژینەوەدا کار دەکا و زۆربەیت بەرهەمەکانیشی شاکارن و لە یەکێتیی سۆڤیەتی جارانیشدا باسترناك لە هەردوو بواری شیعر و ڕۆماندا پێشرەو بووە و خەڵاتی نۆبڵی پێشکەشکراوە، بەڵام لە ترسی زەبروزەنگی ستالین نەیوێراوە خەڵاتەکە وەربگرێت. دەیان و سەدان نموونەی سەرکەوتووی دیکە لەم بارەیەوە هەن، بەڵام لێرەدا ئەم نموونەن بەسن. دەبێ ئەوەش بڵێم: نووسەرانی وا هەن لە چەندین بواری نووسیندا کار دەکەن و لە هەمووشیاندا زۆر سەرکەوتوون و نووسەری واش هەیە هەموو تەمەنی خۆی لەیەك بواری نووسیندا بەسەر دەبات و بەرهەمێکی نەمر لەو بوارەدا لە دوای خۆی بەجێناهێڵێ و هەن پەنجا شێست ساڵە مارکسین و تا ئێستا وتارێکی جوانیان لەو بوارەدا نەنووسیوە و خۆشیان بە نووسەری گەورە دەزانن.

**٣ـ کەی هەستت کرد کە دەبێ شیعر بنووسی؟**

-ڕۆژی ٢٢-٨-١٩٦٣ لە ناوچەیەکی شاخاویی شاری کفری بیست و هەشت پێشمەرگەی قارەمان کەوتنە بۆسەیەکی بەشێك لە سوپاکەی (زەعیم سدیق)ی گۆڕبەگۆڕەوە و شەڕێکی دەستەویەخەیان کرد و شەهید بوون و چوونە خانەی نەمرییەوە. ئەوڕۆژە بوو، کە هەستم کرد دەبێ شیعرێك بنووسم و نووسیم... بێگوومان شیعرەکەم لاواز و کرچوکاڵ بوو... بەڵام هەست و سۆزی نیشتمانپەروەرێتیم بوو لەو تەمەنەمدا و ئەمەش چەند دێڕێك لە شیعرەکەم:

ئەوی پێشمەرگەی قارەمان

خەباتکەری نیشتمان

بۆ لە خوێنا بووی خەڵتان؟

بەرزکەرەوە ئاڵای غەمگینت

با شەق بەرێ لە داخا، دووژمنی ژینت

خۆشم بە بەختەوەر دەزانم، کە یەکەمین شیعرم ئەم شیعرەیە، کە مۆرك و خەسڵەتی نیشتمانپەروەرێتی و بەرگریکاریی پێوە دیارە.

**٤ـ یەکەم کتێب کە خوێندتەوە چی بووە؟**

-لە دوای کتێبەکانی پۆلی یەکەمی سەرەتایی، ڕەنگە یەکەم کتێبی دەرەوەی قوتابخانە – قصص الانبیاء- یاخوود- لیلة و لیلة- بووبێ خوێندبێتمەوە و ڕەنگە یەکەمین کتێبی کوردیش، خورشید و خاوەر یا شیرین و فەرهاد بووبێ.

بەڵام چاکم لەیادە لە پۆلەکانی چوار و پێنجی سەرەتاییەوە کەوتمە خوێندنەوەی (شیرین و فەرهاد) و (لەیلا و مەجنوون) و (خورشید و خاوەر) و (حەکایەتی دز و قازی) و (نوکتەکانی مەلامەزبوورە) و

(ئەمیر ئەرسەلان) و (مەنیجە و بیژەن) و (ڕۆستەم و زۆراب) و (ڕۆستەم و جیهانگیرا) و (فەتحی قەڵای خەیبەر) و (غەزای بەدرولحونەین) و (حەیدەرنامە) و (سەما و زمین) و (حەکایەتی نان و ماست و سەنگتەراش) و چەندین کتێب و نامیلکەی دیکەی لەم بابەتانە، کە لەناو کتێبخانەکەی ماڵەوەمان هبووە. زۆربەشیمان لە کتێبخانەی مەحەمەد ئەمین حەسری دەکڕی لە کەرکووك.

**٥ـ بە ڕای تۆ ئەگەر شیعر وەربگێردرێ، تام و بۆنی دەقە ئەسڵییەکە لەدەست نادا؟ ئەگەر پێت وایە لەدەستی نادا، دەتوانی نموونەیەکمان بدەیەی؟**

-توانای وەرگێڕ و ئاستی شیعرەکە، ئەوە دیاریدەکاتم نەك شیعر کە هونەرێکی زۆر باڵایە. تەنانەت ڕۆمان و کورتەچیرۆکیش لە لایەن وەرگێڕی بێ توانا و زمانەزانەوە لە وەرگێڕاندا وەردەگەڕێ و هەپروون بە هەپروون دەبێ و من هەندێ ڕۆمانی شاکاری ئەورووپاییم بینیوە کراون بە کوردی، زمانەکەیان ئەوەندە بێ سەروبەر بووە، نەمتوانوە چوار لاپەڕەی لێ بخوێنمەوە. بەڵام هەمان ڕۆمان ئەوەندە بە جوانی کراوە بە عەرەبی، کە دەستت کرد بە خوێندنەوەی، ئیتر ناتوانی دەستبەرداری ببی تا تەواوی نەکەی.

شیعریش هەر وایە و ئەگەر وەرگێڕی نەشارەزا و کوردینەزانی بێ ئەزموون تەنها بە مەبەستی دەستکەوتنی بڕە پارەیەکەوە بۆ دامودەزگایەکی بیکات بە کوردی، سەرکەوتوو نابێت و شیعرەکە بێ تاموچێژ دەکات و خوێنەرانی ژیر و وریا تقاتی خوێندنەوەیان نابێ و سەرباری ئەوەش، دەبێ وەرگێڕ بزانێ چ ڕۆمانێك یا چ کورتەچیرۆکێك یا چ شیعرێك شاکارە، ئەو بابەتە وەرگبێڕێ و کتێبخانەی کوردی پێ دەوڵەمەند بکات و جێی داخە هەندێ بابەتی

وا بێکەڵك کراون بە کوردی، ئەگەر نووسەرێکی کورد بینووسیایە، کەس نەیدەخوێندەوە.

**٦- ڕا و بۆچوونت لەسەر ئەو قسەیەی شێرزاد حەسەن چییە کە دەڵێ: شیعر ئێستا وەك مەتبەخی لێ هاتووە، هەمووی باسی برژین و کولاَن و سووتانە؟**

-ئەو بابەتە پەیوەندیی بە منەوە نییە و تکایە پابەندی هێڵی سەوز بە و شەڕی هێڵی سوورم بۆ هەڵمەگیرسێنە. هههه

**٧- هۆکاری ئەوەی زیاتر ئەو ڕەخنانەی بە عەرەبی لەسەرت دەنووسرێن، چییە؟ بۆچی فارسەکان کەمتر ڕەخنەیان لەسەرت نووسیوە؟ ئایا لەبەر ئەوەیە کە لە ژێر کاریگەریی شاعیرە عەرەبەکاندا شیعرت نووسیوە، یان چی؟**

- لە ناوەندی ساڵانی حەفتای سەدەی ڕبردووەوە، گەلێ شاعیر و نووسەری کوردی شارەزا و پسپۆڕی زمانی عەرەبی، کەوتنە وەرگێڕانی دەیان و سەدان کۆپلە شیعری من بۆ زمانی عەرەبی و بڵاوکردنەوە. یان لە ڕۆژنامە عەرەبییەکانی ناو عێراق و کوردستان و تەنانەت دەرەوشدا، هەر بۆ نموونە شاعیر و ڕۆشنبیری ناسراو جەلال زەنگابادی شیعرێکی وەرگێڕدراوی منی لە گۆڤاری – الهدف- دا بڵاوکردەوە، کە زمانحاڵی شۆڕشی ڕزگاریخوازی فەلەستینی بوو و لە وڵاتی لبنانیش دەردەچوو و بڵاودەکرایەوە. هاوکات شعرێکی دیکەم بە وەرگێڕداوی بۆ فارسی لە گۆڤاری –دنیا-ی زمانحاڵی حزبی توودەدا بڵاوکرایەوە و هەردوو سەرچاوەکەم تاکوو ئێستا لە لایە و خۆم پاراستوومن و شانازی دەکەم، کە هەر لە سەرەتای لاویمەوە، شیعرەکانم لە بڵاوکراوەکانی دەرەوەی عێراقدا پەخش کراوە و پێشتریش هەر لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا،

مامۆستا ونووسەری ناسراو سەدرەدین عارف، سێ چوار کۆپلە شیعر و کورتەیەکی سەربوردەی ژیانمی بە ئینگلیزی لە ڕۆژنامەی (بەغداد ئۆبزەرفەر)دا بڵاوکردەوە و ڕەنگە یەکەمین شاعیری لاوی کورد بوویێتم، کە شیعری لەو ڕۆژنامەیەدا بڵاوکرابێتەوە و تاکوو ئێستاش ئەو ڕۆژنامەیەم لە لای خۆم پاراستووە.

شایانی باسە کاك بنیامین یۆخەنا دانیاڵ کە نووسەرێکی ناسراوی برایانی مەسیحیمانە و و نیشتەجێی شاری هەولێرە، هەر لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی بیستەوە دەیان شیعری منی کردووە بە عەرەبی و لە کتێبێکدا وەکوو دیوانە شیعرێك لەسەر ئەرکی خۆی چاپی کردووە و سوپاسی دەکەم و سڵاو و سۆزی برایەتیمی پێشکەش دەکەم.

هەروەها لە بارەی فارسییەوە، ئەوەندەی ئاگادارم، بە دەیان شاعیر و ڕۆماننووس و وەرگێڕی کوردی فارسیزانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە دەیان و سەدان کۆپلە شیعری منیان کردووە بە فارسی و لە ڕۆژنامە و گۆڤارە بەناوبانگەکانی ئێراندا بڵاوکراوەنەتەوە و چوونەتە پەیج و سایت و فەیسبووکی فارسییەوە و شانبەشانی ئەوە، مامۆستا کەریم مجاور هەتاکوو ئێستا سێ کۆمەڵە هۆنراوەی منی کردووە بە فارسی و مامۆستا مختار شکری پوور کۆمەڵە هۆنراوەیەکی دیکەمی کردووە بە فارسی و ئەم کۆمەڵە هۆنراوانەم لە هەندێ خانەی بەناوبانگی چاپ و بڵاوکردنەوەدا چاپ کراون و شانبەشانی ئەوەش (سارا قوبادی) شاعیر و ڕۆماننوسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کۆمەڵێ چیرۆکی منداڵانمی کردووە بە فارسی. بە ناونیشانی –گوربەی تنبل- چاپ و بڵاوکردۆتەوە و هەروەها ئەم خانمە ڕۆمانەکەشمی کردووە بە فارسی، کە بە ناونیشانی (ژنە جنۆکەکانی شیمەحموو)

نووسـیومە و بە شـێوەیەکی جـوان چـاپ و بڵاوکـراوەتەوە و هەمـان ڕۆمانم (ژنە جنۆکەکانی شـێمەحموو) لە لایەن شـاعیر و ڕۆشـنبیری ناسراوی کردەوە کـاك (فریـاد شـیری) کە ئێسـتا لە تـاران دادەنیشـێ، کراوە بە فارسی و خانەی چاپەمەنی (پشتی کولی) بۆیـان چاپ و بڵاوکـردۆتەوە و وەکـوو کـاك فریـاد شـیری خـۆی لە تـارنەوە تێلـی بـۆ کردم. لە ناو ڕۆمانە بۆ فارسی وەرگێڕدراوەکانـدا لە سـاڵی (٢٠١٦) دا لە بواری فرۆشتندا پلەی یەکەمی وەدەستهێناوە.

جـگە لەوەش، بە کـوردیش نووسـەرانی بەناوبـانگی وەکـوو دکتـۆر کەمـال میراودەلـی و کـاك مەحەمەد کـوردۆ و دکتـۆر فوئـاد حەمە خورشـید و کـاك عەبـدوڵا تـاهیز بەرزنجـی جـوانترین لێکـۆڵینەوە و توێژینەوەیان لەسەر شیعرەکانم نووسیوە و بڵاوکردۆتەوە.

هەروەهـا نووسـەران و شـاعیران و ڕەخنەگرانـی نـاوداری وەکـوو مامۆسـتا عەتـا قەرەداغـی و سـەباح ڕەنجـدەر و مەحەمەد سـابیر مەحمـوود و عەبـاس عەسـکەر و مەحەمەد ڕەنجـاو و کـاك حەمەسـەعیدد حەسـەن و م.سـەید عەلـی سـاڵحی، چەنـدین تـوێژینەوە و گوتـار و بـابەتی ڕەخنەییـان لەسـەر شـیعرەکانم بڵاوکردۆتەوە.

جـگە لەوەش دەیـان و پەنجایـان نـامەی خـوێنەران و هاوڕێیـان و شـاعیرانی کـورد و عەرەبـم لە لایە، کە پیرۆزبـایی شـیعرەکانم لـێ دەکەن و بەرزی هەڵدەسـەنگێنن و بەزری دەنـرخێنن. جـگە لەوەش ئێستا نامەیەکی شاعیر و نووسـەری ناسـراوی ئێـران (سـەید عەلـی ساڵحی)م لە لایە، کە لە سـاڵانی نەوەددا بـۆی نـاردووم. شـیعرەکانی من و شیرکۆ و پەشێو و ڕەفیق سـابیر بە شـیعرگەلێکی جیهـانی لە قەڵەم دەدات و دەڵێ: شیعرەکانتان لە ئاستێکی جیهانیدایە.

شـــایانی هێنـــانە یـــادە کە وابـــزانم لە چـــواردەیەمین فیســـتیڤاڵی گەلاوێژدا بـوو، دوو شـاعیری ناسـراوی فەرەنسـایی نـزیکەی دە پـازدە کۆپلە شیعری من و دە پازدە کۆپلە شیعری کـاك شـێرکۆ بێکەسـیان کردبـوو بە فەرەنسـی و ئـێمە دەقەکەکانمـان لەسـەر شـانۆکەوە بە کـوردی خوێنـدەوە و ئەوانـیش بە فەرەنسـی شـیعرەکانی ئێمەیـان خوێنـــدەوە و گوتیـــان: ئەم شـــیعرانەی ئەم دوو شـــاعیرە کـــوردە، لە ئاستێکی جهیانیدان.

منـیش دەڵـێم: نـزیکەی (بیســـت تـــا بیســـت و پێـــنج) شـــایعری هـــاوچەرخی کـــورد هەن، هەر یەکە و بە پـــلە و شـــێوازی خۆیـــان شـــــیعرەکانیان، یـــاان هەنـــدێك لە شـــیعرەکانیان لە ئاســـتێکی جیهانیـدان. بەڵام زمـانی کـوردی و سیاسـەتی کـوردی و ناومـاڵی کـوردی، لە ئاسـتێکی وا دا نیـیە، شـیعری بڵنـد و بـاڵای کـوردی و لایەنە جوانەکانی ئەدەبی کوردی، بە جیهانی دەرەوەمان بناسێنێ.

**٨_ ئەوەندەی مـن ئاگـادار بـم، تـۆ ڕۆمـان و مێـژوو زیـاتر لە شـــیعر دەخـــوێنیەوە، هکـــاری چیـــیە؟ بە زەرووری دەزانـــی ئەدیبێکی وەك جەنابت دایمە بخـوێنێتەوە، یـان تەنهـا حەز و خولیایە؟**

- من لە مـاڵێکی پـڕ لە قورئـانی پیـرۆز و فەرمـوودەی بەرز و بـاڵا و شـرۆڤەی قورئـانی پیـرۆز و ژیاننـامەی پێغەمـبەران و پیاوچاکـان و خانمە خوداناسەکاندا، لەدایکبووم و گەورە بووم و ئەم سـەرچاوانەش بە شـــێوەیەکی ڕاســـتەوخۆ و ناڕاســـتەوخۆ ســـیخناخی ڕووداو و دەنگوبـاس و هەواڵـی مێـژووین و شانبەشـانی ئەم جـۆرە کتێبـانە دیوانەکانی، حافزی شیرازی و فەریدەدینی عەتار و سەعدی شـیرازی و بێدڵ و جەلالەدینی ڕۆمی و تاهیر بەگـی جاف و خەییـام و دەیـان

داستانی میللی و ئایینیی بە کوردی نوسراوی وەکوو محەمەد حەنیفە و ئەمیر ئەرسەلان و میحراجنامە و مەنیجە و بێژەن و ڕۆستەم و زۆراب و ..هتد لە ماڵماندا هەبوون. وە من لەو کتێبانەوە سەوداسەر و دیوانەی خوێندنەوەی مێژوو و شیعر بووم و خوێندنەوەی هەردوو بابەتەکە و خوێندنەوەی هەموو بابەتێکی ئەدەبی و هونەری و ئایینی و تەنانەت خوێندنەوەی کتێبەکانی بواری فیقهـ و فەتوا و شەرع بە کارکی پێویست دەزانم. نەك هەر بۆ شاعیر، بەڵکوو بۆ هەموو نووسەرێك، هەروەها بە پێویستیشی دەزانم مامۆستایانی بەڕێزی ئایینی بەرهەمە شاکارە جیهانی و عەرەبی و کوردییەکانی بواری شیعر و ڕۆمان و کورتەچیرۆك بخوێننەوە. خوای گەورەش لە قورئانی پیرۆزدا باسی فیرعەون و نەمروود و هامانمان بۆ دەکات. با ئەو کتێبانەش با شتی نا ئیسلامی بکەن، خوێندنەوەیان پیویستە.

**٩_ تەکنیکی نووسینی ڕۆمانەکەت (ژنە جنۆکەکانی شێمەحموو) زۆر جیاوازە لە تەواوی ڕۆمانە کوردییەکان، پێت وایە ئەم ڕۆمانە دەبێتە سەرەتایەك بۆ گۆڕینی ڕۆمانی کوردی؟**

-من ڕۆمانی ژنە جنۆکەکانم بۆ ئەوە نەنووسیوە تاکوو ببێتە سەرەتایەك بۆ گۆڕینی ڕۆمانی کوردی: بەڵکوو بۆ ئەوە بەم جۆرە نووووسیومە بلێم: من لە هەموو ڕۆماننووسەە کوردەکان جیاوازم و وەکوو چۆن بە نووسین و چاپ و بڵاوکردنەوەی کۆمەڵە هۆنراوەی یەکەمم (خوا و شارە بچکۆلەکەمان) لە ساڵی (١٩٧٠)دا بە شاعیرانی دیکەی کوردم گوت: من جیاوازم. هەروەها لە بواری نووسینمدا بۆ منداڵان لە نووسین و چاپکردنی کۆمەڵە شیعر و هۆنراوەی

(جوانترین دێ) لە ساڵی (١٩٧٩)دا بە نووسەرانی بواری منداڵانم گوت: من جیاوازم و لە ساڵی (٢٠٠٩)دا بە نووسینی و چاپکردنی کتێبی (سۆفی و سۆفیگەریتی و کاریگەریی نائیسلامی لەسەر سۆفیگەریتی ئیسلامی) بە لێکۆڵەر و نووسەرانی ئەم بوارەم گوت: من جیاوازم. وە بەو جۆرە بە چاپکردنی (ژنە جنۆکەکانی شیمەحموو) لە ساڵی (٢٠١١) بە ڕۆماننووسانی ککوردم گوت: من جیاوازم. نووسەری گەورەی فەڕەنسی فلۆبێر دەڵێ: نووسەر بریتییە لە شێواز...

منیش دەڵێم: نووسەری سەرکەوتوو، شێوازی نووسینەکەی جیاوازە، لە نووسینەکانی نووسەرانی پێش و هاوچەرخەکانی خۆی.

**١٠ـ لە ڕۆمانەکەدا تەواوی پەراوێزەکان بەهەڵە نووسراون، مەبەستت لەو شێوازە نووسینە چییە؟ چ پەیامێکی تێدایە، کە تۆ دەتەوێ بە خوێنەری بگەیەنی؟**

- یەکەم مەبەستم ئەوە بوو کە شێوازێك بەکاربێنم، کەسێکی دیکە، نە کورد و نە نووسەرانی وڵاتانی دەوروبەر و نە نووسەرانی جیهان بەکاڵریان نەهێناوە و تەکنیکێك و تاکتیکێکی نوێیە و داهێنانی خۆمە و لە هیچ نووسەریکی دیکەم نەخواستووە و مەرامیشم لەو شێواندنە، ئەوەیە کە بڵێم: هەموو ڕاستییەکانی جیهان بە درێژایی مێژوو، شێوێندراون و وەکوو ڕاستییەکانی پەراوێزەکانی ڕۆمانەکەمە و من، کە خودانی ئەم ڕۆمانەم، وای لێ دەکەم و ئەمەش ئاماژەیە بەوەی، کە زۆردار و ستەمکار و دیکتاتۆرەکان هەمیشە جڵەوکێش و فەرمانڕەوای بە زرۆەملێی جیهان بوونە و هەمیشە ڕاستیی و حەقیقەتەکانیان ئاوەژوو کردۆتەوە.

دەبێ لێرەدا ئەوە ڕووماڵ بکەم، کە (شێمەحموو) باوکی خۆمە و لە زمانی کوردیدا، گەلێ ناو بە تایبەتی ناوێك وشەی –شێخ-ی پێوە بێ (پیتێك)ی ناوەکە، یان پیتێکی شێخەکە ون دەبێ وەك (شێمەحموو)، (شێعەلی)، (شێحوسێن)، (شێمحەمەو) هەروەها باوکیشم لە ناوچەی گەرمیاندا، بە (شێمەحموو) ناسراوبوو. لەبەرئەوە ڕۆمانەکەم ناو لێنا (ژنە جنۆکەکانی شێمەحموو)، چونکە باوکم سەرچاوەی هەموو ڕووداوەکانی ناو ڕۆمانەیەکە.

**١١- وەك لە پاشەکیی ڕۆمانەکەدا نووسیوتە: زۆر جار دەکرێ ڕۆمانێکی بچووکیش، ئەو پەیامە بگەیەنێ کە نووسەر مەبەستیەتی، پێت وایە ڕۆمانەکەی تۆ ئەو پەیامەی گەیاندووە؟**

- ببوورە من نە لە پاشەکی و نە لە پیشەکی، هیچ چاپێکی کوردی و فارسی، ڕۆمانی (ژنە جنۆکەکانی شێمەحموو)دا شتی لەم جۆرەم نەنووسیوە و بەڕێزتان دەتوانن دووبارە بە چاپەکانی ڕۆمانەکەمدا بچنەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەڵێم: باشترین ڕۆمان ئەو ڕۆمانگەلەن، کە درێژدادڕیان تێدا ناکرێ و بە لای منەوە، هەموو ڕۆمانە درێژ و لاپەڕەززۆرەکان، با هی گەورەترین نووسەری جیهان بن، زۆربڵێیان تێدا کراوە و دەکرێ هەر هەموویان بە نیوەی ئەو قەبارەیە بنووسرین، کە پێی نووسراون و نایشارمەوە، من لایەنگری ڕۆمانی کورتم و تەنانەت ڕۆمانی –موبیدیك-ی هرمان ملڤل کە بە یەکێك لە ڕۆمانە هەرە گرنگەکانی جیهانی دەززانم و هاوتای زۆر کەمە و زۆر درێژە و نزیکەی (٩٠٢)لاپەڕەیە، دەکرا لە سەدو پەنجا، یان دووسەد لاپەڕەدا بنووسرێ، ئەوسا زۆر گرنگتر و سەرنجڕاکێشتر دەبێ و لە کاتی وڵامدانەدەوەی ئەم پرسیارانەدا، خەریکی

خوێندنەوەی ڕۆمانی –پەنجەرە- بووم. نایشارمەوە، دووبارەبوونەوە و درێژدادڕییەکی زۆر زۆری تیادابوو. خۆ دەکرێ ئەم ڕۆمانە، کە بە ڕۆمانێکی سەرکەوتووی دەزانم، بە نیوەی ئەو قەبارەیە، بنووسرایە. ئەو دەمە خۆشتر و سەرکەوتووتر دەبوو. هەرچۆنێ بێ دەڵێم: هەموو ڕۆمانێکی قەبارە گەورە، درێژدادڕیی تیادایە.

**١٢- ساڵی ٢٠٠٨ لە نووسینی ڕۆمانەکە بوویەتەوە، دوای ماوەیەك پیداچوونەوە و هەڵەبڕی و کەم و زیادی لە ڕۆمانەکە، سەرەنجام لە ساڵی ٢٠١١ چاپ و بڵاوکراوەتەوە، پێت شیعریش وەك ڕۆمان وایە؟ دوای چەند جار پێداچوونەوە و هەڵەبریکرد، ئەمجا چاپ بکرێ و بڵاوبکرێتەوە؟**

- بەڵێ شیعریش، کورتەچیرۆکیش و لێکۆڵینەوە و هەموو دەقێك، تەنانەت ڕیپۆرتاژی ڕۆژنامەنووسی و وڵامدانەوەی پرسیاری ڕۆژنامەوانی و ..هتد، پێویستیان بە پیاداچوونەوەی زۆر و کورت و پوختکردنەوە هەیە. من وا دەنووسم و هەندێ جار، کە نووسینێك، دوای چەندین جاریش پیاداچوونەوە، بلاودەکەمەوە و دوای دەڵێم: خۆگە ئەو وشەیە وا بوایە و بەم جۆرە نەبوایە. یا خۆزگە دێڕی یەکەمم، لە جێگەی دێڕی دووەم دابنایە، ئەوساتە بابەتەکە جوانتر دەبوو. نووسین، بەرپرسیارێتییەکی گەورەیە، بەڵام جێی داخە، زۆربەی نووسەرانی ئێمە، هەست بە ئەگەری ئەرێنی و نەرێنی ناکەن و جاری وا هەیە، بابەتێك کە دەکرێ لە یەك لاپەڕەدا بنووسرێ، لە پازدە بیست لاپەڕەدا دەنووسرێ و بەو شێوازە، جوانییەکانی ناو بابەتەکە دەکوژرێن.

**١٣- ڕۆمانەکەت لە لایەن دوو کەسەوە کراوەتە فارسی و بڵاوکراوەتەوە، پێت وایە هەنگاوێکی باش دەبێ بۆ ئەوە**

**وەربگێـردرێتە سـەر زمانەکـانی دیـکەی دونیـاش؟ و تـا چەنـد ئاگاداری وەرگێڕانەکانی و پرست پێ کراوە؟**

- بـۆ یەکەمجـار، ڕۆمـانەکەم لە لایەن سـارا قوبـادی، شـاعیر و ڕۆماننوسـی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتانەوە کـرا بە فارسـی و چـاپ و بڵاوکرایەوە. جاری دووەم لە لایەن شـاعیر و نووسـەری کـورد نەژادی تاراننشـین، فریـاد شـیرییەوە کـرا بە فرسـی و چاپ و بڵاوکـرایەوە. هەردوو وەرگێـڕەکەش، پـێش وەرگێـڕان و چـاپکردنی ڕۆمـانەکە، پەیوەندییان پێوە کردم و منیش بە خۆشحاڵییەوە مۆڵەتی وەرگێڕان و چاپ و بڵاوکردنەوەم دانێ.

لەبـارەی ئەوەوە، کە وەردەگێـڕدرێتە سـەر زمـانێکی دیـکەی جیهـان، هـیچ بۆچـوونێکی دیـکەم نیـیە و دەتـوانم بڵـێم: دەیـان و سـەدان ڕۆمـانی وڵاتـانی دیـکە، کە هەنـدێکیان لە ئاسـتێکی زۆر نزمیشـدان، وەرگێڕدراونەتە سەر چەنـدین زمـان. بەڵام نەبـوون بە ڕۆمـانگەلێکی وا، ئاماژەیـان بـۆ بکـرێ و خـوێنەر بە دوایانـدا ڕابکـات. بەڵام لەو باوەڕەدا نیم لە بارودۆخی بەم جۆرە ناهەمواری کوردستاندا، هەلی وا بڕەخسـێ لە دەرەوە بە چـاوی بەرز، ئەدەبـی کـوردی هەڵبسەنگێنرێت.

**١٤ـ هەست ناکەی ڕۆمانەکە کەمێك سەخت بێ بۆ خـوێنەرە سەرەتاکان؟**

- مـن بـۆ ئەو کەسـەم نووسـیوە، کە حەز لە خوێنـدنەوەی دەکـات. خـۆ مـن دارتـاش و ئاسـنگەر نـیم، دەرگـا و پەنـجەرە بە گـوێرەی خواسـت و داواکـاریی خەڵـك دروسـت بـکەم. مـن دەزانـم هەن لە پلەیەکـی باڵاشـدان، بەڵام لە هەمـوو ژیانیانـدا ڕۆژنامەیەکیـان نەخوێنـدۆتەوە و ڕەنـگە لە نـاوەڕۆکی هەواڵێـك تێـنەگەن، چ جـاێ

ڕۆمانێك. ئێمە نابێ ئاستی هونەری و تەکنیکی و تەکتیکی هیچ جۆرە دەقێك نزم بکەینەوە، گوایە بۆ ئەوەی هەموو خوێنەرێك لێی تێبگات.

بەڵکوو دەبێ ئاستی ڕۆشنبیریی هەموو کەسێك و تاکێك بەرز بکەینەوە، بەڵکوو چێژی هونەری بەرز و بڵند بکات و جوانیی شاراوە لە تێکستەکاندا بە چاوی جوانناسی بدۆزێتەوە.

**١٥ـ تا چەند ئەو ڕووداو و کارانەی شێمەحموو ڕاستن و چەندیان خەیاڵی نووسەرن؟**

- هەر هەموو ڕووداوەکانی ناو ڕۆمانی ((ژنە جنۆکەکانی شێمەحموو)) خەیاڵن و خەیاڵکاری خۆمن. بەڵام شێمەحموو باوکی خۆمە و شێخێکی دیار و ناسرااوی ناوچەی گەرمیان بوو. خەڵکی ناوچەکە و هەندێ لە دەروێشەکان پەرچووی جۆربەجۆریان لە شێمەحموو و باو و باپیرانی دەگێڕایەوە. منیش ڕۆمانەکەم بە خەیاڵکاری خۆم کەڵکم لەو پەرچووانە بینیوە و بە گۆڕانکارییەوە لە ڕۆمانەکەمدا بەرجەستەم کردووە. دەبێ ئەوەش بڵێم: ڕۆمان بە لای منەوە ئەوەیە، ڕووداوە ڕاستەکان بە شێوەیەکی ئەفسانەیی بەرجەستە نکەیت و هۆی سەرنەکەوتنی زۆرینەی ڕۆمانی کوردی، ئەوەیە: ڕووداو و کارەساتە خوێناوییەکان وەکوو ڕیپۆرتاژی ڕۆژنامەوانی و پانۆڕامای هەواڵ و دەنگوباس ڕووماڵ دەکەن و هیچ جۆرە خەیاڵکاری و ئەندێشەبازی لە تانوپۆ و ئەم ئەتەم و کاکڵەی ڕووداوەکانیاندا بەدی ناکرێت.

**١٦ـ ڕۆماننوسی بەهێز ئەو ڕۆماننوسەیە کە پاڵەوان بۆ ناو ڕۆمانەکەی دروست بکا، یان وەك مێژوونووسێك شتەکان وەك خۆی بنووسێتەوە؟**

- کاری ڕۆمانـووس و مێژوونـووس، دوو کاری زۆر جیاوازن و سەرکەوتنی ڕۆمانـووس لە خەیاڵکاری و ئەفسانەبازیدایە و گرەوبردنەوەی مێژوونووسیش دوورکەوتنەوەیەتی لە خەیاڵبازی و ئەفسانەکاری.

مێژوونووس پانۆڕامای ڕووداو و سەربوردە و بەسەرهات و کارەساتەکان وەکوو خۆی و بەبێ هیچ دەسکاری و شێواندن و کەموزۆرکردنێك، ڕووماڵ دەکات و دەیاننووسێتەوە.

ڕۆمانـووس بە پێچەوانەوە کار دەکات و دەبێ لە گواستنەوەی ڕووداوەکان وەکوو خۆی بۆ ڕۆمانەکەی دووربکەوێتەوە و کۆپی و فۆتۆکاریی کارەسات و سەربوردەکان نەکات.

هۆکارێکی گەورەی شکستهێنانی ئەو ڕۆمانە کوردییانەی کە باس لە کارەساتەن خوێناوییەکانی کۆن و نوێی نەتەوەی کورد دەکەن، ئەوەیە کە: ڕووداوەکان وەکوو خۆی دەئاخننە ناو ڕۆمانەکەوە و ناتوانن بیکەن بە بابەتێکی خەیاڵکاری و ئەفسانەیی، لە ئەنجامدا ڕۆمانەکانیان بووەتە بەشێك لە مێژوو، نەك بەشێك لە ڕۆمان و هونەری ڕۆماننووسین و لەم بارەیەوە دەتوانم بڵێم: زۆربەی ئەو ڕۆمانە کوردییانەی کە لەسەر ئەنفال و کیمیابارنکردنی هەڵەبجەی شەهید نووسراون، لەگەڵ بڵاوکردنەوەیاندا چوونەتە خانەی مێژووی کوردەوە. نەك لە خانەی ڕۆمانی کوردی و ئەم دیاردەیە، لە گەلێ شیعر و کرتەچیرۆکی کوردیشدا بەدی دەکرێ و بە هەمان شێوە، بووەتە بە مێژووکردنی ئەو شیعر و کورتەچیرۆکانە و بێبەشی کردوون لە هونەری ڕاستەقینەی شیعر و کورتەچیرۆك و ئەم دیاردەیە، لە گەلێ ڕۆمان و دەقی دیکەی ئەدەبی عەرەبی و وڵاتانی دراوسێ و جیهانیشدا ڕەنگی داوەتەوە و شتێکی پەنهان و شاراوە

نیــیە، ئەگەر بڵــێم: ڕۆمــانــی –شــەڕ و ئاشــتی-ی لیــۆ تۆڵســتۆی و ڕۆمانـی –قەڵای دمدم-ی عەرەبـی شـەمۆ زیـاتر لە مێـژووەوە نـزیکن، نەك هونـەری ڕۆمان. بۆ پاساودان بۆ ئەم دیاردەیەش، ڕەخنەنووسان و لێکــۆڵەرانی ئەدەب، نــاوی ئەم جــۆرە ڕۆمانەیــان نــاوە ڕۆمــانی مێژوویی و ئیتر ئەم بابەتەش، بـووەتە جۆرێـك لە جۆرەکـانی ڕۆمـان و من بمەوێ و نەمەوێ، ڕەنگە خوێنەری ئەم بابەتـانە، لە خـوێنەری ڕۆمانی هونەری زۆرتر بن.

**١٧_ زیاتر بە کام ڕۆماننووس سەرسامی؟**

- من نـاتوانم بڵـێم بە فـلان ڕۆماننوسـە سەرسـامم، ڕۆمـاننووس هەیە، بە لای مـــنەوە ڕەنـــگە لە دە پـــازدە ڕۆمانـــدا، لە ڕۆمانێکـــدا سەرسـامی کـردبێتم. لەبەرئەوە نـاوی هەنـدێ لەو ڕۆمانـانە ڕۆمـاڵ و ڕووماڵ دەکەم، کە بە خوێنـدنەوەیان سەرسـام بـووم. لەوانە ڕۆمانـای (پیـدرۆ پـارامۆ)ی خـوان ڕۆلفـۆ، (بەدگـۆڕان)ی کافکـا، (ئێـنجمەمەد و کوێرئۆغڵو ...و چیای ئاگری)ی یەشار کەمال، (کونەبوبـووی کـوێر)ی سـادقی هیـدایەت، (نادجـا)ی ئەنـدرییە بریتـۆن، (وڕێـنە)ی سـارتەر، (نـامۆ و تـاعوون)ی کـامۆ، (هەراهەرا و تونـدوتیژی)ی فـۆکنەر، (شـارە نەبینراوەکـان)ی ئیتـاڵۆ کـاڵڤینۆ، (زۆبـا)ی کـازانتزاکیس، (کەس نیـیە نـامە بـۆ کۆلـۆنێر بنێـرێ)ی غارسـیا مـارکێز، (مـۆبی دایـك)ی هرمـان ملڤـل، (پیرەمێـرد و دەریـا)ی هەمەنگـوای، (دۆزەخ)ی هنـری بـاربۆس، (باخچە)ی مارگرێـت دۆراس، (وەرزی کـۆچ بەرەو بـاکوور)ی ئەلتەیـب سـاڵح، (قەڵای پێـنجەم)ی فـازل عەزاوی، (کیمیـاگەر)ی پـاولۆ کۆیلـۆ، (سـەحرای تەتەران)ی دینـۆ بـۆتزانی، (ستایشــی پــووری)ی مــاریۆ بارغـاس یۆسـا، (فهرنهایـت ٤٥١)ی ڕای برادبێـری، (چـاوی گـورگ)ی جەمیـــل تـــووران، (ئابشـــوران)ی عەلـــی ئەشـــەرف دەروێشـــیان.

(دەیناسۆڕی خاوەن شکۆ)ی خۆزیە کاردۆس پیریس و دەیان ڕۆمانی دیکەی ئەفسانەکاری و خەیاڵبازی، کە ناکرێ لێرەدا ناوی یەك بە یەکەیان ڕووماڵ بکەم.

**١٨ـ کێن ئەو شاعیرانەی، کە خۆت بە قەرزداریان دەزانی؟**

- خۆم بە قەرداری هەموو ئەو شاعیرانە دەزانم، کە تەنانەت یەك دێڕە شێعریانم خوێندبێتەوە. خۆ ئەگەر شیعرەکەیان بەرز و جوان بووبێ، هەوڵم داوە لەوەی ئەوان بەرزتر و جوانتر بنووسم، ئەگەر پڕوپووچیش بووبێ، هەوڵم داوە شیعری لەو جۆرە نەنووسم و شانازی بەوەوە دەکەم، ڕێچکەی تایبەتی خۆمم هەیە لە شیعردا و لاسایی کوێرانەی کەسم نەکردۆتەوە و لە هەمان کاتدا، کەڵکم لە شێوازی شیعر و ئەزموونی شاعیرێتیی زۆربەی شاعیرانی نوێخواز و نوێگەری ئەورووپا و عەرەب و جیهان وەرگرتووە.

**١٩ـ دەڵێن: گۆزە چی تێدا بێ، ئەوی لێ دەڕژێ، وەك دیارە تۆش لە منداڵییەوە لەناو ئەفسانەدا گەورە بوویی، هەر بۆیەشە ڕۆمانەکەت زیاتر لە چوارچێوەی ئەفسانەدا خۆی دەبینێتەوە وایە؟**

- لە باروودۆخێکی ئەفسانەوی و ماڵێکی پڕ لە ئەفسانە و باسی جنۆکە و حۆری و پەری و دێو و درنج و ئەوانێڵ و دۆعای گوللەنەبڕ و ئەبو دووجانە و قاقەز باڵا و چلە بڕ و چاوەزار و دێوبەند و دەنگ و باسەکانی خدزی زیندە و ئاوی کۆمەڵە صوارشەمە و ..هتد. چاوم کردۆتەوە و پەروەردەبووم. لەبەرئەوە نەك هەر (ژنە جنۆکەکانی شێمەحموو) بەڵکوو زۆربەی شیعرەکانم ڕەنگدانەوەی ئەو باروودۆخەی تیادا بەدی دەکرێ و خەریکی خەریکی نووسینی ڕۆمانێکی دیکەم و ئەم ڕۆمانەش هەمان کەش و باروخۆی تیادا

بەرجەستە دەکەم، بەڵام بە شێوازێکی دیکە.

**٢٠ـ ئەگەر جاریکی دیکە لەدایکببیەوە، حەز دەکەی ببی بە چی؟**

- هەزار جاری دیکە لەدایکببمەوە، حەز دەکەم هەر ببمەوە شاعیر و سەکۆی شیعر لە هەموو پلەوپایە و کورسییەك بڵندتر و پیرۆزتتر و نەمرترە و دڵنیابە دێڕە شیعرێکی نالی و مەولەوی و جزیری و حافز و سەعدی و خەیام و بەدر شاکر سەیاب لە فەرمانڕەوایی هەموو دەسەڵاتدارەکانی جیهان نەمرترە.

**٢١ـ دوا وتەت چییە؟**

- هەتا هەڵەی زمانەوانی و هەڵەی چاپ لە چاپەمانی کوردیدا بمێنێ و بنبڕ نەکرێ، گەندەڵی و نادادپەروەری و نایەکسانی لە هیچ فەرمانڕەوایەتیەکی کوردیدا کۆتایی پێنایەت و هەرگیز بنبڕ ناکرێ.

یاخوا وا نەبێ و من بە درۆ بکەومەوە. ئەوسا زۆر زۆر بە دڵخۆشییەوە -٥٠٠٠- پێنج هەزار دیناری کەفارەتی بە درۆکەوتنەوەکەم دەبەخشم.

سەرنج: ئەم دیدارە ١٦-٣-٢٠١٦ تەواو بووە و دواتر لە گۆڤاری نما بڵاوکراوەتەوە.

## جەوهەر مەحموود داراغا:

پێویستە نووسەر وەکوو رەسوڵ حەمزەتۆف بیر بکاتەوە، کە وتوویەتی: (من دەمەوێت نووسینەکەم، وەکوو کۆترێکی سپیی، نێو کۆترە شینکەی کێوی بێت و، لە کاتی فڕینیدا، تا لە چاو ون دەبێت: بناسرێتەوە!)



### ١ ــ ناوی خۆت و ژیانی خۆت بە کورتی.

نێوم جەوهەر مەحمود حسێنە و، لە دایک بووی (١٩٤٩). لە سلێمانی و، گەڕەکی سەرشەقام، لە دایک بووم. سەرەتایی و ناوەندی و، خانەی مامۆستایانم، لە سلێمانی تەواو کردووە. ئەو کات خوێندن بە زمانی دایک، قەدەغە بوو و، بە زمانی عەرەبی بوو. لە بنەماڵەیەکی نەخوێندەوار پەروەردە بووم. دەرچووی ساڵی (١٩٦٧ ــ ١٩٦٨)م و، لە ساڵی (١٩٧١) بە پیشەی مامۆستای بنەڕەتی، لە دێیەکی سەر بە (وارماوە)، بە نێوی (ئەحمەدبرندە)ەوە، دامەزرام. هەر لە ئەو ساڵەدا هاوسەرگیرم کرد و، سێ کوڕ و دوو کچم هەیە.

شان بە شانی کاری مامۆستاییم، گەلێک جۆری پیشەم

هەبـــووە و لەوانە: وەرشـــەی چـــاك كـــردنەوەی تەلەفزیـــۆن و بەرگدروویی.

**٢ ـــــ لە كەیەوە دەســتت داوەتە خــوێنەوە و نووســین و وەرگێڕان؟**

لەبەر ئەوەی نەتەوەیەكـــی بندەســـتە بـــووین، ڕۆژنـــامە و چـاپەمەنیی كـوردی، هێنـدە نەبـوون و، دەبـوو كتێبـی عەرەبیمـان بخوێنایەتەوە. بە حوكمی نزیكیی ماڵمان لە (كتێبخانەی گشتی)ی سلێمانییەوە و، خولیای خۆم بۆ خۆێندنەوە و، هانـدانی مامۆسـتای زمانی عەرەبیی قوتابخانەی (جەمهووریی سەرەتایی)یی و یـارمەتیی خـوالێ خـۆش بـوو: (حەمە سـاڵح دیـلان)ی شـاعیرەوە، كە ئەودەم، بەڕێوەبەری (كتێبخانەی گشتی)یە تاقانەكەی شـاری سـلێمانی بـوو، فێـری چـوونە كتێبخـانە بـووم و، خوێنـدنەوەی ڕۆمانەكـان و، بڕێـك كتێبـی نزیـك بە دەروونـی منـاڵان. لە سـاڵی (١٩٦٢)ەوە و، پـۆلی پێنجـی ســەرەتاییی، كتێـبم خوێنـدووەتەوە و، بە گـوێرەی یاسـای ئەودەمە، بە حەوت ساڵی لە پۆلی یەكەمی سـەرەتایی وەرگیرابـووم. یەكەم نووسـینم لە رادیـوێی كـوردیی بەغـدا، خوێنـدرایەوە. یەكەم نووسینیشـم، كە پـارچە شـیعرێك بـوو، لە ڕۆژنـامەی (بــرایی)دا و، لاكێشـــەی ســـووچی لای راســـتی، یەكەمـــین لاپەڕە و، شـــوێنی (پەنـدەكانی پیرەمێـرد)دا، چـاپ كـراو، بـڵاو بـووەوە و، ئێسـتا ئەو شیعرەم، لانەماوە و، بیرمە دوایین دێڕی ئەمە بوو:

**من پێم باشترە بە پێوە مردن**

**نەكوو لە سەر چۆك ژین بەسەر بردن**

لە هەشتاكانی سەدەی رابردوویش، چەند جارێك و بە دەستی خـــۆم و، تـــرس لە ئاسایشـــی نێـــو شـــار، كتێبخـــانەكەی خـــۆم

سووتاندووە؟

**٣ ــ یەکەم کتێبێك کە خوێندتەوە چی بوو؟**

یەکەم کتێبێك کە خوێندمەوە، کتێبۆکەی (پاڵەوانی دوارۆژ) بوو. ئەو کتێبە چەندین شیعری منالانی لە خۆ گرتبوو. پێموابێت لە نووسینی (فەرەیدون عەلی ئەمین) و کەسێکی تر بوو و، وێنە و نووسینی سەر بەرگەکەیشی، بە خامە جوانەکەی (عەلی عومەر)ی خۆشنووس بوو.

**٤ ــ یەکەم بەرهەمی وەرگێڕدراوت، کامەیە؟**

لە زۆرێك لە رۆژنامە و گۆڤارەکاندا نووسین و وەرگێڕدراوم بلاو بووەتەوە. بە ڕێوەبەری نووسین بووم لە مانگانە گۆڤاری (ژەنەر)دا. یەکەم ژمارەی ئەم گۆڤارەیش لە کانوونی یەکەمی (٢٠٠١)دا و لە سلێمانی چاپ کراوە.

* (بەڕێوەبەری نووسین)ی وەرزەگۆڤاری (سەنتەری رۆشنبیریی سەرا)ی سەر بە منالپاریزی کوردستانیش بووم وبە هۆی قەیرانی داراییەوە، ئێستا ئەو گۆڤارە، راگیراوە.

* لە گۆڤارو رۆژنامەکاندا چەندین نووسین وکورتە چیرۆك و کاریکاتێرم بلاوکردووەتەوە.

* چەندین فیلمی دیکۆمێنتاریی زانستی و کۆمەلایەتی و فەلسەفیم وەرگێڕاوە بۆ زمانی کوردی و بە دۆبلاژکراوی لە تەلەفزیۆنی پەروەردەیی سلێمانیەوە پەخش بووە.

* لە رادیۆی (دەنگی کتێب) وەکوو بەڕێوەبەر، لە ناوەڕاستی سالی (٢٠١٢) کارم کردووە و چەندین بەرنامەم لەو رادیۆوە پەخش بووە. لەوانە گۆشەی (خەرمانی پەندی پێشینان) و (سرووەی شاعیران). لەگەل گۆشەی (حیکایەتی هەزارو یەك شەوە). کە لە خوێندەوەی

خۆم بووە و جێبەجێ کردنی (کاروان بلووری).

بەڵام یەکەمین بەرهەمم وەکوو کتێب، ڕۆمانی (هەزارو یەك شەوە ـ الف لیلة و لیلة) بوو، لە زمانی عەرەبییەوە وەرگێڕاوە بۆ زمانی شیرینی کوردی و لە ساڵی (٢٠٠٧) و بە بەرگی ڕەق و تیراژی (١٥٠٠) دانە و لە (٤) بەرگدا، چاپخانەی (شڤان) چاپی یەکەمی خستە کتێبخانەکانەوە و چاپی دووەمیشی بە تیراژی (١٠٠٠) دانە و دیسان بە (٤) بەرگ، چاپخانەی (چوارچرا) لە ساڵی (٢٠١٣)دا چاپی کردەوە.

چاپی سێیەمیشی ئەمساڵ بوو، بە تیراژی (١٠٠٠) دانە و، لە دوو بەرگی ڕەقدا و، بۆکسێکدا، (ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەریی ئەندێشە) چاپ و بڵاوی کردەوە.

**٥ ـ هەست ناکەیت ئەگەر یەکەم کاری وەرگێڕ گەورە بێت، ماندووی دەکات و، ساردی دەکاتەوە؟**

من بە پێچەوانەوە بۆی دەچم! پێویستە نووسەر وەکوو ڕەسوڵ حەمزەتۆف بیر بکاتەوە، کە وتوویەتی: (من دەمەوێت نووسینەکەم، وەکوو کۆترێکی سپی، نێو کۆترە شینکەی کێوی بێت و، لە کاتی فڕینیدا، تا لە چاو ون دەبێت: بناسرێتەوە!) ئەو یەکەمین وەرگێڕدراوەی منیش وەکوو کتێب وەکوو ناوازە و، لە پێشینەیە، چوار بەرگە و، کارێکی چوار ساڵەی پڕووکێنەری، کەم کەس کردەیش بوو. خۆزگە بەرهەمی خامەی ئاسایی کەم دەبوو و، داهێنان مەبەستی لە پێشینەی هاوڕێیانی وەرگێڕ دەبوو. خوا تەمەنی کاك (حەمە کەریم عارف) و (ڕەئووف بێگەرد) و، هەموو ئەوانە درێژ بکات، کە بەرهەمی مەزنی پڕووکێنەر بۆ نەتەوەکەی خۆیان، دەستەبەر دەکەن.

بۆیە یەکەم کاری وەرگێڕانی منیش شاکاری (هەزار و یەك شەوە) بوو و، بە دوای ئەمیشدا ڕۆمانی چوار بەرگیی (شەڕ و ئاشتی)یم،

خستە بەر دیدەی، نەتەوە ستەمدیدەکەم.

**٦ ــ ماوەی چەندێك بە وەرگێڕانی (هەزار و یەك شەوە)وە، سەرقاڵ بوویت؟ چاپی سێیەمی کە (ناوەندی هونەری و رۆشنبیریی ئەندێشە) ئەمساڵ، چاپی کردووە، بەوە ناسراوە، کە لایەنە ئیرۆتیکییەکەی، تا رادەیەك، خراوەتەوە سەر و، لە دوو چاپە کۆنەکەی جیاوازە. ئەوە لەبەر چی؟**

ئەم شاکارە سێ جاران چاپ بووە: چاپی یەکەم بە تیراژی (١٥٠٠) سێت و چوار بەرگ بوو. ئەمەیان بە گوێرەی چاپێکی عەرەبی بوو و، لە بەرگی یەکەمی نوسراوە: تقدیم (طه عبدالرؤف) مكتبة وهران.

لە قاهرە چاپ کراوە و، ساڵی چاپ کردنی پێوە نییە! ئەم (طه عبدالرؤف)ە، لە ئامادە کردنی (الف لیلە و لیلە)دا بۆ چاپ، خۆی لەو کورتە چیرۆکانە بوواردووە، کە بە ئیرۆتیکی زانیون و، هەر لە سەرەتاوە و، چیرۆکی هۆی، گەڕانەوەی شا شەهرەیار و شا (زەمان)ی برای، بۆ سەر کورسیی دەسەلاتی، بواردووە. منیش وام بە باشی زانی، وەکوو خۆی وەری بگێڕم و، پێشبینیم کردبوو، ئەم شاکارەی کە سەدان نووسەری جیهانیی بە ناوبانگی وەکوو (ڤۆلتێر) و (تۆلستۆی) و (ماکیز) خوێندوویانەتەوە وبۆ سەر هەموو زمانە جیهانیەکان وەرگێڕدراوە و، دەیان نامەی ماستر و دوکتۆرای لە سەر هاتووە، دەیان جاری تریش چاپ دەبێتەوە! بۆیە ئەم چاپی یەکەمەی ساڵی (٢٠٠٧)ەم وەکوو خۆی هێشتەوە. تاکوو لە کتێبخانەکانی ماڵاندا، جێی ببێتەوە. چاپی دووەمی جیاوازتر بوو. نۆ مانگی تەمەنم تەرخانی پێداچوونەوەی کرد و، ئەمجارەیان، چاپخانەی (چوار چرا) لە سەر ئەرکی خۆی و بە تیراژی (١٠٠٠) دانە، ساڵی (٢٠١٣) لە سلێمانی لە چاپی دایەوە. ئەڵبەتە دەنگدانەوەیەکی باشی لە نێو خوێنەراندا هەبوو. ساڵی (٢٠١٥)یش کاك

ڕێبـواری خـاوەن کتێبخـانەی (نالـــی)ی نێـو (بـازاڕی کتێـب)ی شـاری سـلێمانی، خۆی مانـدوو کـرد و سـێتێکی شـاکاری (الـف لـیله و لـیله)ی ڕەسـەن و پوخـت تـرین چـاپی بـۆ دەسـتەبەر کـردم. جێـی خـۆیەتی سوپاسی بکەم. ئەم کـاك ڕێبـوارە، ڕۆشـنبیر و خـوێنەرێکی زۆر بـاڵایە و کتێـب خۆشەویسـت. ئەم دوایـین چـاپەی بەردەسـتم پێـی دەگوترێـت (چـاپی بـۆلاق) و، سـاڵی (١٩٥٣) چـاپ کـراوە. بـۆلاقیش نێـوی شـارێکی وڵاتـی میسرە. منیش چاکی سـوور بـوونم، بە لادا کـرد و، چـوار مـانگی تـرم، بـۆ ئەم پێـداچوونەوەیەیش، تەرخـان کـرد و، ئەم شـاکارە کـوردییە جـوانەی لـێ دەرچـوو، کە ئێسـتا لەبەر دەسـتی خۆێنەرانـدایە. ئەڵـبەتە ئەمە یەکەم بەرهەمی وەرگێڕانی منە و، شـانازیی پێـوە دەکەم. ئەم کـارە پڕووکێنە پشوو درێژیی ویست و، وەکوو ئەو کۆترە سـپییەی نێـو کـۆترە شـینکەکەی، (داغسـتانی مـن) دەرچـوو بۆیشـم نەبـووەتە هـۆی سـارد بـوونەوە و، بەڵگەیشـم بـۆ ئەم ڕاسـتییە: وەرگێڕانـی ڕۆمـانی (شـەڕ و ئاشتی)ی (تـۆلستۆی)ی ڕۆمان نووسی ڕووسییە.

**٨ ـــ وەرگێڕان چ چێژێکت پێ دەبەخشێت؟**

وەرگێڕان کاری بیر و هزرەو، جیهانێـك وردەکـاری. هەرچەنـد (مـاریۆ بارگـاس یۆسـا)یش لە پێناسـەی وەرگێڕەکانـدا وتـوویەتی: (***وەرگێڕەکـان شکسـتخواردووانی گۆڕەپـانی ئەدەب و نووسـینن***)! بەڵام وەرگێـڕان کـارێکی پـڕووکێنەرە. کە لە مـاتەمی مردنـی (سـامی الـدروبی)دا لە هاوژینەکەیـان پرسـی: (**مێـردەکەت بە چـی مـرد؟**) لە وەڵامـدا وتبـووی: (**وەرگێڕان کوشتی!**).

وەرگێـڕان پـێ لە زەوی بـڕین و، تەی کردنـی جیهـانی حەز و ویستەکانی مرۆڤە، کۆگای دەستەبەر بوونی خۆزگە و ئاواتەکانە! چێژی نووسەرانە! ڕنینەوەی پرچە، بۆ ستەم لێکراوان و چۆپی کێشانە لەگەڵ

بەختەوەر بوونی پاڵەوانەکان! جێ هێشتنی زەلکاوی ستەمی کۆمەڵگایە و، چوونە بەهەشتی ویستی نووسەرانە!

منیش وەکوو وەرگێڕێك، چێژی خۆم دەبینم. ئێوە دەزانن منیش وەکوو هەر خوێنەرێك، ئەوە یەکەمجارە، ئەو کتێبەی کاری لەسەر دەکەم: دەخوێنمەوە!! بڕێك هاوڕێیشم سەیریان بەم کار کردنەی من دێت! دەپرسن ئەی ئەو ڕۆمانە چۆن هەڵ دەبژێریت تا کاری لەسەر بکەیت؟ منیش دەڵێم: چەند کەسێك ڕێنماییم دەکەن و کتێبم بۆ دیاری دەکەن. لەو برادەرانەم: بەڕێزان (سابیر مەلوول) و(نەجات نووری)ی چیرۆك نووس. خۆیشم لە ئەنتەرنێت بۆ نووسەرەکان و، کتێبەکانیان دەگەڕێم و، رای خوێنەران. دواجار وەکوو باز، بەسەر کتێبێکەوە، دەنیشمەوە.

**٩ ـــ هەست ناکەیت ئەوانەی لەگەڵ کتێب تێکەڵ دەبن، تووشی جۆرێك لە گۆشەگیری دەبن؟**

ئەوە تا رادەیەك راستە! بەڵام تێکەڵ بوون بە جیهانی ڕۆمان، بەرکەوتنی راستەوخۆ نییە لەگەڵ کۆمەڵگا و، خۆێنەر تێیدا کۆیلایەتی ناچێژێت و، خوێنی نارژێت و، ئوتومبێل نایشێلێت و، گازی کیمیاوی، هەڵنامژێت و، شەڕی نابەرامبەری پێ ناکرێت! (دیل کارینجی)ی گەورە فەیلەسووفی فەرەنسی لە کتێبی (دع القلق و ابدأ الحیاة)دا دەڵێت: لە شێتخانەیەکدا لەگەڵ پزیشکەکە، بە هۆڵەکاندا دەگەڕام کە ژنێکی جوانکیلە هات و رووی لە پزیشکەکە کرد:

ـ دەزانیت: ئەمشەو منیش کوڕێکم بوو؟

پزیشکەکەیش وەڵامی دایەوە:

ـ راست دەکەیت!

منیش رووم لە ئەو پزیشکە بەڕێزە کردوو پرسیم:

ـ بەڕێز بۆچی هەوڵی جدی لەگەڵ ئەم دایکە لەسەرخۆ و ژیرە نادەیت، تا بە تەواوی چاك بێتەوە؟

پزیشکەکە پێی وتم:

ـــ چونکە ئەگەر لە جیهانی خەیاڵی خۆیی دەر بێنم و چاك ببێتەوە، ئەوا منالی نابێت! چونکە لە خۆیدا نەزۆکە و، منیش ناتوانم ئەوەی پێ ببەخشم کە لە جیهانی خەیاڵەکەی خۆیدا، دەستی کەوتووە!

**١٠ ـــ تا چەند لەگەڵ ئەو وتەیەی (عەلی شەریعەتی)یت کە دەڵێت: (ئەوانەی کتێب دەخوێننەوە، دۆزەخێك بۆ خۆیان دروست دەکەن!)؟**

با عەلی شەریعەتی کۆمەڵناسێکی بالایش بێت، بەلام من لەگەڵ ئەم بۆچوونەی ئەودا نیم، چونکە دەبوو خوێنەرە ئەمەریکی و یابانی و صینییەکان، لە خەڵوەتگەی خەمی خۆیاندا بوونایە و، دەروون نەخۆش و، دوور لە تەکنەلۆژیا بوونایە، چونکە تاکی نەخۆش کۆمەڵگای پەرە گرتوو، بەرهەم ناهێنێت!

لە هەمان کاتدا، پێ دەچێت ئەم وتەیە: لە هەڵچوونێکی کورتخایەندا گوترابێت. ئاخر ئەوەتا شەڕی ئێستای کۆمەڵگای ئێمە بە کلتوور کردنی خوێندنەوەیە! هەر لەبەر ئەوەی تاکی کۆمەڵگای ئێمە ژێردەستە بووە و، دەسەلاتدارانی، سەردەمانی زێرینی کوردان، بایەخی ئەوتۆیان، بە کتێب و چاپخانە و کەڵە نووسەرانی خۆیان نەداوە، بۆیە کۆمەڵگایش چەقبەستوو بووە و، دۆزەخی بۆ خۆی سازداوە. خۆ حاجی تۆفیقی (پیرەمێرد)یش لە وەسیەتنامە بە نێوبانگەکەی خۆیدا، داوای خوێندەوار کردنی نەتەوەکەی خۆیی کردووە. کەوابوو: **ژیان دان و ساندنە!** مەحاڵە بتوانیت دەستکەوت لە لەم ژیانە و لەم سرووشتەی

دەوروبەرت، وەدەســـت بێنیـــت و، بە هـــۆیەوە، دەســـتکەوتێکی دی، نەدۆڕێنیت!

**١١ ــ حەز دەکەیت بەر لە مردنت، چ کتێبێك، وەر بگێڕیت؟**

ڕۆمانی (کلـۆڵەکان ــ البؤساء)ی گەورە ڕۆمان نووسی فەڕەنسی: (ڤیکتـۆر هـۆگـۆ)، بە وەرگێڕانـی کەڵە نووسـەر و خـاوەن فەرهەنگی عەرەبی (المـورد) کە (منیـر البعلبکـی)ە، بـکەم کـوردی. حەز دەکەم بە خوێنەرانیش بڵێم کە چواریەکی ئەم ڕۆمانەیشم کردووە بە کوردی و، بە نیازم تەمەن بوارم بدات، مانگی شوباتی (٢٠١٧) کۆتایی پێ بێنم.

**١٢ ــ هەست دەکرێت ئێستا خوێنەری کتێبی گەورە، نەمـاوە و، بگرە ڕێژەی خوێنەرانیش بەرەو داکشان چووە؟**

ئەوە ڕاسـتە و، منـیش هەسـتم پـێ کـردووە. بەڵام نووسـەران و وەرگێـڕان بـۆ سـەردەمێك نانووسـن و بەرهەمـی باشـیش، خـۆرە لێـی نادات و، دەچێتە خانەی (هەمیشە بەهاران)ەوە.

**١٣ ــ بە ڕای تۆ، هیچ یاسا و ڕێسایەك هەیە، بۆ وەرگێڕان؟**

بـەڵێ! بـەڵـێ! ئەی بۆ نـا؟ بۆ قوڵبـوونەوە لەو یاسا و ڕێساانە، چەندین کتێب لە بەر دەستی خۆێنەران دایە و، بواری ئێستای من، لە ئەم گۆڤاری بارانەدا، بۆ قوڵ بوونەوە، ڕەخساو نییە. بەڵام دەتوانم بڕێك لە یاسا گشتگیرە سەرەکییەکانی بۆ ئێوە بخەمە ڕوو.

هەســـت کـــردن، بە (زمکـــان)ی ئەو بـــابەتەی وەردەگێڕدرێـت و، زانینی زۆرێك لە کلتووری کۆمەڵگای ئەو کتێبەوە، کە وەر دەگێڕدرێت و، فەلســـەفەی ژیـــانی کۆمەڵگاکەیـــان. شـــارەزابوون لە زمـــانی لێـــوە وەرگێـــڕدراودا و، باگراونـدێکی ڕۆشـــنبیری بـــاش و، پـــاڵنەری خولیـا و ئارەزوو. لەگەڵ ئاگادار بوون لە پەند و ئیدیۆمی زمانی کـار لەسـەر کـراو و، دۆزینەوەی ئیدیۆم و پەندی پێشینانی شیاوی، ئەو زمانەی بـۆی وەر

دەگێڕدرێت و، دوور کەوتنەوە لە شێوە زمانی ناوچەیی و، پەیڕەوی زمانی ستاندارد و، گەر وەکوو خۆیشمان، زمانی یەکگرتووی ستاندارد نەبوو، ئەوا ڕێچکەی کەڵە نووسەر و وەرگێڕانانی کۆمەڵگا گرتن، چەند بنەمایەکن بۆ هێنانە کایەی، بەرهەمێکی وەرگێڕدراوی سەرکەوتوو.

من بۆ خۆم (کۆپلە ــ فقرە)یەك دەخوێنمەوە و، بە بەستنەوەی بە کۆپلەی بەر لە خۆی، دەست دەکەم بە وەرگێڕانی. بۆ بابەتە ژنانەکان پشتم بە هاوژینی ڕۆشنبیر و خوێنەری خۆم و کچانی خۆم دەبەستم و راوێژ کردن بە کەڵە وەرگێڕەکانی هاوڕێم و، داونلۆد کردنی ئەو ڕۆمانانەی وەرم گێڕاون و بە فیلم کراون و، دانیشتنی چەندجارە، بە دیار ئەو فیلمانەوە.

فیلمی (شەڕ و ئاشتی)م، بە ژێرنووسی زمانی عەرەبی چاو لێ کردووە و، فیلمی میسری (کلۆڵەکان ــ البؤساء)م سەیر کردووە، کە (فرید شوقی) تێیدا، ڕۆڵی (جان ڤاڵجان)ی بینیوە و، فیلمەکە بە ڕەش و سپی دەرهێنراوە. ئەو ڕۆمانی (قەمبوورەکەی نۆتردام)ەی وەرمگێڕاوە بۆ سەر زمانی کوردی، بە فیلم بینیومە و، تاسووقانە، چاوم لێ کردووە و، هەڵس و کەوتی قەشەکەی کاتدرائییەی (نۆتردام) و، ساندرێلا و کارەکەی ــ بزنە چکۆلە ــ یەم بە وردی سەرنج داوە. بۆ تێگەیشتن لە ژیانی کۆمەڵایەتیی سەردەمی خەلافەتی هاروونە ڕەشید و، ئەبو جەعفەری مەنسوور، بە دیار زنجیرە درامای میسرییەوە دانیشتووم و، خاتوونە (شریهان)ی ئەکتەری میسری. زنجیرە چوار بەشەکەی، (حریم السلطان)م لە کەناڵی ( Z افلام)ەوە بینیوە و، وێنای ئەو سەردەمە کۆنەی خەلافەتی (هاروونە ڕەشید)م لە هزری خۆمدا کێشاوە.

ئاخر ڕۆمان نووسی بە نێوبانگی ئیسپانی (ماریۆ بارگاس یۆسا) لە ڕۆمانی (**کەتنەکانی کچۆڵەیەکی لاسار**)دا کە خۆم وەرمگێڕاوە

بـۆ زمـانـی شـیرینـی کـوردی و، لە **(ناوەنـدی هـونەری و ڕۆشـنبیریی ئەندێشـە)** ئامـادەی چـاپ کـراوە، لە سـەر زمـانـی هـاوڕێیەکی وەرگێـڕی ڕاستەوخۆوە، ئامۆژگاری دەدات بەوەی، گەر هەڵە لە وەگێڕانی ڕاستەوخۆ و لە دادگادا ڕوویدا، باجەکەی هەرچەندێك بێت، ناگاتە باجی وەرگێڕانـی هەڵەی دەقە ئەدەبییەکـان، چـونکە خـوێنەران و ڕۆشـنبیران هەرگیـز، لە هەڵەی وەرگێڕەکـان خـۆش نـابن، بەوەی هـیچ دەقێکـی وەرگێـڕدراو ون نابێت!

**١٤ ـــ پێت وایە شیعر وەر دەگێڕدرێت؟**

ئـــەی بــۆ نــا!؟ شــیعر ئەو ژانــرەیە کە شـــاعیرێکی عەرەب لە پێناسـەکەیدا وتــوویەتی: احســن الشـعر اکژبـه! کـاکە (حەمەی مەلا کەریم)یش پێی وایە شیعر تەنیا شایستەی جوانیی سروشـت و ژنە و هیچی تر! هەرچەنـد نکوولی لەوە ناکرێـت، بە وەرگێڕانـی شـیعرێك لە زمانی خۆیەوە، بۆ زمـانێکی دی، شـیعرەکە بڕێـك لە چێـژ و قەشـەنگیی خـۆی، دەدۆڕێنێـت، بـــەڵام خـۆ ناکرێـت وەرگێڕانیشـی بە کـارێکی بـڤە دابنێـــین! ئەوەتـــا ســـەلامی شـــاعیر و هەژاری مەزن، چوارینەکـــانی (خەیام)یـان وەرگێـڕاوە و، تـازەترین وەرگێـڕانیش، بـۆ زمـانی شـیرینی خۆمان: بڕێك لە شیعرەکانی (نـزار قەبانی)یە.

منـــیش هەرچونـــد فـــرەیش ســـەرکەوتوو نەبـــووم، بـــەڵام شـیعرەکانی نێـو شـاکارەکەی (هەزار و یەك شـەوە)م وەرگێـڕاوەتە سـەر زمانی خۆمان. ئەوەیشم پـێ بـاش بـووە، تەنیـا بـایەخ بە مانـا نەدەم و، لە شـوێنیدا، شـیعر دابنـێمەوە. ئەوەیـش ناشـارمەوە، پەنـام بـۆ چەنـد عەرەبی زانێکـی پسپۆڕ برد، تاکوو دەستبارم بن و، تەنیا شیعرەکانم بـۆ بە کـوردی بـکەن و، منـیش ناویـان دەخەمە سـەر بەرگـی شـاکارەکە. بەڵام بە داخەوە، بـــاربوو نەکـــرام. منـــیش ناچـــار بـــووم، بڕێـــك لەو

شیعرانەی کە واتاکەیان، هاوتای واتای شیعری شاعیرێکی خۆمان بووبێت، ئەوا شیعری شاعیرەکەی خۆمانم خستووەتە شوێنی و، مافی ئەوم نەخواردووە و، ئاماژەم بە ناوەکەی کردووە.

**١٥-لە ئێستادا سەرقاڵی چی؟**

ئێستا سەرقاڵی وەرگێڕانی (کلۆڵەکان ـ البؤساء)ی ڕۆمان نووسی گەورە، (ڤیکتۆر هۆگۆ)م. ئەم ڕۆمانە (٥) بەرگە، (٢٣٣١) لاپەڕەیە، وەرگێڕی زمانزان و، بە سەلیقەی بە ناوبانگی عەرەب و، خاوەن فەرهەنگ (مونیر البعلبکی) کردوویەتی بە عەرەبی و، منیش ئەگەر مەرگ مەودا بدات، بە کوردیی دەکەم. بەر لە ئەم ڕۆمانە، ڕۆمانی (کۆتەڵی ڕۆژ)ەکەی (ئیشیۆ جۆرۆ)م وەرگێڕا و، ئامادەی چاپە.

**١٦ ــ لە ئێستادا کێ بە وەرگێڕی سەرکەوتوو دەزانیت؟**

کتێبخانەی کوردی، هەژارە بە کتێبە وەرگێڕدراوەکان و، ناوەندەکانی چاپ کردنی وەکوو (ناوەندی هونەری و ڕۆشنبیریی ئەندێشە) و (ناوەندی ئاوێر) و (خانەی وەرگێڕان) و (سەردەم)ش دریغییان نەکردووە. بەڵام ئەوەی تووڕەم دەکات، لایەنی (ڕێزنان)ی، لانیکەمی مەعنەویی، وەرگێڕەکانە! ئاخۆ بۆ لانیکەم وەزارەتی ڕۆشنبیریی هەریم، ناسنامەی تایبەت نابەخشێت بە وەرگێڕ و نووسەر و شاعیران؟ بڵێی ئەمەشیان بە هۆی باری دارییەوە بێت؟

ئەڵبەتە لە وەرگێڕە کۆنەکان و بە چاولێ کردن، لە بەرهەمەکانیان: (هەژار) و (ئەوڕەحمانی حاجی مارف) و (عەزیز گەردی) و شکور موستەفا)، بە پسپۆڕی بواری وەرگێڕان دەزانم. دەبێت وەرگێڕە بەڕێزە پڕ بەرهەمەکەی کورد: (حەمە کەریم عارف) دەکەمە پێشەنگ و سەرقافڵەچی و، داوای لێ بووردن دەکەم و، ناوی وەرگێڕە بالاکانی دی ناهێنم.

**١٧ ـــ زیاتر کار لە سەر رۆمان دەکەیت، یان لە بوارەکانی تریشدا، کار دەکەیت؟**

بە سەڵەمینەوەم لە فرە رەهەندی لە کاردا و، لە دەستدانی پوختەیی بەرهەم، ویستوومە، کار لە سەر یەك بواری ئەدەب بکەم. ئەمەیشم پێ باشە. ئەگەرنا لە چەند بوارێکی تردا، ئەسپی سەلیقەی خۆم، تاو داوە. هەر بە نموونە: وەرگێڕانم بۆ دەیان فیلمی دیکۆمێنتاری کردووە و، کەناڵی پەروەردەیی سلێمانی، ئەو فیلمە دیکۆمێنتاریانەیان، بە وەرگێڕانەکانی من بۆ کوردی، دۆبلاژیان کردووە و، لە تەلفزیۆنە چالاکەکەیاندا، نمایشیان کردووە. کاتی خۆی، چەندین کاریکاتێرم لە ژمارە سەرەتاییەکانی گۆڤاری سیخورمە و، رۆژنامەی (ئامانج)ی سەر بە (یەکێتیی مامۆستایان) و، رۆژنامەی کوردستانی نوێ و، گۆڤاری (تیرۆژ) و، (ژەنەر)دا بڵاو بووەتەوە. ماوەیەکیش بەرێوەبەری رادیۆی (دەنگی کتێب) بووم. بەڵام هەمیشە قورسایی کارم، لە سەر وەرگێڕانی رۆمانە جیهانیەکان بووە.

**١٨ ـــ پێشتر شێوەکار بوویت و، چیرۆکیشت بۆ منالان نووسیوە.**

نەخێر شێوەکار نەبووم. بەڵام وێنە کاریکاتێرییەکانم، لە ژێر دەستی مامۆستای کاریکاتێرم بەرێز مامۆستا (بەیان)ی کاریکاتێریستدا بووە و، لەو بوارەدا ئێستایش خۆم بە قوتابیی ئەو بەرێزە دەزانم.

دوازدە چیرۆکم هەیە و، لە گۆڤار و رۆژنامەکاندا، بڵاوم کردوونەتەوە و، وەرگێردراو نین. کە نەچوومەتە پاریزی جیهانی منالانەوە، دوای چل ساڵ مامۆستای بنەڕەتی بوونم، هێشتایش خۆی بە شایستەی نووسینی (چیرۆکی منالان) نازانم.

**١٩ ـ ڕۆمانی (قومارچی)ی دوستۆیفسکی، تۆ وەرت گێڕاوە بۆ کوردی. ئێستایش (ناوەندی ئاوێر) جارێکی تر وەریگێڕاوەتەوە! چۆن دەڕوانیتە دوو جار وەرگێڕانی یەك ڕۆمان، یان یەك بابەت؟**

من ئەو کاتە ڕەوایی دەدەم بە دوو جار وەرگێڕانەوەی یەك ڕۆمان، کە وەرگێڕی یەکەم، دەست پاك و دارشتنەوە، نا دروست بوو بێت. یان جاری یەکەم ئەو ڕۆمانە، لە زمانی یەکەمەوە نەبووبێت و، جاری دووەم یان وەرگێڕی دووەم، لە زمانی یەکەمەوە وەریگێڕا بێت. خۆ ئەمە هەر ئەم ڕۆمانەی منی نەگرتووەتەوە: وەرگێڕانی (سێ شەموان لەگەڵ مۆری) و، چەندەن ڕۆمانێکی تریش. دەستخۆشیش لە بەڕێز (ئەحمەدی مەلا) دەکەم، کە دووەم وەرگێڕە و، ڕۆمانی (سەد ساڵ تەنیایی) لە زمانی یەکەمەوە، کە ئیسپانییە، وەرگێڕاوەتەوە، بۆ زمانی شیرینی کوردی.

**٢٠ ــ چ بکرێت بۆ ئەوەی کتێبێك یان ڕۆمانێك، دوو وەرگێڕانی لە لایەن دوو کەسەوە بۆ نەکرێت؟**

ڕەنگە نەبوونی لیژنەی پسپۆڕ لە ناوەندی چاپ و بڵاو کردنەوەدا، یەکێك بێت لە هۆیەکان و، نەبوونی یەکێتییەکی نووسەرانی کارا، کە بتوانێت نووسەران و وەرگێڕان لە خۆ کۆبکاتەوە.

**٢١ ــ چ بەو کەسانە دەڵێیت، کە لە سەرەتای کاری وەرگێڕاندان؟**

خوێندنەوەی زۆر، لە بواریەلێکی فرەدا و، بەو دوو زمانە، یان سێ زمانەی، کاری وەرگێڕانی تێدا دەکات. شارەزا بێت لە کلتووری خۆی و، ئەو زمانەی وەرگێڕانی لێوە دەکات. ئێوە دەزانن بەرهەمی ئەدەبیش هەر هێندە نووسەر خاوەنێتی، تا چاپ نەکراوە و، چاپ بوونیشی، وەکوو دەرچوونی تیر وایە، لە کەوانەکەی و، خۆزگە خواستن، نایگێڕێتە

دواوە!؟ کەوابوو با: وەرگێڕە گەنجەکان فرە بخوێننەوە و، کەم بنووسن. لە سەر وەرگێڕە پێشینەکانی بەر لە خۆیانەوە، درێژە بە کارەکانیان بدەن، خەرەفانی پیرەکان: گشتگیر نییە! پرسا بوونیشیان، تۆکمەییان پێ دەبەخشێت!

## ٢٢ ــ تاکوو ئێستا خاوەنی چەند بەرهەمیت؟

سەرەتای کارم بە وەرگێڕانی (هەزارو یەك شەوە) بووە. چاپی یەکەمی، لە چوار بەرگدا و، سالّی (٢٠٠٧) چاپ بووە. ڕۆمانی (شەڕ و ئاشتی)ی (تۆلستۆی) ڕووسی، چوار بەرگە و لە (٢٠١٢)چاپ بووە. ڕۆمانی (قومارچی)ی (دۆستۆیسکی) بووە و، چاپی یەکەمی، لە (٢٠١٣)دا چاپ بووە. ڕۆمانی (قەمورەکەی نۆتردام)ی ڤیکتۆر هۆگۆ، سالّی (٢٠١٥) چاپ بووە.


ڕۆمانی نرکەی چیاکەی یاسۆناری کاواباتا و کۆتەڵی ڕۆژی گازۆ ئیشیجۆرۆ کە سالّ (٢٠٢٧) دەزگای ڕۆشنبیریی ئەندێشە چاپ و بڵاویکردوونەوە.

## ٢٣- دوا وتەت چییە؟

خوێندنەوەیش وەکوو هەر دەستکەوتێکی تری مرۆڤە و، لە شێوەی (دان و سان)دایە! وەکوو سوودی بۆ مرۆڤ هەیە، بێ زیانیش نییە! بەڵام بە بڕوای من: سوودەکانی لە زیانەکانی فرە ترن. بۆیە بناغەی وڵاتانی ئەورووپا خوێندنەوە و، ڕۆشنبیرییە و، بخوێننەوە و، بخوێننەوە! ڕێز لە زانایان و داهێنەران و خێرخوازان و، پیاوچاکانی خۆتان بگرن. ڕێزی هەر نەتەوەیەکیش بە کلتوورەکەی خۆیەوەیەتی.

**حەمەی مەلاکەریم:**

**پەیوەندیمان لەگەڵ مەسعوود محەممەد باش بوو، یەکترمان خۆش دەویست، ئەگەرچی لە بیروباوەڕ و ئایدۆلۆژیا جیاواز بووین.**



**سێزدەی گەلاڕێزانی (٢٠١٥)، ئەو دەمەی گەڵا لەدار و درەخت ئەوەری، هاوشانی (زامدار ئەحمەد)ی نووسەری گەنج و لاو، بە شادوومانییەوە لە ڕانیەڕا، بەرەو سلێمانی ڕێگە ناخۆش و پڕ گەوە مردووهێنەکەمان بڕی، دیدار و دانیشتنمان لەگەڵ هۆزانڤانان "لەتیف هەڵمەت، حەمەکەریم عارف، حەمەی مەلا کەریم"دا هەیە، بڕیارە دانیشتنێکی مڕوتێر لەبارەی نووسین و وەرگێڕان و ئەدەب و کولتوری کوردی بکەین. دەخوازین، زوو بگەینە واری ناوبراوان و دەستپێکی زارکردنەوەمان بە باسکردنی**

بەرهەمەکانیان بێ، بپرسین و بەرسڤ وەرگرین. کاتژمێر چواری دوانیوەڕۆ بنەوبارگەمان لەماڵی مامۆستا محەممەدی مەلا کەریم دانا. وێنامان دەکرد، گفتوگۆیەکی چڕوپڕ ئەنجامبدەین، وەلێ نەخۆشی کاکە حەمە، دەرفەتی قسەکردنی کەم کردەوە.

وەك شێرکۆ بێکەس، دەڵێ: کاکە حەمەی هەرمێ گولاویی.. پیاوێك لە دارهەرمێی وشە.. ماندوویەك لەنێو توونـاوتوونی کتێبدا.. حەمەی مەلا کەریم.. ئەو ناوەی نیو سەدە زیاترە، لە زاری زمانی کوردیدا نوقڵە.. ئەو شیکەرەوەی شیعری شاعیرانی کلاسیکی، لەدوای ٧٨ ساڵدا، نەخۆشی بەرۆکی گرت و زیاد لە جارێك سەکتە لێیدا و گاڕۆی نووسین و ساغکردنەوەی شیعری لێ تێکچوو، وەلێ کۆڵی نەدا و بەردەوام بوو.

حەمەی مەلا کەریم، لەسەرەتای قسەکردنییەوە ئێمەی بردە نێو هەڵکەوتەی سروشتە تایبەتییەکەی هەورامان و گوێبیستی چك چکە و گـراداف و پروکە و دەنگـی باڵندە کێوییەکان بووین، مەکۆی شادی و چێژبەخشیینی دەروون و گیانمان بە وێنا وەرگرت، لە پاشان باسی تەکیە و خانەقاکانی هەورامانی کرد و ئەمەشی بەهۆکاری سەرەکی بوونی دەیان کەوادیری ئاینیی ئیسلامی، هزری خواناسی دادەنا، بۆ سەنگینی قسەکانی مەلا نەزیری بەنموونە هێنایەوە، خاوەن دەستنوسی قورئـان و شارەزا لێی.

لەنێو سروشتی ئاینیی هەورامانەوە بەرەو دونیای ئەدەبی کلاسیکی باسەکە وەسوڕا، وجوودیەتی بنەماڵەی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس لە شیکردنەوە و ساغکردنەوە و لێکدانەوەی شیعری کلاسیکی، بەتایبەت شاعیران "نالی،

مەحوی، سالم، مەولەوی"، ڕۆڵێکی بەرچاو و مێژوویی و لەیاد نەکردەیە. بەڵام، سەکتەلێدان لە فاتیحی برای لە ساڵی (١٩٩١)دا و گیان لەدەستدانی باوکی لە ساڵی (٢٠٠٥)دا، کاری کاکە حەمەی لەمەڕ لێکدانەوەی شیعر قورستر کرد، کەچی کۆڵی نەدا، "دوو ساڵ لەمەوپێش دیوانی "سالم"ی لەدوتوێی دوو بەرگدا، لە ساغکردنەوە و لێکدانەوەی باوك و برا، لەلایەن بنکەی ژین بڵاوکرایەوە".

مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، لەژیاندا چوار ژنی هێناوە، خۆی و شانسی هەر چوار خێزانەکەی نێویان "ئامینە" بوو. ئەو، بەشێکی ژیانی لە بەغدا بەسەربرد و لەوێدا مرد، لە گۆڕستانی شێخ عەبدولقادری گەیلانی ئەسپەردەکرا، لەنێو گۆڕستانێکی سیخناخ لە گۆڕ، مردووی سەدەکانی پێشوو و ئێستا دۆستی خاکین. ئەوان دەڵێن: نەهێنانەوەی گۆڕی مەلا عەبدولکەریم کارێکی چاك و گونجاوە، لەوێدا لەنێو هەزاران گۆڕدا بزردەبێ. بەڵام، ئەگەر، جەستەکەمان گەڕاندبوایەوە هەورامان و لە بیارە بە خاکمان سپاردبا، ئێستا کرابووە شوێنێکی پیرۆز، مەرقەد و زیارەتگا دەبوو، بەبەردەوامی خەڵکی سەردانی گۆڕەکەیان دەکرد. ئەڵبەتە ئەمەیان بەکارێکی باش و گونجاو نەزانیوە.

شیرین خانم، هاوژینی کاکە حەمە، هاوژین و هاوڕێ و دڵسۆز و خەمخۆری تەواوی هاوژینەکەیەتی، هەمیشە لەدەوریدا دێ و دەچێ، دەخوازێ هاوژینەکەی قسە بکات و ئەو بۆی جێبەجێ بکا. تەنانەت لە قسەکردنیشدا زانیاری وەبیردەهێنێتەوە و یادەوەرییە هاوبەشەکان دێنێتەوە هەزری هاوژینەکەی قسەکانی بۆ تەواو دەکا.

ئەو پیاوە زمان زانە، ساڵی (٢٠٠٩) سەکتە لێیدەدا و ساڵی (٢٠١٣) سەکتە لێی دەداتەوە و تەندروستی بەرەو خراپتر دەبا، بەجۆرێ توانای هەستان و ڕۆیشتنی نامێنێ، هاوکات، نەخۆشی شەکرە و بڕبڕەی پشت –فەقەڕات-، هەڵکشانی تەمەنی زیاتری ماندووی دەکا و تاڵی ژیانی وەك مەی پێدەنۆشێ.

شیرین خانم، کاکە حەمە هاوکاری و دەستگیرۆیی زۆر گەنجی تازە پێگەیشتووی کوردی کردووە، خەڵکانێکی زۆر، دەهاتنە ماڵ و داوایان لە محەممەد دەکرد، چاو لە نووسینەکەی بکات و پێداچوونەوەی بۆ بکا، یا پێشەکی بۆ بنووسێ، یا داواکارییەکی دیکەی هەبوو.

ئەو ڕۆژنامەوانە ئەزموونداره، پەیوەندی دەگەڵ نووسەران و وەرگێڕە دیارەکانی کورددا هەبووە، تەنانەت لەکۆڕی زانیاری کورددا، پێوەندییەکانی زیاتر لەسەر بنەمای نووسین و بڵاوکراوە بووە، یەکێك لەو کەسانەی قسەی لەبارەیەوە کرد، مەسعوود محەممەد بوو، ئەو وتی: پەیوەندیمان لەگەڵ مەسعوود محەممەد باش بوو، یەکترمان خۆش دەویست، ئەگەرچی لە بیروباوەڕ و ئایدۆلۆژیا جیاواز بووین. ئەو، مرۆڤێکی خوێندەوار بوو، تێگەیشتوو بوو، خوێنەرێکی کارا بوو، کارکەرێکی بەتوانا بوو، بەیانیان دەهاتە کۆڕی زانیاری کورد، تا ئێوارە درەنگ دەمایەوە، تا ئەوکاتەی کاری تەواو دەبوو. مەسعوود محەممەد شتێکە، دەتوانی قسەی یەکلایی کەرەوە بکا.

مەسعوود محەممەد، قسەخۆش بوو، کەیف ساز بوو، ئەگەرچی زیاتر لەماڵەوە بوو، دەیخوێندەوە و دەینووسی، کەمتر دەهاتە دەرەوە، لە ماوەی هاوڕێیەتیماندا جارێك سەردانی کردووم، لە

ماڵەوە.

ئەو پیاوە باسەوادەی ساڵی (١٩٣١) لە بیارە لەدایک بوو، "لە هەورامانەوە بۆ لای شارەزوور و خەرمانی شیعری نالی و لەوێشەوە بۆ لای سلەیمانی و ئەوینی شاخی گۆیژە -تێکستە شیعری شێرکۆ بێکەس-" ئەو مرۆڤە مرۆڤ دۆستەی هەشت ساڵ ڕووبەڕووی نەخۆشی وەستایەوە، لەباسی دەنگۆی دۆزینەوەی گۆڕی شاعیری بیری نەتەوایەتی ناسیۆنالیستی حاجی قادریی کۆیی، فرمێسک بە چاوانیدا هاتەخوار و وتی توخدا ئەو ئێسک و پروسک و خاك و خۆڵەی بگەڕێننەوە نیشتیمان، چونکە تا لە ئاوارەییدا دەژیا، حەزی دەکرد بگەڕێتەوە کوردستان، بەمشێوەیە کۆتایی بە قسەکانی هێنا. دوا دیداری ژیان و مانەوەی لە ژینەدا، دوازدەی ئازاری ئەمساڵ بوو.